برایم زۆرباش لە سلێمانییەوە.. جوتیار مەلا رەئوف

کاتێک لە کەنگرە ڕۆژنامەوانیەکەی؛ گوتم لە قسەکانی شاسوار عەبدولواحید گرت کە پێکهێنانی دوو هەرەمی وەک بژاردەیەک خستە ڕوو و لە هەمان کەنگرەدا گوتی دژی لەتکردنی هەرەمیشە، ئێکاورەک کارەکتەری (برایم زۆباکی) عەزیز نەسینم هاتووە بیرو پێش چاو، برایم زۆباک هەوڵی دەدا بووە نفووز پەیدا بکات کە خێک وا تێبگەیەنێت لە پشت قسەکانی هەزەکی مەزن هەیە و دەستی بە هەموو ناوەندەکانی بەیار دەگات، توانای هەموو ئاوگرەکی لە دەستداتی شارەوانیەکاندا هەیە و دەتوانێت هەرکەسەکی بیەوێت دایبنێتوو لای ببات، من هەمان ئەو کارەکتەرە لە قسە و هەڵسوکەوتەکانی شاسواردا دەبینم، لە کاتێکدا ئەو هەشتا لە سلێمانی نەیتوانیوە دەستداتی خەی لە گوندی ئێمانیدا یەکلابکاتەوە، کەچی بە پشتبەستن بە هەزی هاوپەیمانێتیەکەی لەگێ یەکێتی، وا قسە دەکات کە گوایە دەتوانێت هاوسەنگیی هەز لە هەولێر و دهۆک بە زیانی پارتی و مالی بارزانی بگێت، کە من پێم وایە خەیاڵی هەزی ئەو بانگشەیە بەراستی زۆر دەنکیشتانێیە.

بە بەچوونی من، شەرمەزاریی ئەو هەوەستە لە ڕووی نیشتمانییەوە لەوەدایە کە چارنووسی هەرەم دەخاتە ناو مامەڵەیەکی تەواو حیزبی و بەرژەوەندی کەسییەوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا بافڵ تاڵەبانی لە هەڵەشەی دابەشکردنی هەرەم دەستی بە دانوستاندن لەگێ پارتی بەهێزتر دەبێت؟، ئایا شاسوار بەو هاوپەیمانییە لە ملمڵانێی دوو حیزبی دەستاتدا دەتوانێت شوێنێک بە خەی بکاتەوە؟، ئەدی ئەو بەشەی خەکی سلێمانی کە پشتیوانیی ئەو هەوەستە دەکەن، ناپرسن لە بەرامبەرئەوەدا چی بەدەست دەهێنن؟ ئەگەر سبەی بافڵ تاڵەبانی و پارتی لەسەر پەست و دەستات ێک بکەون، لەو بانگشەیەی جیاکردنەوەی هەرەمی سلێمانی و دوو لەتکردنی کوردستان چی بە خەکی سلێمانی بەدەست دێنێت؟

من پەموایە شاسوار و پشتیوانانی ئەو هەوەستە دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، کە بەچی خەکی سلێمانی دەبێت چارنووسی سیاسیی خەیان وەهەویستە نیشتیمانیاکانیان بە سەرکەوتنی بافڵ تاڵەبانی لە ملمڵانێ لەگێ پارتی و مالی بارزانیدا ببەستنەوە؟ بە دڵنیاییەوە مەژوو لە وانە دەپرسێتەوە کە چییان بە خەکی سلێمانی بەدەست هێنا و بە بەدەستهێنانی چی ئامادە بوون تانانێت یەکپارچەیی هەرەمیش

بخەنە سەر مەزی مامۆستاکردنەوە، ئەگەر دەستکەوتەکە چەند پەست و دەسماتەکی زیاتر بە هاوپەیمانیەتیەکەی ئەو دوو هێزە بێت، ئەوەی بەیان دەمێنێتەوە تەنها و تەنها شەرمەزاری و ئیحراجیەکی سیاسیە لە بەرامبەر مەژوودا.

جوتیار مەلا رەئوف

یادەوەریەکانی سیاسیەکان؛ لە ئاشکراکردنی ئابردووەوە تا پرسیاری مێژوو.. جوتیار مەلا رەئوف

بیرەوەریەکانی (دکتۆر مەحمود عوسمان)یش کەوتنە ناو کتێبخانەی کوردیەوە؛ بەڵام پێم وایە زیادبوونی کتێبێکی تر بە ئەرشیفی مێژوی یادەوەریە سیاسیەکان، بەخێی هیچ گۆڕانێک لە ئاسەی داهاتووی ئەو کەمەگایەدا پێک ناهێنێت، بەهای سیاسی ئەو جۆرە بەرهەمانە بەوە ناپێورێت کە چەند نهێنی ئاشکرا دەکەن، بەڵکو بەوە دەردەکەوێت کە تا چەند دەتوانن ئابردوو بخەنە بەردەم ڕەخنە، بەرپرسیارێتی دیاری بکەن و ببنە هۆی پێداچوونەوە بەو ئەزموونە سیاسیەی کەمەگای کوردی گەیاندووەتە ئەو دەخە.
وەک یادەوەریی زۆرێک لە سەرکردە و کادیر و نووسەر و ڕۆژنامەنوسوو هونەرمەندو هەستووانی سیاسی، ئەو یادەوەریانەش ڕەنگە بە ماوەیەک ببنە ناوەندی مشتومە و گرژیی نێوان لایەنەکان، هەر لایەنێک ئەو بۆشانەی بە سوودی خێی و بە زیانی ئەکابرەکەی دەبینێت و وەک بەگەی مێژوویی بەرز دەکاتەوە؛ بەرامبەر ئەو بۆشانەی بەرپرسیارێتی دەخەنە ئەستەی خێی، بە ناڕاستی و لایەنگری و تانانەت ساختەکاری ناوزەد دەکات، لەناو ئەو بازنەیەدا، ڕاستی بە پووری بەگە هەناسەنگێندرێت، بەڵکو بە پێی پگەی حیزبی و بەرژەوەندیی سیاسی بۆهای پەدەرێت؛ مێژووش لە مەیدانی تگەیشتنەوە دگوازرێتەوە بە سەنگەری ململانێ، ئەوەی لەو یادەوەریانەدا ڕەنگ

وەک دانپێدانان بخوێندرێنەوە، دەتوانێت هەندێک لایەنی شاراوەی مێژووی سیاسیی کورد وکەمێنگاکەی ڕوون بکاتەوە، بەڵام دانپێدانان، ئەگەر لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتی و ڕەخنەی خودیی دابڕێت، تەنها ببێتە شێوەیەکی نوێی بێتاوانکردنی خۆ و تاوانبارکردنی ئەوانی تر، هەر گەڕانەوەیەک، تەنانەت ئەگەر لە زاری شایەتێکی ناو ڕووداوەکانیشەوە بێت، پێویستی بە بەراوردکردن و هەڵسەنگاندن هەیە؛ چونکە یادەوەریی تاک، بە هەموو گرنگییەکیەوە ناتوانێت جێگەی مێژووی ڕەخنەیی بگرێتەوە.
پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، ئایا ئەو ئاشکراکردنانە یارمەتیمان دەدەن لە میکانیزمەکانی دەسەڵاتداریەتی، لە شێوازی بەیاردان و تێگەیشتن لە هەڵکارەکانی دووبارەبوونەوەی شکستەکان، یان تەنها ناوی بەرپرسان دەگۆڕن و هەمان کولتووری سیاسی بەجێ دەهێڵن؟ ئەگەر قوربانییەکان هەر لە پەراوێزدا بمێننەوە و مافی کەمێنگا بە زانینی ڕاستی و لێپرسینەوە پشتگوێ بخرێت، ئەوا زەربوونی یادەوەری و چیرۆکەکان بە مانای پشکۆتنی هەشیاریی سیاسی نایەت، لەوەوە، ترسەکە ئەوەیە ئەو یادەوەرییانەش تەنها سەرپێشی مەنهەجێکی تری مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی هەبدەنەوە؛ بە ئەوەی بگەنە کەبووکەی بە ماوەیەکی تر کاس و گێژمان بکات، بە ئەوەی ئیرادەیەکی سیاسی بە پاککردنەوەی سەرچاوەکەی پێک بێت، کەمێنگا تەنها بە بیستنەوەی چیرۆکی هەڵە و ساتوسەوداکانی ڕابردوو پێش ناکەوێت؛ پێویستی بەوە هەیە ئەو زانیارییانە بکاتە هەشیاریی گشتی و ئەو هەشیاریەش بگەڕێت بە داواکاریی لێپرسینەوە و ئاوگەیی ڕیشەیی.
بەو دیدگا ڕەخنەییەوە، حوکمی کۆتایی لەسەر کتێبێک نادەم کە هەشتا نەمخوێندووەتەوە؛ ئەو چەند دێڕەی لێرە نوسیومە، پرسیارە لە ڕێگە و سنووری یادەوەریی سیاسی لە کەمێنگای ئەمەدا، هیوادارم بتوانم زوو کتێبەکەی بەڕێز دکتۆر محمودم دەست بکەوێتوو بیخوێنمەوە.

جوتیار مەلا ڕەئوف

هەڕەشە و خۆکوشتنکی سیاسی چاوەڕوانکراو.. جوتیار مەلا رەئوف

لە ٢٥ی ئابی ٢٠٢٦دا، مەزڵوم عەبدی ڕایگەیاند کە ئەرکی هێزە دیموکراتیکەکانی سوریا – هەسەدە – کۆتایی هاتووە و ئەم هێزە وەک هێزێکی سەربازیی سەربەخۆ هەڵدەوەشێتەوە و هێزەکانی لە چوارچێوەی سوپای سوریا دەکەدخرێنەوە. ئەمە تەنها گۆڕینی ناوی هێزێکی سەربازی نییە؛ بەڵکو کۆتایی قۆناغێکە کە تێیدا کورد و هاوبەشەکانی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا، بە دەستی خۆیان هێزی سەربازی، دەسەڵاتی کارگێڕی و بەشێکی گرنگ لە سەرچاوە ئابووریەکانی ناوچەکەیان بەڵاوە دەبرد.
من پەموایە ئەگەر سیاسەت بریتی بێت لە پاراستنی دەسکەوت بە هەمان ئەندازەی بەدەستهێنانی، ئەوا ئەوەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ڕووبدا دەتوانرێت بە خۆکوشتنکی سیاسی لە ژێر فشار ناوزەد بکرێت. خۆکوشتن، نە بەو مانایەی کە هەسەدە هیچ فشارێکی لەسەر نەبوو؛ بە پێچەوانەوە، لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا هێزەکانی دەسەڵاتی دیمەشق بە خڕایی بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدەیان گرت و بژاردەکانی کورد زۆر سنووردار بوون. بەڵام جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لە نێوان پاشەکشەی سەربازی و هەڵوەشاندنەوەی سەرمایەی سیاسی و دامەزراوەیی.
ڕێککەوتنەکەی دیمەشق و هەسەدە تەنها داوای دانانی چەک ناکات، بە پێی دەقە بەناوکراوەکە، دەسەڵاتی ناوەندی کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان، کێڵگەکانی نەوت و گاز و دامەزراوە مەدەنییەکان وەردەگرێت؛ هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی هەسەدە بە شێوەی تاکەکەسی دەخرێنە ناو وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ، و بەرپرسیارێتی زیندان و کەمپەکانی داعشیش دەگوازرێتەوە بۆ دەوڵەت، بە واتایەکی تر، ئەو سێ پایە سەرەکییەی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی (چەک، خاک و سەرچاوەی ئابووری) بە شێوەیەکی زۆر فراوان دەدرێنەوە بە دیمەشق.
بەرامبەر ئەو هەموو دەستبەرداربوونە، دیمەشق بە فەرمانی ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٢٦ ناسنامەی کوردی و مافی کولتووری و زمانی دانپێدانراو کرد، هاووڵاتیبوونەوەی ئەو کوردانەی پێشتر بێناسنامە بوون دابین کرد و نەورۆزی کردە پشووەکی فەرمی، بەڵام وردەکارییەکە زۆر گرنگە، زمانی کوردی وەک (زمانێکی نیشتمانی)

ناسێنراوە و لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەتوانرێت وەک وانەی هەڵبژاردەیی یان چالاکیی کولتووری بخوێندرێت؛ ئەوە هەشتا یەکسان نییە بە دانپێدانانی دەستووری و سیاسی، پارلەمانی هەرەمی یان دەسەڵاتی جیاجیکردنی خاجیی.
لێرەدا مەژوو پرسیارێکی تاڵ دەخاتە بەردەممان..
لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا، حکومەتی بەعسی عێراق و بزووتنەوەی ناسیۆنالیسمی کوردی بە سەرکردایەتی مەلا مستەفا بارزانی گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە مافی نەتەوەیی، زمانی، فەرهەنگی و بەشداریی سیاسیی کوردی لەخۆگرتبوو، چوار ساڵ دواتر، هەرچەندە بەعس یاسای ئۆتۆنۆمی بە شێوەی تاکلایەنە دەرکرد و کوردیش بە هەی کەشە بنەڕەتییەکان ، بە تایبەتی کەرکووک و سنووری هەرەمی ئۆتۆنۆم ، ڕەتی کردەوە، بەڵام خودی یاساکە هەشتا شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشمان پێ دەڵێت، (ناوچەی کوردستان) وەک ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم ناسێنرا، زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبیدا زمانی فەرمی بوو، ئەنجومەنێکی یاسادانان و ئەنجومەنێکی جیاجیکردن بۆی دیاری کرا.
ئەوە بە هیچ شێوەیەک سپیکردنەوەی مەژووی بەعس نییە، هەمان ڕژێم دواتر سیاسەتی عەرەباندن، شەڕ، کۆمەڵکوژی و ئەنفالی لە دژی کورد جیاجیە کرد، هەروەها ڕێککەوتنی ١٩٧٠ لەسەر پرسی کەرکووک و ناوچە جیناکۆکەکان شکستی هێنا و لە ١٩٧٤دا شەڕ دووبارە دەستی پێکردەوە، بەڵام بەراوردە مەژووییەکە لێرەدایە، تەنانەت دەوڵەتێکی ناوەندگەرای دیکتاتۆری وەک بەعس ناچار بوو لە قۆناغێکدا قسە لە ئۆتۆنۆمی، دامەزراوەی یاسادانان و دەسەڵاتی جیاجیکردنی کورد بکات؛ کەچی کوردی سوریا دوای زیاتر لە دە ساڵ خاوەندارێتی هێزی سەربازی و دامەزراوەی خاجیی، ئەمە بە مافی زمان و چەند پێستەکی حکومی گەڕاوەتەوە بۆ ناو دەوڵەتێکی ناجێگیری ناوەندی.
لەوە ڕوانگەیەوە، قسەکە لەسەر ئەوە نییە کە هەسەدە دەبوو تا دوا شەقان بجەنگێت، هیچ سیاسەتێکی عاقڵانە نابێت ژیانی خەڵک بکاتە قوربانیی دروشم. ئەگەر هاوسەنگی هێز گەڕابوو، ئاگربەست و تەنانەت یەکخستنەوە لەگەڵ دەوڵەت دەتوانرا بێتە بژاردەیەکی واقیعی، بەڵام هەسەدە دەیتوانی جیاوازی لە نێوان یەکخستن و خەڵەوشاندنەوە دروست بکات، یەکخستنێک بەرامبەر بە دەستوورێک کە بوونی سیاسیی کورد، دەسەڵاتی ناوخۆ، پاڵیسی خاجیی، پەروەردە بە زمانی کوردی و دامەزراوەی هەبژێردراو بپارێزێت؛ نە ئەوەی یەکەم هەموو کارتکانی فشار بدات و دواتر چاوەڕێی بەڕێنی دیمەشق بێت.
لە هەمان کاتدا، فاکتەری تورکیا ناتوانرێت لە هاوکێشەکە دەربکرێت، ئەنقەرە بەردەوام داوای هەڵوەشاندنەوەی هەسەدەی کردووە و دوای ڕاگەیاندنی ٢٥ی ئاب، پارتی دەسەڵاتداری تورکیا بە ئاشکرا

پشوازی لە هەنگاوەکە کرد و بە (قناغێکی گرنگ) بە یەکێتی سوریا ناوی برد. تورکیا هەشتا هەزاران سەربازی لە باکووری سوریا هەیە و دیمەشقیش لە دوای ڕووخانی ئەسەد پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ ئەنقەرە دروست کردووە.

لە ناو ئەم هاوکێشەیەدا هێزی تەم باراکیش جێی سەرنج، باراک باڵیزی ئەمریکایە لە تورکیا و نەردراوی تایبەتی سەرکایەتی ئەمریکا بۆ سوریا و عێراق، و واشنتن هێکگۆتنەکەی بە (هەنگاوێکی مێژووییی) ناوبردووە، لە هەڵسەنگاندنی سیاسییدا باشترە بڕگە لەسەر کردار و هەڵوێستی بخرێتەڕوو نەک ناولێنان، ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە ئەنجامی پرسەکە (یەک دەوڵەت، یەک سوپا و کۆتایی هێزی سەربەخۆی هەسەدە) بە شێوەیەکی بەرچاو لەگەڵ ئەو داواکارییە ستراتیژییانەی تورکیا یەکدەگرێتەوە کە ساڵانێکە لە سوریا پەداگریان لەسەر دەکات.
پێش هەموو شتێک، ئەم ئەزموونە جارێکی تر ئەو وانە کۆنەی مێژووی کورد پشتڕاست دەکاتەوە، پشتبەستن بە پارێزگاریی هێزە گەورەکان جگرەوەی گەرەنتیی سیاسی و دەستووری نییە، هەسەدە یەکێک بوو لە گرنگترین هاوبەشەکانی ئەمریکا لە شەڕی دژی داعش؛ بەڵام کاتێک بڕژەوەندییە هەرەمایەتی و نەوەوەتییەکان گەڕان، هاوسەنگی هێزیش گۆڕا، ئەوە یەکەم جار نییە کورد لە مێژوودا ئەو وانەیە بە نرخێکی گران فێر دەبێت.
بۆیە من پێموایە، شکستی هەسەدە تەنها لەوەدا نییە کە هێزێکی سەربازی هەڵوەشایەوە، شکستە گەورەکە ئەوەیە کە هێزێک کە خاک، چەک، سەرچاوەی ئابووری، دامەزراوە و پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی هەبوو، نەیتوانی ئەو سەرمایەیە بگۆڕێت بە مافێکی دەستووری و دامەزراوەیی نەگۆڕ.
لە سیاسەتدا، هەندێک جار پاشکشە پاراستنی خەتە؛ بەڵام کاتێک پاشکشە دەگاتە ئەوەی هەموو ئامرازەکانی دانوساندن بدەیت و بڕامبەر بە بەرەن و مافی کولتووری چاوەڕێی داهاتوو بیت، ئەوا ناوی (سازش) بە تەنها بەس نییە.
ئەگەر مێژوو هێژێک حوکم لەسەر ئەو بەیارە بدات، لەوانەیە پرسیارەکە ئەوە نەبێت (بۆچی هەسەدە جەنگی نەکرد؟
بەڵکو ئەوە بێت، بۆچی پێش ئەوەی دەستوور و دامەزراوەی سیاسیی کورد گەرەنتی بکرێت، هەموو کارتەکانی هێزی خۆی لەسەر مێز دانا؟ لەوەیە کە وشەی (خۆکوشتنی سیاسی) مانای خۆی وەردەگرێت.

جوتیار مەلا ڕەئوف

لە نێوان پەیامی درێن و ئاشتەوایی‌دا.. جوتیار مەلائوف

.

هەرشی درێنی بە سەر نووسینگەی مەسرور بارزانی نابێت تەنها وەک هووداوەکی ئەمنی بخوێندرێتەوە، لە ناوچەیەکدا کە درێن و مووشەک بوونەتە زمانێکی تازەی پەیام ناردن، زەرجار گرنگتر لەوەی (بە چی لەدرا؟) ئەوەیە بپرسین بۆچی ئەو شوێنە لەدرا و پەیامەکە بە کێ بوو؟.
ئەگەر هەرشەکە لە بازنەی ململانێی ئێران و ئەمریکادا بخوێنینەوە، ئەوا هەڵبژاردنی نووسینگەی سەرەکی حکومەت و دامەزراوەیەکی هەستیار لە بواری ئاسایشدا بە هێکەوت نایەتە بەرچاو، ئەوە زیاتر لە هەرشەک کە بە سەر باڵەخانەیەکە، هەرشەکە بە سەر ناوەندی بڕیار و دەستەڵاتی سیاسی.
پەیامەکە دەتوانێت ئەوە بێت، کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت خۆی لە گەڵانکاریی گۆڕەکانی ناوچە بە تەواوی دوور بگرێت، نزیکی هەولێر لە واشنتن، بوونی ئەمریکا لە هەرێم، پەیوەندییە ئەمنییەکان و بووني گرووپە ئەپۆزسیۆنە کوردیەکانی دژەهەوڵات، هەمووی وای کردووە کوردستان لە چاوی تاران تەنها دراوسێیەکی ئارام نەبێت، بەڵکو شوێنێک بێت کە لە کاتی قەیراندا دەتوانێت بەشێک لە هاوکێشەو فاکتەری فشار لەسەر ئێران بێت.
بەڵام لەرەدا پەیوستە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەست پێ بکرێن، هاوبەشیبوونی ئەمریکا شتێکە، بڕشداربوون لە جەنگی دژ بە ئێران شتێکی ترە، تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی هوون نییە کە هەرێمی کوردستان بڕیاری دابێت خاکی کوردستان بکاتە پلاتفۆرمی هەرشی ئەمریکا یان ئیسرائیل بە ناو ئێران، بە پێچەوانەوە، هەرێمی کوردستان لە ساڵانی ڕابردووەدا هەمیشە هەوڵی داوە هاوسەنگییەک لەنێوان پەیوەندیی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکا و پەیوەندیی ناچارکراوی جوگرافی لەگەڵ ئێراندا بپارێزێت.
ئەو هاوسەنگییە لە دەرەوە هەنگە وەک دووديەک دیاربێت، بەڵام لە ڕاستیدا لەژیکی مانەوەی قەوارەیەکی بچووکە لەنێوان هێزە گەورەکاندا، کوردستان ناتوانێت ئەمریکا پشتگوێ بخات؛ چونکە

واشنتن هشتا بۆ ئاسایش، پشمەرگە، هاوکاریی نێودەوڵەتی و هاوسەنگیی ناوخۆی عێراق گرنگە، بە هەمان شێوە، ناتوانێت ئێران وەک دراوسێیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ بکات؛ چونکە تاران توانای مووشەکی و درێنی، کاریگەریی سیاسی لە بەغدا و پێوەندی و کاریگەری زۆری لەسەر هەزە میلیشیانکانی ناو عێراق هەیە.
بۆیە کۆشکی سپیکیی کوردستان ئاوڕ نیە کە (لەگەڵ ئەمریکا بێت یان لەگەڵ ئێران)، ئاو پرسیارە لە بنەڕەتدا هەڵەیە، پرسیارە دروستەکە ئاوەیە، چۆن کوردستان دەتوانێت لەگەڵ ئەمریکا بمێنێتەوە، بەبێ ئاوەی ببێتە بەرەی پشێوەی جەنگ دژ بە ئێران؟
بە بۆچوونی من دواهەمین هەرشی درێنیی، بەرپرسیارێتیەکەی هەر لایەن و گروپێک بێت، یەک ئاگادارکردنەوەی سیاسیی زۆر ئاوونی هەیە، کە ئاویش کوردستان بە خەرایی لە(دەرەوەی بازنەی قەیرانی جەنگاوە دەخاتە ناو بازنەی قەیرانی جەنگ)، کە ئاوێش بەهەرەمی کوردستان زۆر مەترسیدارە، چونکە کاتێک هەرەم دەبێتە شوێنی ناردنی پەیام لەنێوان تاران و واشنتن، ئاوا بەیارەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان چیتر تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ناوخۆیی ناخوێندرێنەوە؛ هەر هەنگاوێک دەتوانێت لەلایەن یەکێک لە هێزە گەورەکانەوە بە نیشانەی نزیکبوونەوە لە لایەنی بەرامبەر تەفسیر بکرێت.
ئاو هەمان شتە کە لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا بە (هەڵەی هەژمارکردن) دەناسرێت، زۆرجار جەنگاکان لەوەو دەست پێ ناکەن کە هەموو لایەنێک جەنگیان دەوێت؛ بەڵکو لەوەو دەست پێ دەکەن کە هەر لایەنێک جۆرەی ئاوی تر بە هەڵە دەخوێنێتەوە، لەبەر ئاوە هەرەمی کوردستان پێویستی بە سیاسەتێکی زۆر ئاونتر هەیە، خاکی هەرەم نابێت بە هەرشی هیچ لایەنێک دژ بە دراوسێکان بەکاربهێنرێت، هەروەها هیچ دراوسێیەکیش نابێت مافی ئاوە بە خۆی بدات کە هەرەم بە ناوچەی نفوز یان مایدانی هەڵەشەی خۆی بزانێت.
کوردستان لەو قۆناغەدا پێویستی بە دڵێری وداستان و جەنگ نیە؛ پێویستی بە دڵێری و داستانی دیپلۆماسی و عەقڵی سارد هەیە، بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان لەوەدایە ئاو هێزی هاوسەنگیە بپارێزێت لە نێوان ئەمریکاو ئێراندا.
ئەگەر پەیامی هەرشەکە ئاوە بووبێت کە (ئەمە دەتوانین بگەینە هەوڵێر)، وەڵامی سیاسیی هەرەمی کوردستان نابێت تەنها داواکردنی زیادکردنی چەک و پەداویستیەکانی خەپارێزی بێت، بەڵکوو وەڵامی ئاستەقینە ئاوەیە کە کوردستان نە بنکەی هەرشە بە سەر دراوسێکانی، نە حەوشەی پشتەوەی هەر هێزێکی ناوچەیی؛ بەڵکو قەوارەیەکی سیاسییە کە بەرژەوەندیی خۆی لە ئارامی، هاوسەنگی و دوورمانەوە لە جەنگی

بە وەکالەتدا دەبینێت، چونکە هەندیک جار لەو ناوچەی ئەمەدا، مانەوە خەی لە خەیدا گەورەترین دەسکەوتوو سەرکەوتنی سیاسییە.

جوتیار مەلائوف

پۆپۆلیزمی قەیرانساز.. جوتیار مەلا ئوف

ئەوجەری گوتارەی لەو ماوەیەدا لەلایەن شاسوارەبدولواحید و وتەبێژەکەیی و میدیا و نوسەرو رۆژنامەنوسەکانیان و هەندێک لایەنی تری بە ناو ئۆپۆزیسیۆن وهەتا بەشێک لە سەرکەردەکانی یەکیەتی و پاڤە تاڤەبانیش پشکش دەکرێت، زیاتر لەوەی هەڕەگری بەرنامە و دیدگایەکی سیاسیی بەرپرسانە بێت، هەوڵێکە بە دروستکردنی ترس، دڵەڕاوکێ و گومان لەناو کەمەڵگەی کوردستاندا، کاتێک ناکۆکییەکی حزبی یان گفتوگۆیەکی سیاسی بە «مەترسیی لەناوچوونی قەوارەی هەرێم» دەفرۆشرێتەوە بە خەڵک، ئەوە ناجێتە ناو چوارچێوەی هەشداریەکی نیشتمانی؛ بەڵکوو بازرگانی کردنێکی ڕوونە بە نیگەرانی و هەستی خەڵک و کەمەڵگا، قەوارەی هەرێمی کوردستان موڵکی هیچ حزب و سەرکردەیەک نییە، تا مانەوە یان لەناوچوونی بە جەبەجەکردنی داواکاریەکانەوە بەستراو بێت، قەوارەی هەرێم بە خوێن، قوربانی، ئاپۆیین و خەباتی چەندین نەوە لە خەڵکی کوردستان دروست بووە؛ نە بە میکرۆفۆنی حزبێک و نە بە شانەی میدیایی کەسێک، هیچ سەرکردەیەک مافی ئەوەی نییە ئەو مێژوو و قوربانییە بکاتە کارتێکی فشار و هەر جارێک کە داواکارییە سیاسییەکانی جەبەجە نەکران، هەڕەشەی لەناوچوونی هەرێم بخاتەوە بەردەم خەڵک.

لە ئەدەبیاتی سیاسیی هاوچەرخدا، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە بە وە) کە Crisis-performing populism(«پۆپۆلیزمی قەیرانساز» ناسێنراوە، کە کاراکتەری سیاسی ناکۆکییەکی ئاسایی چارەسەرهەڵگر بە شەوێکی قەیرانماوی، قوڕ و ریشەیی پیشانی خەڵکو کەمەڵگا دەدات، مەترسیەکە بە هیچ هەکارێک گەورە دەکاتەوە، خەڵک دەترسێنێت و پاشان خەی وەک تاکە ڕزگارکەر و چارەسەر دەخاتەوو.

ئەوەی لە هەندێک گوتاری سیاسیی ئێستای کوردستاندا دەبینرێت، تا ڕادەیەکی زۆر هەمان شێوازە، هەر ناکۆکییەکی حزبی بە قەیرانێکی نیشتمانی ناودەبرێت، هەر داواکارییەکی حزبی وەک مەرجی مانەوەی هەرێم پێشان دەدرێت و هەر ڕەتکردنەوەیەکیش بە هەڕەشەیەک بۆ چارەنووسی کەمەگا هەژمار دەکرێت، ئەوە سیاسەتکردنێکی بەرپرسیارانە نییە؛ بەڵکو ئەدای بەرهەمهێنانی قەیرانە، هەوەدانە بۆ ئەوەی خەڵک لە ژێر فشاری ترسدا مل بۆ داواکاریی سیاسی بدەن و بۆ بەرنامەیی و شکستی حزبی بە قەیرانێکی نیشتمانی دابپێشرێت.

ئەگەر هەر بزوتنەوەیەک، حیزبێک، سیاسیێک، یاخود پەرلەمانتارێک بەگەی یاسایی، دەستوری یان نەودەوەتییان هەیە کە نیشان بدات قەوارەی هەرێم لە مەترسیدایە، دەبێت بەگەکانیان بە ڕوونی و بە شێوەیەکی فەرمی بخەنە بەردەم ڕای گشتی، بەڵام ئەگەر هیچ بەگەیەک لە ئارادا نییە و تەنها بانگەشەی بکەڕێک وبە ناوەڕۆک، کە تەنها وەکوو هەڕەشەی ناڕوون و سیناریۆی ترسناک بەکار دەهێنرێت، ئەوا ئەم گوتارە هیچ ناوەک و هەشداریێک هەڵناگرێت؛ بەڵکوو تەواو پێچەوانەکی قەیرانسازو و بە بەرپرسیارانەیە لە بەرامبەر ژیان و هەستی خەڵکدا.

خەڵکی کوردستان هیچیتر توانای ئەویان نەماوە هەر ڕۆژەو کەسێک بە ناوی ڕزگارکردنیانەوە بێتە بەردەم مایکەکان و بە ئارەزوی مزاجی سیاسی خۆیەوە بیانترسێنێت، خەڵک بێزار بووە لەوەی بازرگانە سیاسیەکان بەجێی بەرنامە، هەڕەشە پێشکەش بکەن و بەجێی چارەسەر، قەیران دروست بکەن؛ بەجێی بەگە، بە هەست و نیگەرانیی خەڵک یاری بکەن.

خەڵک لە دروشمی بەتاڵ و شانۆی میدیایی بێزار بووە، ئەوان دەزانن پۆپۆلیزم هیچ نەخۆشخانەیەک دروست ناکات، هیچ قوتابخانەیەک چاک ناکات، مووچە دابین ناکات، بێکاری چارەسەر ناکات و هیچ گەنجێک لە کۆچکردن ناگەڕێنێتەوە.

پۆپۆلیزم تەنها دەنگ بەرز دەکاتەوە، بەڵام دەستی بە چارەسەر ناگات. تەنها قەیران دەفرۆشێت، بەڵام هیچ بەرنامەیێک بە دەرچوون لە قەیران پێشکەش ناکات. بەرهەمی ئەم جۆرە گوتارە زیاترکردنی ترس، دابەشبوون، بێهیوایی و لاوازکردنی متمانەی خەڵک بە دامەزراوەکانە.

خەڵکی کوردستان پێویستییان بە پۆپۆلیزمی بکەڕێک نییە، پێویستییان بە دادوەرییەکی سەربەخۆ، دەسەڵاتێکی دادخواز، حکومەتێکی بەرپرسیار، پەرلەمانێکی کارا و یاسایێکی یەکسان هەیە، خەڵک خزمەتگوزاری، مووچە، ئاسایش، دادپەروەری و ژیانێکی شایستەیان دەوێت؛ نە بازرگانێک یان سیاسیێک کە خۆی وەک تەنها ڕزگارکەر

پیشان بدات و هەر شتێک کە دژی ئەو بوو بە هەڕەشە بە سەر نیشتمان و ئاسایشی نەتەوە ناوزەد بکات.
کەسێک کە هەموو ناکۆکییەکی حیزبی و دەستکەوتی بە «کۆتایی قۆناغی هەرەم » دەفرۆشتەوە بە کەمەگا، ئەوا بە دڵنیاییەوە ناتوانێت قۆناغی هەرەم بپارێزێت؛ بەکوو متمانەی خەڵک بە مەبەست بە قۆناغ و دامەزراوەکانی لاواز دەکات.
ئەوەی بەڕاستی قۆناغی هەرەم دەخاتە مەترسییەوە، هەڵکردنەوەی داواکاریی حزبێک نییە؛ بەکوو ناکارایی دامەزراوەکان، لاوازیی دادوەری، نەبوونی شەفافیەت، دواخستنی پرۆسەی سیاسی، دەستوەردانی حزبی و بەکارهێنانی دەزگا گشتی و ئەمنییەکانە بە ململانێی سیاسیی.
بە راستی پێویستە ئەو ئەرکی داواکاریی گشتیی بێت ئاگەر هەبێت، دەبێت ئەرکی خەڵکی کوردستان بێت ئاگەر شتێک بە ناوی هەڵوەست هەبێت ، دەبێت داوای دەستە و هەڵکراوەکانی مافکانی مرۆڤ، میدیای سەربەخۆ، هەڵکراوە مەدەنییەکان و هەموو لایەنە بەرپرسیارەکان بێت کە بە بە دواخستن لەو بانگەشانە بکەنەوە و بیانکەن بە ئای گشتی ئازادیی ئادەربڕین مافکی بنەڕەتییە بە هەر ئینسان و گروپێک، بەڵام ئەو مافە شتێک نییە لە بەرپرسیاری جیا بێت، کاتێک سیاسەک، بازرگانێک، نوێنەرایەتیێک و قسەکەرێک بە ناوی قۆناغ، نیشتمان و چارەنووسی خەڵک قسە دەکات، دەبێت بەگەڵ، دەلایل و وەڵامی هووەنی هەبێت.
نابێت ئازادیی ئادەربڕین بکرێتە پەناگەیێک بە بەاوکردنەوەی ترس و دڕاوکە لە ناو کەمەگادا، بکرێتە دەنگ و هەڕەشە و قسەی بە بەگەڵ، هەر کەسێک قەیران دەفرۆشێت، دەبێت لەبەردەم پرسیار و لێپرسینەوەشدا وەڵام بداتەوە.
میدیای بەرپرسیاریش نابێت بە بە پرسیار و پشتاستکردنەوە، ببێتە بەاوکەرەوەی هەر گوتار و بانگەشەیەکی حزبی، ئەرکی میدیا گواستنەوەی ترس نییە؛ ئەرکی میدیا پشکنینی بەگەڵ، دروستکردنی لێپرسینەوە و پاراستنی مافی خەڵک بە زانینی ئاستییە. هووبەووبوونەوە لەگەڵ پێپاڵیزمی قەیرانساز بە هەڕەشە یان تووندوتیژی نابێت، وەڵامی ئەو جارە لە پێپاڵیزم وەڵامەکە بە یاسا، بەگەڵ، لێپرسینەوە، میدیای پیشەیی و هووبەووبوونەوە بە هەوەستی سیاسیی بە سازش.
ئەو پێیامە دەبێت زەر هوون بێت، خەڵکی کوردستان چیتر بە ترساندن بەهەوەناچن، خەڵک لە گوتاری بە بەرنامە، بە کردار و شانەی میدیایی و پێپاڵیزمی بکەک بەزار بوون، خەڵک پشتیوانی بە سیاسی و بازرگان و نوسەرو ئەکادیمیستو پەرلەمانتاری قەیرانساز نییە؛ پشتیوانی بە دادوەر، دامەزراوە و دەسەاتکی دادخواز

هەیە، پەویستییان بە سەرکردەیەک نییە کە بەردەوام خەڵک بترسێنێت و خەی وەک تەنها ڕزگارکەر پیشان بدات؛ پەویستییان بە بەرنامە، بەرپرسیاری و یاسا هەیە، قەوارەی هەرەم بە هەڕەشە، دەنگ و ئەدای قەیران ناپارێزرێت؛ بە دادپەروەری، دامەزراوە، شەفافیەت و ئیرادەی ئازادی خەڵک دەپارێزرێت.

دروستکردنی فۆبیا، بۆ ناوی ترس لەسەر قەوارەی هەرەم !.. جوتیار مەلا ڕەئوف

ماوەیەکە وەکوو هەموو ماوەکانی پەشوو، کەمپەینگای کوردستان جارێکی تر خراوەتە ناو بازنەیەکی بەبنەمای هاشوهوشی سیاسی، ترساندن، گومان دروستکردن و دروستکردنی فۆبیا لە ژێرناوی "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم". ئەو جارە گوتارانە زەرجار لە جیاتی ئەوەی پشت بە زانیاری دروست، دەستوور، واقیعی سیاسی و ئەزموونی حوکمەانی ببەستن، پشت بە سەز، ترس و هەڕچوونی هەستی گشتی دەبەستن، لە دەخەکدا کە هاووەاتی کوردستان لە ژیانی ڕۆژانەدا پەویستی بە مووچە، خزمەتگوزاری، سەقامگیری، کار، کاروباری باشتر، یاساسازی و ڕەکخستنی دامەزراوەکان هەیە، هەوەدان بە ئەوەی کەمپەینگا بەردەوام لە ژێر کاریگەریی ترس و شایعاتدا بهەدرێتەوە، نە خزمەتی هەرەم دەکات، نە خزمەتی یەکگرتووییی خەڵکی کوردستان و نە خزمەتی داهاتوویەکی ڕوونی سیاسیش دەکات.
پرسیارە بنەڕەتیەکە ئەوەیە، ئایا ئەو کەسانەی هەموو جارێک باس لە "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم" دەکەن، ئایا بە ڕاستی خەمی ئەو قەوارەیانە، یان ئەو گوتارە بەکاردێنن بە پاراستنی مەدلەلکی شکستخواردووی حوکمەانی کە چەندین ساڵە کەمپەینگا لەناو ناکەکی، دواکەوتنی هەڵبژاردن، دواکەوتنی پەکهەنانی حکومەت، قەیرانی سیاسی و ململانێی حزبی گیرەدە کردووە؟، ئەگەر خەمیان قەوارەی هەرەمە، ئەوا پەویستە قەوارەی هەرەم لە کەمپەینگای دامەزراوە، یاسا، ڕوونی لە بەڕێوەبردن و شەفافیەتوو حوکمەانی تەندروست بپارێزن نەوەکوو لە کەمپەینگای ترساندن و دروستکردنی هەستی گشتیی و نائارامی ناو کەمپەینگا.

هەرەمی کوردستان لە ڕووی دەستوورییەوە قەوارەیەکی ناسراو و دانپێدانراوە لە چوارچێوەی عێراقی فیدراڵدا، ئەو قەوارەیە، بە قسەی ڕۆژانەی سەرشاشکان و ناو سۆشیالمیدیا و و هەڵمەتی میدیایی دروست نەبووە و بە هەمان شێوەش بە هەڵبژاردنی شێوازی کارگێڕی و حوکمڕانی ناوخۆیی تەک ناچێت، قەوارەی هەرەم لە بنەڕەتدا پێویستە بە مافە دەستوورییەکان، سنووری کارگێڕی، دامەزراوەکان، هێزی سیاسی و توانای بەڕێوەبردن، بەیە ئەو بانگەشەیەی هەر گەڕانکارییەک لە شێوازی حوکمڕانی ناوخۆیی بە "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرەم" ناودەبات، زیاتر نزیکە لە فۆبیای سیاسییەوە تا شیکردنەوەیەکی جدی و یاسایی و لۆژیکی.
ڕاستییەکە ئەوەیە کە کوردستان لە مێژووی هاوچەرخیدا چەندین جار لەبەر ناکۆکیی نێوان هێزە سەرکییەکان تووشی قەیران بووە، ئەو قەیرانانە تەنها باسکی ئەمڕۆ نین؛ بەڵکو بنەمای مێژوویییان هەیە، لە شێوەی ناوخۆی دەیەی نەوەدەکانەوە تا ڕێککەوتنی واشنتن، لە دوو ئیدارەییبوونی ڕابردووەوە تا هاوبەشییەکی ناسەقامگیر لە دامەزراوەکانی هەرەم، کەواتە ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت دووزمان یان دوو ناوچەی نفوز، شتێکی نوێ و داهێنراو نییە؛ بەڵکو ئەو واقیعەیە کە ساڵانێکە لە ژێر ناوی حکومەتێکی یەکگرتوودا بە شێوەیەکی ناوون و نایاسایی کاری پێکراوە.
ئەمە ناڵێت لەوە بترسین کە لە واقیعێکدا پارتی لە هەولێر و دهۆکدا دەسەاڵتی کارگێڕی و سیاسیی فراوانی هەیە و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش لە سلێمانی و ناوچەکانی ژێر کاریگەریی خێیدا دەسەاڵت و نفوزی جیاوازی هەیە، دروستکردنی وێنەیەکی ساختە لە "یەکگرتووییی تەواو" بە تەنها دریەکی سیاسییە و ئەوەی پێویستە، ئەوە نییە ڕاستییەکان بشارێنەوە؛ بەڵکو پێویستە ڕاستییەکان ڕێکبخرێن، یاسایی بکرێن، سنووردار بکرێنو بخرێنە خزمەتی هاووەاتی، نەوەکوو لە خزمەتی ململانێی حزبی و کەسییدا بمێنەوە.
لە چەند ساڵی ڕابردووەدا دەرکەوتووە کە هاوبەشیی نێوان پارتی و یەکێتی زەرجار لەسەر بنەمای بەرنامەی حوکمڕانی و پڕۆژەی دامەزراوەیی نەبووە؛ بەڵکو زیاتر هاوبەشییەکی زەرەملێی ناو هاوکێشەی دەسەاڵت، داهات، پست و نفوز بووە، ئەنجامی ئەو جۆرە هاوبەشییەش بە هاووەاتی چی بووە، دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت، قەیرانی مووچە، ناکۆکی لەسەر داهات، کێشە لەسەر هەڵبژاردن، شکستی پڕۆسەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و بەردەوامبوونی گومان لە نێوان دامەزراوەکان، کاتێک دوو هێزی سەرەکی ناتوانن بەرنامەیەکی هاوبەشی حوکمڕانی دروست بکەن، ئەوا بەردەوامیپێدانی هەمان مۆدێل

بە ناوی "یەکێتی" تەنها درێژکردنەوەی قەیرانە و دروستکردنی سەرئێشەیەکی سیاسیە بە خۆکوو کەمەگا.
لەوە گرنگتر، ئەو گوتارەی کە هەر جارێک باس لە ڕێکخستنی واقیعی دەسەڵات دەکرێت، دەستبەجێ دەگەڵدرێت بە "مەترسی لەسەر قەوارە"، گوتارێکی بە بنەما و ساختەکارانەیە، چونکە قەوارەی هەرێم بەوە لاواز نابێت کە پارتی لە ناوچەی نفوزی خۆی و یەکێتی لە ناوچەی نفوزی خۆی بەرپرسیارێتی حوکمەانی بگرنە ئەستۆ؛ بە پێچەوانەوە، قەوارەی هەرێم بەوە لاواز دەبێت کە هیچ لایەنێک بەرپرسیارێتی ڕاستەقینەی شکستی خۆی نەگرێتە ئەستۆ و هەموو شتێک بە ناوی "هاوبەشی" و "هاوسەنگی" بشاردرێتەوە.
ئەگەر پارتی لە ناوچەی خۆیدا خزمەتگوزاری باشتر، ئابووری بەهێزتر، دامەزراوەی کاراتر و سەقامگیریی زیاترو ئابوریەکی بەهێز دابین بکات، با هاووڵاتی لەسەر ئەو ئەنجامانە حوکمی لە بدات، هەروەها ئەگەر یەکێتی لە ناوچەی خۆیدا مەدەلێکی باشتر لە حوکمەانی، خزمەتگوزاری و ئازادیی سیاسی دابین بکات، با هاووڵاتی بە بێدەنگ و ئەنجام بەیار بدات، نە بە هەڕەمەت و بانگەشە، ئەوە بنەمای ڕاستەقینەی بەرپرسیارێتییە، کاتێک دەسەڵات ڕوون دەبێتەوە، بەرپرسیارێتیش ڕوون دەبێتەوە، بەڵام کاتێک هەموو شتێک لە دەستەلاتێکی هاوبەشی ناڕوونداتێکەڵ دەکرێت، هیچ لایەنێک بەرپرسیار نابێت و هاووڵاتی ناتوانێت بزانێت کە بەرپرسیارە لە سەرکەوتن یان شکست.
ئەوەش یەکێکە لەو خاڵانەی کەمێک نووسەر، توێژەر و مامۆستای زانکۆی نزیک لە سیاسەتی یەکێتی زەرجار هەوە دەدەن بە گوتاری ترس ئەو فەزا سیاسیە داپۆشن، ئەوان کاتێک باس لە دوو زەن دەکرێت، دەیگەڕێنن بە پرسی لە ناوبردن و دابەشکردنی قەوارەی هەرێم، لە کاتێکدا باسەکە لە بنەڕەتدا دابەشکردنی نیشتمان نییە، بەڵکو ڕێکخستنی بەرپرسیارێتیی سیاسی و کارگێڕییە، هیچ کەسێکی بەرپرسیار نابێت داوای لاوازکردنی قەوارەی هەرێم بکات؛ بەڵام هەر کەسێکی بەرپرسیار دەبێت داوای کۆتاییهێنان بە مەدەلێکی ناکارای حوکمەانی بکات کە ساڵانێکە هەرەمی خستووەتە ناو قەیرانی بەردەوام.
ئەو جۆرە بانگەشانە، کە گوایە ڕێکخستنی دوو ناوچەی نفوز واتە لەناوبردنی هەرێم، جگە لە قسەی بەتاڵ و بە بنەما هیچی تر نین، قەوارەی هەرێم ئەگەر بخوازرێت پارێزراو بێت، دەبێت لە ڕێگەی ئەو خاڵانەوە پارێزراو بێت، یاساسازی، ڕوونیی دارایی، سنووردارکردنی دەسەڵات، بەڕێوەبردنی کارا، هەزی پێشمەرگەی ڕێکخراو، پێوەندییەکی یاسایی لەگەڵ بەغدا و بەشداریی هاووڵاتی لە بەیاردان، ئەمانە هیچ کامیان بە گوتاری فێبیا دروست نابن، بەڵکو

بە سیاسەتی ڕاستگۆیانە و بە بەیاری بوێرانە دروست دەبن.
لە ڕوانگەی هەستکردن بەو بەرپرسیاریتیە، دەبێت بڕوا بەو کۆمەڵگای کوردستان چیتر نابێت بە بابەتی لاوەکی و هاشوهوشی سیاسی بۆ بنەماڵە سەرقاڵ بکرێت، هاووڵاتی مافی ئەوەی هەیە بزانێت کە دەسەڵات بڕوا دەبات، کە بەرپرسیارە لە مووچە، کە بەرپرسیارە لە ئەمنیەت، کە بەرپرسیارە لە خزمەتگوزاری، کە بەرپرسیارە لە داهات و کە بەرپرسیارە لە شکستی حکومەت، مەدلی ئێستای هاوبەشیی ناوون ئەو پرسیارانە لەو دەکات، مەدلی دوو زەنی، ئاگەر بە ڕوونی و بە ڕەکەوتنی سیاسی، بە چوارچێوەی یاسایی و بە پاراستنی یەکەی دەستووری هەرێم جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت بەرپرسیارێتی و دەستەڵاتکی زۆاڵتر پێشکەشبکات.
ئەو مەدڵە نابێت بە مانای شڕ، دابەشبوون یان هەڵوەشاندنەوەی هەرێم لەک بدرێتەوە، بە پێچەوانەوە، دەتوانێت ببێتە مەدڵکی کارگەی بە کەتایەهێنان بە قەیرانی بەردەوام، واتە، هەرێم وەک قەوارەیکی دەستووری و سیاسی بمێنێتەوە؛ نوێنەرایەتی دەرەوە، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا، پرسی دەستووری، پاراستنی سنووری هەرێم و بەرژەوەندییە گشتییەکان بە چوارچێوەیکی هاوبەش بمێننەوە؛ بەڵام لە ئاستی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەدا، هەر لایەنەک لە ناوچەی نفوزی خۆی بە ڕوونی بەرپرسیار بێت، ئەوە بەگەی لاوازی نییە؛ بەکو هەوەکە بە ڕەکخستنی واقیع و ڕزگارکردنی کۆمەگا لە درێی سیاسی.
مەژوو نیشانی داوە کە پارتی و یەکێتی، وەک دوو هێزی سەرەکی، ناتوانن بە ئاسانی و بە شێوەیکی تەندروست لە ناو حکومەتکی هاوبەشی کاراداهەبکەن، هەر جارەک هاوبەشییان کردووە، قەیرانەکان بە شێوەیکیتر سەریانهەڵداوەتەوە، هەر جارەک ناکۆکیەکان قووڵتر بوونەتەوە، دامەزراوەکان و هاووڵاتیان باجیان داوە، بەیە ئەوەڕ پێویستە بیر لەوە بکرێتەوە، ئاگەر دوو هێز ناتوانن بە یەکەوە بە شێوەیکی کاریگەرو تەندروست حوکم بکەن، باشتر نییە هەر یەکەکیان بە ڕوونی بەرپرسیارێتی ناوچەی خۆی بگرێتە ئەستۆ و لە ئەنجامدا کۆمەگا بزانێت کە سەرکەوتووە و کە شکستی هێناوە؟.
لە کەتاییدا، ئەوەی پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوەیە، پاراستنی قەوارەی هەرێم بە دروستکردنی فەبیا لە زینهنی خەڵکدا نابێت، قەوارەی هەرێم بە ڕاستگۆیی، دامەزراوە، خزمەتگوزاری، بەرپرسیارێتی و ڕەکخستنی واقیع دەپارێزرێت، ئەو کەسانەی هەموو جارەک بە ناوی "مەترسی لەسەر هەرێم" خەڵک دەترسێنن، پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئاگەر مەدلی ئێستا ئەوەندە سەرکەوتووە، بۆچی حکومەت بەردەوام گیردەی قەیرانە؟ بۆچی مووچە و

خزمەتگوزاری دەبنە قوربانی؟ بۆچی هەڵبژاردن و پێکهێنانی کابینەی دەبنە مەیدانی ململانێ؟ بۆچی دامەزراوەکان بە تەواوی یەکناخرێن؟ وەڵامی لەژیکی ئاوەیە، چونکە مەدەلی هاوبەشیی ناوونی ئێستا گێشتووەتە سنووری خۆی، کاتێک مەدەلێک کار ناکات، بەرپرسیارێتی ئاوە نییە بە درێژایین کات دەکات؛ بەرپرسیارێتی ئاوەیە چارەسەرێکی واقیعی پێشنیار بکەین. مەدەلی دوو زانی، بە مەرجی ئاوەی لە چوارچێوەی پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێم، هێکەوتنی سیاسی، ناوونی دارایی، سنووری کارگێڕی و مافی هاووڵاتی جێبەجێ بکرێت، دەتوانێت ببێتە چارەسەرێکی کرداری بۆ قەیرانێک کە ساڵانێکە هەرێمی کوردستانی لەناو بازنەی بکۆتایی ناکۆکیدا گیرۆدە کردووە.

خێکی کوردستان پێویستی بە ترساندن نییە؛ پێویستی بە ئاستگەیی هەیە، پێویستی بە گوتاری فێبیا نییە؛ پێویستی بە بەیاری سیاسیی بوێرانە هەیە، پێویستی بە شاردنەوەی واقیع نییە؛ پێویستی بە هێکخستنی واقیع هەیە، ئەگەر قەوارەی هەرێم بە ئاستی بە هەموومان گرنگە، ئاوا نابێت بیکەینە بارمتەی هاوبەشییەکی ناکارا و ملمانێیەکی بکۆتا، پێویستە قەوارەکە بپارێزرێت، بەڵام حوکمانییەکەش ناوون، بەرپرسیارانە و کارا بکرێت، ئاوەیە جیاوازی نێوان سیاستی بەرپرسیار و بانگەشەی بۆتا.

لە بنەڕەتدا، ئاوەی ئەمڕۆ بە ناوی "مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم" دەخرێتە ناو بازاڕی سیاسی، پێویستە بە وردی لێی بڕوانرێت، چونکە ئاو بانگەشەیە زیاتر لەوەی ئاگادارکردنەوەیەکی نیشتیمانی بێت، وەک ئامرازێکی فشار و باجگیریی سیاسی دەردەکەوێت، یەکێتی نیشتیمانی، کە لە ماوەی ساڵانی ئابڕدوودا لە زێر قەناغدا نەیتوانیوە بە ڕێگەی هەڵبژاردن و پێوەرکانی حوکمانی و کاریگەری خۆی دەستەاتی هاوسەنگ بدەست بهێنێت، ئاوەش هاوە دەدات بە ڕێگەی ئاو جۆرە گوتارانەوە فشار بخاتە سەر ئکابەرە سیاسیەکەی بە ئاوەی دەستەاتی پێ دابەش بکرێت.

ئاوە ئاو خاڵەیە کە پێویستە کەمەگا بە ناوونی تێبگات، ئاو سیاسی و حیزبی و نووسەرو توژەر و مامۆستای زانکۆیانەی بەردەوام باس لە "لەناوچوونی قەوارەی هەرێم" دەکەن، زۆرجار بە شێوەیەکی ئاستەوخۆیان ناڕاستەوخۆ خزمەت بەو هەڵە سیاسییە دەکەن کە یەکێتی دەیەوێت لە ڕێگەیەوە داوای بەشداریی زیاتر لە دەستەات بکات، ئاوان باسکە وەک مەسەلەیەکی نیشتیمانی و چارەنووسساز پیشان دەدەن، بەڵام لە ناوەڕۆکدا مەسەلەکە پێوەستە بە ململانێی دەستەات، پۆست، داهات و نفوز، واتە قەوارەی هەرێم دەکرێتە دروشم، بەڵام ئامانجی ئاستەقینە فشارە بە سەر پارتی بە ئاوەی یەکێتی لە دەستەاتدا

پێگەیەکی زیاتری پێ بدرێت.

جوتیار ملا رەئوف

دوای قسەکەی ترامپ، پرسیارە راستەقینەکە چییە؟.. جوتیار ملا رەئوف

وەنەکە بەو جۆرەیە کە دەناسد ترامپ دەیەت کوردەکان لە شەڕی داعش و دژ بە تیرۆردا ئازاو چالاکن، بەڵام نازانێت ئەگەر پارێزان پێندرێت ئاخۆ دەتوانن جەنگەکان بەرەو ببەن یان نا، خودی پەیامەکە ئەوەیە کە کورد بەکرێگیراوەکی باش، کە ئەو پێناسەیەش تا ئاستێکی زۆر واقیعی لەگەڵ مێژووی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی وئەحزابەکانیدا یەکانگیرووە بەداخەوەش بەشیکیشی لە مێژووی واقیعی سیاسی- کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی بە هەی پێکهاتە ئیتنیکی و کۆمەڵایەتیکەیەوە، بەدرێژایی ئەو جۆرە قسەکردنە لەگەڵ مێژووی گوتارەکانی ترامپ بەرامبەر بە کورد دەگونجێت، ئەو پێشتر لە ٢٠١٩دا، کاتێک هێزە ئەمریکییەکان بەشێکی زۆریان لە باکوورو ڕۆژهەڵاتی سووریا(ڕۆژئاڤا) کشانەوە، گوتی کوردەکان (فریشتە نین و ئەوان دەزانن چۆن بجەنگن).
ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت کە ئایا ئەوە سووکایەتییە بە مێژوو و قوربانیی خەڵکی کوردستان؟ وەڵامەکە بە دڵنیاییەوە بەڵێیە، لە ڕووی ئەخلاقی و مێژوویییەوە قسەیەکی زۆر بێئاستوو کەمکردنەوەیە لە مێژووی ئەو هەموو قوربانییە، چونکە شەڕی کورد دژی داعش نەک تەنها شەڕێکی لەکاڵی بوو، بەڵکو بەشێک بوو لە ستراتیژیی نەودەوڵەتی بە شکاندنی خەلافەتی داعش، هاوپەیمانی نەودەوڵەتی بە فەرمی ڕایگەیاند کە هێزە هاوپەیمانەکان و هێزە هاوبەشکانیان لە ٢٣ی ئازاری ٢٠١٩دا دوا خاکی ژێر دەستی داعش لە لە سوریایان ئازاد کرد و لەو پێسەیەدا هێزەکانی سووریای دیموکرات، کە هێزی سەرەکی تێیدا شەهیدانی کورد بوون و لەو پرسەیەدا ڕۆڵێکی یەکجار سەرەکی و گرنگیان هەبوو.

بەڵام ئەگەر پرسیارەکە ئەوە بێت کە ئایا ترامپ کەوتۆتە هەڵەیەکی زمانەوانییەوە؟ ئەوا وەڵامەکە ئاڵۆزترە، جونکە ترامپ لە ڕووی ئەخلاقییەوە قسەیەکی نادادپەروەرانە دەکات، بەڵام لە ڕووی تەگەیشتن لە سیاسەتی زلهێزەکاندا، بە شێوەیەکی ڕووت و نادیپلۆماسی، یەک ڕاستی تاڵ دەردەخات، ئەمریکا و زلهێزەکان هاوپەیمانییەکان بە هەست و وەفاداریی مێژوویی نابینن و نابێن بەڵکو بە بەرژەوەندیی ستراتیژی، تێچووەکان، بازاڕی ناوخۆ، هاوسەنگیی ناوچەیی و گوشاری هاوپەیمانانی دیکە دەبینن، ئەوە ڕوخسارە واقیعەکەی سیاسەتی نێودەوڵەتییە، بەڵام ئەو ڕاستییە مافی هیچ سەرۆکێک نادات قوربانیی هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی سووک و بازاڕی وەکوو ئەوەی ئیستای ترامپ کەم بکاتەوە.
خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی لە سووریا، تەنها جەنگاوەر و شەڕکەری باش نەبوون، ئەوان بە قوربانیی و بەرگرییەکی بەرینی شاری کۆبانێیان کردە هەمای خەباگری، ڕەقەیان گرتەوە، داعشکانیان بەند کردن و ناوچەیەکی گەورەیان خستە ژێر کۆنتڕۆڵی خۆیان و بەرەوپیان دەبرد، کە بە ئاسایشی ئەوروپا و ئەمریکاش گرنگ بوو، بە پشتبەستن بە هەندێک لە سەرچاوەکان باس لە نزیکەی ١١ هەزار کوژراوی هەزە کوردی و هاوبەشکانیان لە شەڕی داعش دەکەن، ئەو ژمارەیە هەرچەندە لە هەموو سەرچاوەکاندا بە یەک شێوە پشتڕاست ناکرێتەوە، بەڵام لە ئاستی سیاسی و مەڕاڵیدا واتایەکی ڕوونی هەیە، ئەو هاوپەیمانییە بە قسە و دروشم دروست نەبوو، بەڵکو بە خوێن، خاک، زیندان، ئاوارەیی و خاپووربوونی شار و گوند دروست بوو.
من پەموایە کەشەی سەرکی ئەوە نییە کە ترامپ کوردی خۆش دەوێت یان نا، کەشەکە ئەوەیە کە کورد چۆن دەبێت لە سیستەمێکی جیهانیدا کار بکات و تێبگات کە تێیدا وەفاداریەکان کورتخایەنن و بەرژەوەندییەکان دەگۆڕێن، ترامپ تەنها نموونەیەکی توند و بە پەردەی ئەو سیستەمەیە، پێش ترامپیش خەڵکی کوردستان چەند جار بەدەست هاوپەیمانی کاتی و بەڵێنی نیوچە زیانی گەورەی بینیوە؛ دوای ترامپیش ئەگەر کورد بە هەمان خۆشباوەڕی و شێوە پشت بە بەڵێنی دەرەکی ببەستێت، بە دڵنیایەوە ئەو مەترسییە هەر دەمێنێت.
ئایا ئەو ڕووداوە دیدگای سیاسی کەمێگای کوردی دەگۆڕێت؟ من پێم وایە بە شێوەیەکی گشتی کاریگەری دەبێت، بەڵام بە شێوەیەکی قووڵتر باوەڕی بزوتنەوە و حیزبە کوردیەکان بە (هاوپەیمانیی بە مەرج) لاواز دەکات، کوردستان کەمێگایەکی یەکدەست نییە، هەندێک هێز لە باشوور گرنگی بە ڕۆژئاواو واشنتن دەدەن، هەندێک نزیکترن لە تاران و بەرەی بەرگریکاریی شیعە، هەندێک لە باکور مامێزەی زەر پەاگماتیک دەکەن و هەندێکیش لە ڕۆژئاوا گرێدراوی هاوپەیمانیی

سەربازیین لەگەڵ ئەمریکا، بەیەکەسەی ترامپ هەموو کورد ناکاتە دژە-ئەمریکی، بەڵام دەبێتە بەڵگەیەکی نوێ بۆ ئەو دیدگایەی کە دەڵێت، (زلهێزەکان کورد بەکاردەهێنن)، بەڵام کاتێک تەچووکەیان گران بوو، بە زەڕەر دەیانفرۆشنەوە.
ئەوەش هەڵەیەکی گەورەترە ئەگەر کورد تەنها بە تووڕەیی و لە ژێر کاریگەری هەستوسۆز وەڵام بۆ گوتارێ بداتەوە، وەڵامی دروست نابێت تەنها هاشتاگ، وێنە، یان جنێو و تووڕەیی ناو سۆشیالمیدیا بێت، وەڵامی دروست دەبێت ستراتیژی بێت، یەکخستنی ناوماڵی کۆمەڵگای کوردستان بۆ هەموو پێکهاتەکانیەوە، کەمکردنەوەی وابەستەیی یەک لایەنە بۆ هەر زلهێزێک، هەرمیاتی یان نەودەوڵەتی، دروستکردنی دامەزراوەی سەربازی و دیبلۆماسی نیشتمانی بەهێز، بەهێزکردنی ئابووری و گەیەنی قوربانیەکان بۆ سەرمایەی سیاسی نەودەوڵەتی، ئەگەر خەڵکی کورد قوربانی بدات بۆ ئەوەی ئەنجامێ سیاسیەکەی پارێزراو بێت، ئەوا مێژوو بەردەوام دووبارە دەبێتەوە.
لە کۆتاییدا، قسەی ترامپ "حەقیقەت" نییە ئەگەر واتای ئەوە بێت کە کورد تەنها بۆ پارە دەجووڵێت یان قوربانیەکانی بۆ نرخن، ئەوە نادادپەروەرییە و مێژوو زۆر سادە دەکاتەوە، چونکە قوربانیەکانی خەڵکی کوردستان عیبارەت نین لە بەرخوردوو مامەڵەی بزوتنەوە و ئەحزابێ سیاسیەکانی.
بەڵام قسەکە هەندێک ڕاستیی تاڵی سیاسەتی زلهێزەکان ئاشکرا دەکات کە لە جیهانی سیاسەتدا، ئەوەی قوربانی دەدات هەمیشە براوە نابێت؛ ئەوەی قوربانییەکەی دەگەڕێت بۆ دامەزراوە، دیپلۆماسی، یەکگرتوویی و هێزی چەندلایەنە، ئەوە دەتوانێت قوربانییەکە لە مێژوودا بپارێزێت.
بەڵێ خەڵکی کوردستان نابێت تەنها لە ترامپ تووڕە بێت؛ دەبێت لە خۆشی بپرسێت، ئەو هەموو خوێنە چۆن دەکرێنە دەسکەوتی سیاسیی پارێزراو؟ ئەوە پرسیاری ڕاستەقینەی دوای ئەو قسەیەیە..

جوتیار مەلا ڕەئوف

سەردەمی پۆپووچی و

تەروانینەک.. لەجوتیار مەلا رەئوف

لەو ماوەیدا دەرفەتم بۆ ڕەخسا کتێبی (سەردەمی پۆپووچی) مەدیکراسی کە لە نوسینی (د.ئالان دۆنۆ)یە و لە وەرگێرانی بەڕێز (د.رزگار ئاغا) یە بۆ سەر زمانی کوردی و چاپکردنی دڵزگای ڕۆشنبیری جمال عیرفانە، بخوێنمەوە باشترو بۆ زمانێکی پاراو لە بیرکەکانی ئەو نووسەرە تێبگەم.
لەگەڵ دەستپێکردنی خوێندنەوەی کتێبەکە، هەر زوو تێگەیشتم کە کتێبەکە تەنها شیکارییەکی سیاسی سادە نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەیەکی قووڵترە لەسەر کارکردنی کۆمەڵگا لیبراڵ و مۆدێرنەکان.
لە کاتی خوێندنەوەدا، زیاتر هەستم دەکرد کە پشتر زۆرێک لەو دیاردانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەمانەوە ڕوودەدەن و باس دەکرێن دەناسمەوە، بۆیە ئەوەی پشتر توانیبێتم ئەوەندە بە ڕوونی هەستیان پێبکەم، ئارگومێنتەکانی (دۆنۆ) یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی باشتر لە هەندێک پێکهاتە لە سیاسەت و ئابووری و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین، هەندێک دیدگای سەرنج راکێشم دەستکەوت لە ناو بیرکەکاندا کە بۆمن تازە بوون، بۆتایبەتی کە زۆرجار سیستەمی کۆمەڵایەتی مارج نییە باشترین بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەروەردە بکات، بەڵکو زیاتر تەقەلایە بۆ سەقامگیری لە نەوان چینی سەروە و خوارەوە لە ڕێگای چینی مامناوەندەوە کە بۆ (وردەبۆرژوا) ش ناوزەد دەکرێت.
خوێندنەوەی ئەو کتێبە چانسی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێ، لە ڕوانگەیەکی نوێوە سێیری هەندێک لە پشکەوتنەکانی سەردەم بکەین، ڕوانگەیەکی شیکاریانەمان بۆ پێوەندی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا و تاک پشکێش دەکاتوو هانمان دەدات بیر لەو بۆها و میکانیزمانە بکەینەوە کە دامەزراوەکانی ئێستامان لە قاڵب دەدەن.
کاتێک بیر لە بیرکەی (سەردەمی پۆپووچی) دەکەینەوە، وەک تێعریفێکی گونجاو بۆ زۆرێک لە داینامیکی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان دێتە بەرچاو، هەرچەندە ئەو دەستەواژەیە تاکوو ئێستا وەک چەمکێکی تیۆری فەرمی بەکارناهێنرێت، بەڵام بۆ باشی لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەدا دەگونجێت کە (ئالان دۆنۆ) لە کتێبی (مەدیکراسی) ناوەندگیردا دایشتووە، بۆ بەچوونی من (دیدگای سەردەمی پۆپووچی) باس لە قۆناغێکی مێژوویی دەکات کە تێیدا خەنمایشکردن و وێنە و پەگە هەمادارەکان بۆ بەراورد بۆ ماددە، لێهاتوویی، یان قووڵایی فیکری

تا دێت بەهادارتر و گرنگتر دەبێت.
ئەوەندەی کە من لەو بیرکردنەوە تێگەیشتم، (پروپووچی) لەو چوارچێوەیدا تەنیا سیفەتێکی کارەکتەری و تاکەکەسی نییە، بەڵکو دیاردەیەکی ستراکتوریە، کە لەلایەن دامەزراوەکانی کۆمەڵگاو دەوڵەت و چاوەڕوانییە کولتووریی و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە دروست دەبێت و بەهێز دەکرێت، کۆمەڵگا مەدەرنەکان ئاراستەیەکی بەرزیان بەرەو بینین و ناسینەوە هەیە، سەرکەوتن نەک تەنها بەوە پێوانە دەکرێت کە کەسێک لە ڕاستیدا چی بەدەست دەهێنێت، بەڵکو بەوەو دەپوورێت کە ئەو دەستکەوتە چەندە بە شێوەیەکی قەناعەتبەخش پێشکەش دەکرێت، لە سیاسەت و بازرگانی و تەنانەت ئەکادیمیاشدا زۆرجار پەدەچێت توانای نمایشکردنی وێنەیەک بەقەد کوالیتی خودی بیرکەکان گرنگ بێت.
ئەو پڕاکتیسەندنە خەریکە شێوازی کارکردنی دەسەڵاتیش دەگۆڕێت، ئیتر دەسەڵات تەنها لەسەر بنەمای دەسەڵات یان کۆنترۆکردنی سەرچاوەکان نییە، تادێت زیاتر پێویست دەبێت بە توانای دروستکردن و پاراستنی وێنەیەکی دیاریکراو، سیاسەتمەدار و بەڕێوەبەر و کەسایەتییە گشتییەکان نەک هەر خاوەن بیار، بەڵکو دەبێت بەردەوام شەرعیەتی خۆیان نمایش بکەن و بسەلمێنن، پێیوەندی و بە براندکردنی ستراتیژی و بووني میدیا خەریکە دەبنە ئامرازی ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری.
لە پێکهاتەیەکی ئاوادا، (پۆپوچی) دەبێتە ستراتیژییەکی عەقڵانی، تاکەکان هەر زوو فێر دەبن کە سەرکەوتن زۆرجار پێویستە بە چێنیەتی پێشکەشکردنی خودەوە، تێکەڵکان و بە براندکردنی کەسیی و سەرمایەی هەماکان(ڕەمزەکان) گرنگییان زیاتر دەبێت، تاک بە جۆرێک دەبێتە پڕۆژەیەک کە دەبێت بەردەوام باشتر بکرێت و بخرێتە بازاڕەوە، بە بەوای من ئەو داینامیکە وا لە مرۆڤەکان دەکات کە بەشێکی زۆر لە وزەی خۆیان بە بنیاتنانی وێنەیەکی خەیاڵخشی زۆرملە تەرخان بکەن لەبەری ئەوەی سەرنجیان لەسەر پەرەپێدانی زانست، لێهاتوویی، یان بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت.
دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گۆشەسەندنە ئاڵۆزن، لە لایەکەوە کولتووری بینینی باو (بەرچاوگرایی) وا لە زۆر کەس دەکات کە دەنگیان بە ئاشکرا بەرزبکەنەوە و لە ئامرازو فۆرمە نوێکانی پێوەندیکردن کەڵک وەربگرن، لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت هۆوکەشیەتێک پەروەردە بکات کە تێیدا ناوەڕۆک لە کورسی هەرە پشتەوە جێگە بگرێت بە ئەوەی باڵانسگیری پێکبێت لە کۆمەڵگادا کاتێک سەرنجدان لە هۆکەش دەبێتە گرنگترین سەرچاوە، ئەوانەی دەتوانن بە تایبەتی دیار یان سەرنجڕاکێش دەرکەون زۆرجار

سەردەکەون و دەبن بە پاڵەوان، نەوەکوو ئەوانەی کە قەناعەتبەخشترین ئارگیومێنتیان هەیە بۆ ئاڵوگۆڕ لە ناو کۆمەڵگادا.
تێگەیشتنی من بۆ ئەو بیرکردنەوە (سەردەمی پۆپوچی) ئەوەیە کە لەژیکی چینی مامناوەند بەهێزتر دەکات، کاتێک دامەزراوەکان سەقامگیری بە نرختترین شت دەزانن و لە هەمان کاتیشدا کولتووری خۆپشکۆشکردن دەبێتە ئەقلیەتێکی باڵادەست، ژینگەیەک سەرهەڵدەدات کە ئەکتەری چینە مامناوەندەکان بەرەو ووی ستراتیژییەوە زیرەکەکان دەتوانن بە تایبەتی سەرکەوتووتر بن، لەرەدا تەنیا لێهاتوویی بەس نییە؛ گرنگ ئەوەیە کە چەندە باشو کاریگەر خۆی پێشکەش دەکات و چەندە باش لە ناو ئەو دیدگایەدا فۆرم دەگرێت، ئەوەش بەشایی لە نێوان کوالیتی ئاستەقینە و ناسینی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکات.
لە هەمان کاتیشدا ئەو گۆشەکردنە کاریگەری لەسەر چەمکی خودی تاکیش هەیە، مرۆڤەکان هەوڵی ئەوە دەدەن کە خۆیان ببینن لە چاوی کەسانی تردا، ناسینەوە و بەرچاوگرایی و پێگە دەبنە پاڵنەر سینتاڵەکانی تێگەیشتن لە خود، بۆیە تاک بەردەوام لە نێوان دوو ئاستدا دەجووڵێت، خودی ئاستەقینە و ئەو وێنەیەی کە لەبەردەم گشتیدا بۆ خۆی بەرهەمی دەهێنێت، چونکە بوونە بە نرماتیف (پێوەر) یکی بۆ ئەڤکراو، ئەو گرژیی و ململانێیە دەتوانێت ببێتە هۆی هەستکردن بە چاودێریکردنی بەردەوامی خود، کە تێیدا (ئایدێنتیتێت) ناسنامە تادێت دەبێتە شتێکی ئەنجامدەر.
من پێموایە بیرکەی (سەردەمی پۆپوچی) پرسیارێکی بنەڕەتی زەر قوە دەوروژێنێت، ئەویش ئەوەیە ئایا چ جۆرە کۆمەڵگایەک سەرهەڵدەدات کە ناسین و فەهم زیاتر پشت بە بینین(بەرچاوگرایی) دەبەستێت نەک بە مەدد؟ ئەگەر سەرکەوتن زیاتر بە دیاردە هەماداریکان دیاری بکرێت، ئەوا مەترسی ئەوە هەیە کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان ئەرکە سەرەتاییەکانیان لەدەست بدەن، سیاسەت دەتوانێت زیاتر ببێتە قەناغێک، ئابووری زیاتر ببێتە کەبەکێک بە ناوبانگو بەهەزبوونی پێگە کۆمەڵایەتیکان، زانین وزانست زیاتر ببێتە سەرچاوەیەک کە بە شێوەیەکی ستراتیژی بە دەستەبەرکردنی پێگەکان خرابێتەگەڕ و جێگیرکرابێت.
لەرەدا دەرئەنجامەکمان دەستدەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە (سەردەمی پۆپوچی) نەک هەر ڕەخنەیەکی ئەخلاقی، بەڵکو شیکارییەکە بە پێوەندیەکانی دەسەڵاتی مەدەرنێتە و نیولیبەرالیزم، ئەو نیشان دەدات کە بەها کولتووریەکان و پێکهاتە دامەزراوەییەکان و ستراتیژە تاکەکەسییەکان چەندە لە گۆڕ یەکتر ئاوێتەو تێکڕا بوون،

کاتێک پەیوەندی دەبێتە بنەمایەکی پێکهاتەیی کۆمەڵگا، نەک هەر هەڵبژاردنی تاکەکان دەگۆڕێت، بەڵکو لۆژیکی ئەو سیستەمەش دەگۆڕێت کە لە سایەیدا گوزەران دەکەین و دەژین.
بەیەک گرنگە بە شێوەیەکی مەعریفی و ڕەخنەگرانە بیر لەو داینامیکانە بکەینەوە و بپرسین ئایا کۆمەڵگایەک کە بە تووندی و ڕادیکاڵانە لەسەر بنەمای خەباتکردن دامەزراوە، دەتوانێت لە درێژخایەندا بوار بە تەوانین و بەرپرسیارێتی و فێربوون و پەروەردەی بکۆمەڵی ڕاستەقینە و یەکسان بڕەخسێنێت؟.

جوتیار مەلا ڕەئوف

هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار، لە نێوان ڕاستیی قودرەتی سیاسی و ڕووداوە شانەیەکانـــــــدا..
جوتیار مەلا ڕەئوف

هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری عێراق نەک هەر وەک پرۆسەیەکی دەستووری، بەڵکو وەک دەربڕینی دینامیکی دەسەڵاتی سیاسی زۆر قووڵتر لە عێراقدا پێویستە بیندرێت، لە ڕوکەشدا ئەو هەڵبژاردنە کەبەکەیەکی دیموکراسییە لە نێوان کاندیدەکان و کوتلە سیاسییەکان، بەڵام کاتێک مرۆڤ بەدواداچوون بە واقیعە سیاسییەکانی پشت پەردە دەکات، وێنەیەکی جیاواز خۆی نیشان دەدات، کە ئەو وێنەیش بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی بەیارو هەنگاوە سیاسیەکان دەگرێتەوە کە بە شکڵکی ڕاستەقینە لە پەرلەماندا نادرێن، بەڵکو زۆر پشوختە لەگەڵ هێزە سیاسییەکان و هاوپەیمانییە ناوچەییەکان و لە ژێر سێبەری هەڕەشەی بەرژەوەندی ستراتیژیی بلۆکبەندیەکاندا ئامادە دەکرێن.
پرسی سەرکایەتی کۆمار ساڵانێکە بە نزیکی پێوەستە بە پێوەندی نێوان پارتی و یەکێتییەوە، هەردوو حزب نەک هەر نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سیاسی جیاواز لە ناوخۆی کوردستاندا دەکەن، بەڵکو

پەیوەندی جیاوازیان لەگەڵ ناوەندە سەرکییەکانی دەسەڵات لە بەغدا و ناوچەکە و لە ئاستی هەرمایەتی و نوودوێتیدا هەیە، هەر لەبەر ئەوەشە کە هەبژاردنی سەرکایەتی لە عیراق هەرگیز تەنها بابەتی هەبژاردنی سەرەکیک نییە، بەڵکو هەنگدانەوەی ململانێ وەزمی سیاسی فراوانتری ئەو وڵاتەیە.
ئەگەر وردبینانەتر سەیر بکەین ، یەکێتی بە شێوەیەکی نەریتی لەسەر ئەو پرسە زیاتر خۆی لەگەڵ ئەو کەمپە سیاسییەدا دەکخستووە کە پەیوەندیی نزیکی لەگەڵ هەزبە شیعەکان و بە تایبەتی لەگەڵ کایەی نفوزی ئێراندا دەپارێزێت، لە بەرامبەردا پارتی زەرجار پێویستە بە ژینگەیەکی سیاسی جیاوازتر، لەگەڵ هەزگەلێک کە زیاتر هاوتەریبن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکا، لە هەمان کاتدا هاوکاری هاوپەیمانانی سوننە دەکەن، ئەو پەلەنکردنە بگومان لەکدانەوەیەکی سیاسییە نەک ڕاستییەکی دەها، بەڵام یارمەتیدەرە بە ئەوەی بڕچی پرسی سەرکایەتی کەمار لە عیراقدا ئەوەندە کاریگەری هاوپەیمانییە سەرتاسەرییەکانی لەسەرە.
ئەگەر مرۆف ئەو واقیعە بە جددی وەربگرێت، ئەوا زەرجار دەنگدان لە پەرلەمانی عیراق وەک کەبەکێیەکی سیاسی کراوە دەرناکەوێت، بەڵکو وەک قەناغی فەرمی کۆتایی پێهاتوو کە دەرئەنجامەکەی، لە زەر حاڵەتدا، تا ڕادەیەکی زەر پێشوەختە دیاری کراوە، ئەستەمە بیهەنینە پێش چاو کە هەزە شیعەکان و ئێران ئەو پگۆیە بدەن بە کاندیدەک کە لە ڕووی سیاسییەوە پەیوەندی بە بەڵکەکەوە هەیە کە لە نەو نەزمی ستراتیژی خۆیاندا جێی نابێتەوە.
بەڵای من ئەوە جەوهەری کێشەکەیە، پەرلەمان دەنگ دەدات، بەڵام بڕیاری سیاسی پێشتر لە شوێنکی تردا دراوە، ئەوە بەو مانایە نییە کە هەموو دەنگدانەک بە مانایە، بەڵام بەو مانایەیە کە کایەی گشتی و دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات هەمیشە هاوتەریب نین، لەو ڕوانگەیەوە پرسە سیاسی لە ناو پەرلەمانی عیراقدا وەک ئەدای دیموکراسی دەرناکەوێت، چونکە بەردەوام ڕەکەوتنی سیاسی ڕاستەقینە پێشتر لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە ئەنجامدراون.
من پێم وایە کاندیدکردنی هەر کەسێک لەلایەن پارتیەوە بە سەرەک کەمار تەنیا کات کوشتنو کات بەفیڕدانە، وە هەروەها یارییکی دوبارەبوەو هەراسانکەرە بە خودی کەسی کاندیدکراویش، کە تەنها خودی کاندیدکەش درک بەو ڕاستییە دەکات کە چانسێکی سنووردارە هەیە بە ئەو پێستە، تەنانەت ئەگەر بە فەرمی بچێتە ناو کەبەکە و لە ڕووی سیاسیشەوە شەرعی بێت، هاوتەریبیش هیچ پەیوەندی بە هەزو قودرەتی سیاسی یەکیەتی و کاندیدکەیەوە نییە کە هەبژەردراوە بە سەرەک کەمار، بەڵکو لەبەر ئەوەی هاوسەنگی هەزی شیعی عیراقی و

هەژمونی سیاسی ئیرانی ئاوە دەخوازێت.
لە سیستەمێکی وەک عێراقدا کە لەسەر بنەمای تەوافوق و کێتا و هاوسەنگی تائیفی و کاریگەری دەرەکی دامەزراوە، گرنگ تەنها ژمارەی دەنگەکان و نفوزی کەمالیاتی وجەماوەری نییە هەرحیزب و کەسێک هەیبەت، بەڵکو گرنگترین شت ئاوێیە لە سەرووی هەموویانەوە کام کاندیدی کام حیزب لە کام بلۆکبەندی و ئاراستەی سیاسی جێی گرتووە.
بۆیە من بە چاوەشکاری دەزانم هەڵبژاردنی سەرکایەتی تەنها وەک کەبەکێیەکی ناو ئەحزابی کوردی یاخود لە لە نێوان پارتی و یەکێتی وەسف بکرێت، لە واقیعدا ئاو شتێک بەشێکە لە ململانێیەکی زۆر گەورەتر لەسەر ئاراستەی داهاتووی عێراق، ئایا پێویستە ئاو وەاتە بە پتاوتر لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا بمێنێتەوە کە ناوەندی شیعە و نفوزی ئێران زاڵ بێت؟ یان پێویستە زیاتر بەرەو هاوسەنگیەکی جیاوازی ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەنگاو بنێت کە تێیدا هاوبەشە سوننە و هەژئاوایەکان کاریگەریان هەبێت؟ حیزبە کوردییەکان لە دەرەوەی ئاو ململانێیە نین؛ بەڵکو ئاوان داینامیکی سەرکین لە ناو دەی ئاو ململانێیەدا.
لە هەمان کاتدا زۆر سادەیی ئاگەر لایەنێک وەک براوە و لایەنەکەی تر وەک دۆڕاو وێنا بکرێت، هەرکام لاو حیزبانە بە پێی لۆژیکی ستراتژیکی خۆیان کاردەکەن، هەنگاێ یەکێتی نزیکیی خۆی لە هەندێک هەڵوێستیەکی ئاستەقینەی سیاسی بە دەستبەرکردنی کاریگەری لە باغدا ببینێت، لە بەرامبەردا هەنگاێ پارتی پێوەندییەکانی لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی دیکە وەک پێشمەرجێک بە هاوسەنگی سیاسی و سەربەخۆیی ئابووری زیاتر بە هەرێمی کوردستان سەیر بکات، هەردوو لێکدانەوەکەش لەوانەیە عەقڵانیەتێکی سیاسی خۆی هەبێت، بەو هەکارە من پێم وایە نابێ مشتومڕو دیبەیتکان لە میدیای کوردیدا تەنیا لە ژێر گاریگەری هەڵەی سەزداری حزبە کوردیەکاندا بێنەوە بچێت.
پرسیارە ئاسەکە تەنها ئاوە نییە کە کێ دەبێتە سەرۆک کۆمار، بەڵکو ئاوەیە کە ئاو هەڵبژاردنە بە سەرۆککۆمار چی لەبارەی پێگەی هەرێمی کوردستان لە دۆڕاتی عێراقدا ئاشکرا دەکات؟، ئاگەر ئاو مەسەلەیە بەو شیوەیەی ئاستای لەلایەن هەزە کوردیەکانەوە بەرخوردی لەگەڵ بکرێت، ئەک هەر پێگەی کوردستان لە باغدا لاواز دەکات، بەڵکو ئاسانکاری بە هەزەکانی دیکەش دەکات کە دابەشبوونی سیاسی حیزبە کوردیەکان بە بەرژەوەندی خۆیان وەکو فرسەتی سیاسی ببینن.
بۆیە من پەموایە هەڵبژاردنی سەرکایەتی کۆمار لە عێراق دەبێت کۆمتر وەک گواستنەوەی دەسەاتی ئازاد و زیاتر وەک پرۆسەیەکی سیاسی کۆنتڕۆکراو لە چوارچێوەی سنوورەکی هاون و دیاریکراودا

تێبگەین، کە ئەو سنووراندنەش لە لایەن بەهێزترین هێزە سیاسییە شیعەکان و و ناوەندەکانی نفوزی ناوچەییەوە دیاری دەکرێن، تا ئەو ستکراکتەرە سیاسیەی کە ئیستا لە عێراقدا هەیە لە شوێنی خۆیدا بمێنێتەوە وەک ئەوەی کە خۆیان پێویستیان پێیەتی.
لە کۆتاییدا ئەو هەڵبژاردنە بە سەرێک کەمار شتێک لە سەرووی هەموو شتێکەوە نیشان دەدات، لە عێراقدا فەرمانگە باڵاکانی دەوڵەت تەنیا پۆستی دەستووری نین، بەڵکو خاڵی سەرەکیی سیاسەتی دەسەڵاتی ناوچەیی و ناوخۆیین، هەڵبژاردنی سەرەک کەمار تەنها بە دیبەیتی گشتی یان زۆرینەی پەرلەمانی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە یاریکردنی هاوپەیمانی و ئیتێ و بەمتمانەیی و بڕژەوەندییە ستراتیژییەکان دیاری دەکرێت، بۆیە پێویستە هیچیتر ئەو هەڵبژاردنە وەک سوپرایزێکی ئاستەقینە نەبینین، بەڵکو تەنها وەک ئاگەیاندنی فەرمی بۆیارێک ببینین کە لە ڕووی سیاسییەوە لەمێژە دیاری کراوە.
ئەوەی باڵای منەوە گرینگە بگوترێت ئەوەیە ، تا ئێوکاتەی سیاسەتی عێراق لەسەر بنەمای ئەو جۆرە هاوسەنگییە پشوختە دیاریکراوانەی هێز دامەزرابێت، فەرمی دیموکراسی لەو وڵاتەدا لە گاڵتەجاڕی زیاتر بەولاوە شتێکیترنابێت، نەوەک هەرئەوەش، بەڵکو هەڵبژاردنی سەرکایەتی نێک وەک کۆبکێیکی کراوە، بەڵکو وەک پشتڕاستکردنەوەیکی سیمبۆلیکی بە بریارێکی سیاسی (پێشدانوستانکراودا) دەردەکەوێت.

جوتیار مەلا ڕەئوف

پارادایمێکی وێرانکەر.. جوتیار مەلا ڕەئوف

هەوڵێکی لەناوبردنی شارستانیەتێک نابێت مرۆڤ تەنها وەکوو تۆندوتیژی سیاسی بیبینێت، بەڵکوو دەبێت وەکوو دەربڕینی ئەخلاقی ئەو سیستەمەش ببینێت کە دەسەڵات و قازانج بەسەر مرۆڤایەتیدا لە پێشینەی کاریدایە.
کاتێک گومان لە ووتاری سەرەکێک دەبێت، کە باسی وێرانکردن و بەردومانکردنی وڵاتێک دەکاتو دەیەوێت بیگەنێتەوە (چاخی بەردین)

بە لەناوبردنی ژێرخانی مادەنی، مرۆڤ هەستێکی لێلا دروست دەبێت کە زیاتر لە تەنها تووڕەیی سیاسی، مرۆڤ دەچێتە ناو هەستوو کینەیەکی ئەخلاقی قووڵتر، چونکە بە من لەدوانێکی لەو شۆڕیە زۆر زیاترە لە هەڕەشەیەکی سەربازی، هەوڵستێک ئاشکرا دەکات کە تێیدا ژیان و مەژوو و شارستانیەتی مرۆڤ تەنیا وەک کایەیەک بە گفتوگۆ دەردەکەون، کە ئەوەش ڕێک ئەو خاڵەیە کە سیاسەتکردن لەوپەڕی لوتکەی نامرۆڤایەتی خۆیدایە.
دەکرێت کەسێک کە سەرکردایەتی زلهێزێکی جیهانی دەکات قسەیەکی لەو جۆرە بکات؟ چۆن مرۆڤ بەو ساردی و بە هەستییەوە قسە لەسەر لەناوبردنی بناغەکانی ژیان بەنزیکەی سەدان ملیۆن مرۆڤ دەکات؟ کارەبا، ئاو، نەخۆشخانە، قوتابخانە، ڕێگاوبان، تەڵەکانی پەیوەندی، ئەوانە تەنها (ژێرخان) نین، ئەوانە مرۆڤکانی کەرامەتوو بونی مرۆڤن لە ناو هەر کۆمەڵگایەکدا، هەرکەسێک بەو جۆرەی (ترامپ) باس لە لەناوبردنوو وێرانکردنی بکات، پێویستە بە ڕاستی گومان بخاتە سەر مرۆڤبوون و مەڵاڵی سیاسی و وجودی کۆمەڵایەتی خۆی.
من ئەوە تەنها وەک شکستی ئەخلاقی کەسایەتیەکی سیاسی و سەرکردەیەک نابینم، بەڵکوو وەک دەربڕینی کێشەیەکی زۆر قووڵتر وگەورەتر تەماشا دەکەم، ناوکی سیستمێکی جیهانی کە تێیدا دەسەڵات و کۆنترۆڵ و بەرژەوەندی زیاترو بەهادارتر لە ژیانی مرۆڤ هەژمار دەکرێت، بە ئەمە ئەوە دەڵێنە کە سەرمایەداری جیهانی، وڵاتان و مێللەتان و خاکەکانیان وەک فەزای ژیان بە مرۆڤکان سەیر ناکات، بەڵکو وەک فەزای جیۆپۆلەتیکی، وەک بازاڕ، وەک سەرچاوەی کارەستەی خاو، وەک ناوچەی ستراتیژی سەیر دەکات، لەو شوێنانەی بەرژەوەندیەکان زاڵن، مەڵاڵ بوونی نامێنێت، لەو شوێنانەی دەسەڵات و سەرمایە حوکمڕانی دەکەن، زەرجار لەناوبردنی مرۆڤکان وەک ئامرازێکی سیاسی بەوا دەخرێنە ڕوو.
من پێم وایە قەیرانە قووڵەکە ڕێک لەردا هەست پێدەکرێت، سەرمایەداری مادەرن بەردەنی پشکۆتن و بەعەقڵانیکردنی کۆمەڵگاو و گۆشەسێندنی دیموکراسی دەدات، بەڵام لە فەرمکانی ئیمپریالیزمدا ڕووخسارێکی جیاواز ئاشکرا دەکات، ژیان دەخاتە ژێردەستەی سوودمەندیەوە، بەها ناپەوێت بە مرۆڤ ومرۆڤایەتی، بەڵکو بە دەستبەسەرداگرتن و مانەپەڵکردن، کاتێک دەوڵەتێکی زلهێز بیر لەوێرانکردن و تێکدانی سیستمی گشتی ژیانی مادەنی وڵاتێکی دیکە دەکاتەوە، لەژیکی ڕاستقینەی ئەو سیستەمە بە هەموو لایەک ئاشکرا دەبێت، (هەموو شتێک ڕێگەپێدراوە بە مرۆڤێک خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی ئەو بکات)، کە ئەوەش بە بەچوونی من ئەوپەڕی

نامەیەکی سیاسی یەکخراو و سیستماتیکە کە وادەکات ئەو دیدگایە لە دنیای سیاسەتدا زۆر مەترسیدار ببینرێت، چونکە لەناکاو ئەو شتانەی کە مرۆڤ وەنایان ناکات، وەکوو بژاردەیەکی سیاسی شەرعیەتپێدراو دەردەکەون، ئەوکات چیتر باسی مرۆڤ ناکرێت، بەڵکو باسی (فشار)، (ڕێگریکردن)، (ئامانج) و (ستراتیژ) دەکەن، بەڵام لە پشت ئەودەستەواژەو زاراوانەوە شتگەلێکی ئەبستراکت بوونی نییە، بەڵکو لە پشتیانەوە منداڵ و خێزان و نەخۆش و مرۆڤی بەساڵاچوو و تەواوی شارەکان و تەواوی یادەوەرییەکان و تەواوی مێژووەکان بوونیان هەیە، بەربەریەت بە وردی لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە زمان ئازارەکان دەشارێتەوەو نەبینراویان دەکات.
بە بەچوونی من هەڵەیە کە ئەو جۆرە لێدوانانە تەنیا وەک دیدگای (سیاسەتی دژەکی تووندی دەستەڵاتێک) سەیر بکرێت، بەڵکوو ئەوە دەربەینی کولتوورێکی سیاسیی و کرێکی ئیفلاسی ئەخلاقین، کولتوورێک کە تەیدا باڵادەستی سەربازی لە هەڵگای وەرانکردنەوە بۆ گۆڕەپی و باڵادەستی سیاسی دەزانێت، کولتوورێک کە تەیدا باوەڕ لەسەر ئەو بنەمایە بنیاد نراوە کە لەناوبردن ئامرازێکە بۆ پاراستنی دەستەڵاتوو هێز، وە کولتوورێک کە تیایدا سەرکی بەهێزترین وەاتی جیهان کە پێی وایە مافی سروشتی خێیەتی بەیار لەسەر چارەنووسی ژیان و بوون و شارستانیەتکانی تر بدات.
مرۆڤ هیچ هێزێک لەو بابەتەدا نابینێت، بەڵکو تەنها لووتبەرزی سیستەمێک دەبینێت کە خۆی بە مەدەرن و شارستانی دەزانێت، بەڵام هەمیشە لە هەڵگای بەربەریەتی خێیەوە ئامادەیە بۆ لەناوبردنی شارستانیەتی ئەوانی تر، بەڵای من ئەوە قووڵترین پارادەکسە لە هەناوی سەرمایەداری مەدەرندا ، باس لە ئازادی و دیموکراسی و پێشکەوتن بکرێت، بەڵام هەر کە دەستەڵاتوو هێزکەت ووبەووی تەحەدایەکی چاوەڕوانەنکراو دەبەتەوە، لەناوبردنی مرۆڤ و وەرانکاری بەرهەم بهێنیت، هەروەها ناوکی لۆژیکی دەستەڵاتی سەرمایەداری مەدەرن ئاشکرا دەکات، ژیانی ئەوانی دیکە بەپێی بەرژەوەندییەکان بەهایان پێدەدرێت، ئەوەی گرنگە کرامەتی مرۆڤ نییە، بەڵکو سوودی ستراتیژی و کۆنترۆڵکردن و باڵادەستییە، لەو شوێنانەی دەستەات و قازانج پێوەر دادەنێت، سنوورە ئەخلاقییەکان دەگۆڕێن، پاشان لەناوچوون و لەناو بردن دەبنە شتێکی عەقڵانی و حیسابکراو و لە ڕووی سیاسییەوە هەڵوایەتیان پێدەدرێت، هەک ئەوەیە کە زۆر مەترسیدارە، ئیتر (بە مەاڵی) وەک (بە مەاڵی) دەرناکەوێت، بەڵکو وەک ئامرازێکی سیاسی حەق و شەرعی دەردەکەوێت.
زلهێزێکی جیهانی کە بانگەشە بە دیموکراسی و مافی مرۆڤ دەکات دەبێت لەمودوا هەڵەکی ڕوون بکەشتووبو وێنە ڕاستەقینەی کە

نیشانی دەدات دەبێت خەی پەناسە بکاتەوە، هەر هەزەک ئامادەبێت بناغەکانی تەواوی کەمەگایەک تەکبداتوو وەرانی بکات تا ئاستی گەراندنەوەی بە (چاخی بەردین)، هەموو مافەکی ئەخلاقی خەی وەک بەرگریکاری ماف و یەکسانی کەمەگاکان کە نیشانی دەدات، لەدەست دەدات، چونکە شارستانیەتوو مرۆڤایەتی بە وەرانکردنو بانادەستی سەربازی پەناسە ناکرێت، بەڵکو بە توانای سنووردارکردنی وەرانکاری و توندوتیژی و نواندنی هەزی ئۆق پەناسە دەکرێت.
دواجار حوکمەکی هووون دەمەنێتەوە، هەرکەسەک باسی لە ناوچوون و وەرانکردنی شارستانیەتەکی هەزاران ساڵە بکات، بە ناوی یاساو و ماف وئاسایش و ئازادییەوە قسە ناکات، وە کاتێک سەرکەک بەو شێوەیە قسە دەکات، ئەوە نەک گەورەیی و هێز، بەڵکو تەکشکانەکی ئەخلاقیی سیاسی ئاشکرا دەکات کە دەسەاتوو بەرژەوەندی و قازانج بەسەر مرۆڤایەتی و شارستانیەتی مرۆڤدا بە ڕەهایی ئەولەویەت پیدەدات.

جوتیار مەلا ڕەئوف

سەرمایەگوزاری جەنگەکان لە ژێر سێبەری مەڵا وبەهاکاندا..
جوتیار مەلا ڕەئوف

ئەگەر وردبینانەتر ئەو شتە شی بکەینەوە، ناتوانین ئاسان هەزە بزوێنەرە ماددییەکانی پشتگوێ بخەین، تەنها باس لە ئاسایش، بەرگری و تەڕەسەندنەوە، یان ڕەگەری ناوچەیی بکەین وەک ئەوەی ئەمانە تەنیا بنەما بن، بە ئەمە ڕاستگۆیی بە واتای ئەوە دێت کە بە ئاشکرا بڵێین ئەو شتە نەک تەنیا پاساوێرە ئایدیۆلۆژیەکانی دەسەات و سیاسەت، بەڵکو بەرژەوەندییە ئابووریەکان بنەما هەرە سەرەکیەکانن لەو جەنگەدا، ئەو جەنگە تەنیا پێکدادانی چەند دەوڵەتیک نییە، بەڵکو دەرفەتەکی بازرگانی گەورەشە بە ئەو کەسانەی کە قازانج لە بازاڕی چەک و قەیرانی وزە و ئەمنی و باری ناڕاسایی دەکەن.
بەیە کاتێک سەیری شێوازی نەوان ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێران دەکەین،

هیچ ناکۆکییەکی ئەخلاقی لە نێوان چاکە و خراپەدا نابینین، هیچ لایەنێک نابینین بە ناوی مەسەلەی مرۆڤایەتییەوە بە شێوەیەکی باوەڕپێکراو مامەڵە بکات، بەڵکو پێکهاتەی ئەو دەسەڵاتانە دەبینین کە لە ڕووی سیاسییەوە پاساو بە تووندوتیژییەکانیان دەهێنێنەوە، لە کاتێکدا لە پاشخانە واقیعییەکەدا بازاڕەکان کاردانەوەیان دەبێت و بەرهەمهێنانی چەکووتکەنەڵژیای سەربازی و نرخی نێوت بەرز دەبێتەوە و گرێبەستی نوێ واژۆ دەکرێن، لە ناوەڕاستی پڕسەندنی شەڕەکەدا، ئەمریکا ڕەزامەندی لەسەر فرۆشتنی چەک بە سێ وەڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە بڕەای زیاتر لە 16.5 ملیار دۆلار پەسەند کردووە، لە هەمان کاتدا کەشکی سپی داوا لە بڕیندارانی بواری بەرگری وئاسایش دەکات کە بەرهەمهێنان خێراتر بکەن و بگوڕێ ئاژانسی ڕیتەرز، ڕێنگە پێویستییەکانی پنتاگۆن بە ئەو جۆرە بڕەی ٥٠ ملیار دۆلاری دیکە زیاد بکەن.

ڕێک لەڕووی کە ناماقوڵیەتی سیاسی ئەو شتە دەردەکەوێت، شتێک کە بە ملیارەها دۆلار گرێبەستی تەدا پەسەند بکرێت و بازنەکانی بەرهەمهێنانی چەکی تەدا فراوان بکرێن و بناغەکانی نوێی کۆنتراکتی چەکی تەدا دابڕژرێن، شتێک نییە کە بتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئامانجێکی مەعقوڵی و ئینسانی هەیە و لە پێناو ژیان و گوزەرانی کەمەگا چەوساوەو ژێردەستەکاندایە، هەرکەسێک بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەو جۆرە پەیوەندی بە پاراستن، سەقامگیری و دیموکراسی و بە بەرگرییەوە هەیە، دەبێت بپرسرێت بۆچی لە ناوەڕاست وگەرمەی ئەو کارەساتەدا، کۆمپانیا پیشەسازیە سەربازیەکان بەردەوامن لە گەشەکردن، (ئاژانسی ڕیتەرز ئەوەی بەاویکردەوە، کە کۆمپانیای (ئێلبیت سیستەمز) کە گەورەترین بڕێندەری بەرگری ئیسرائیلە، پێشبینی دەکات دوای ساڵانی جەنگی غەززە خواست لەسەری زیاتر ببێت، کە ئەستاش بەهەی شتێی دژی ئێرانەوە داهاتی کۆمپانیاکە لە ساڵی ٢٠٢٥دا بە ٧.٩ ملیار دۆلار بەرزبووەوە، و پشکەکانی لە ساڵی ٢٠٢٦دا زیاتر لە ٥١% زیادیکردووە)، کە ئەوەش ئەو خاڵیە کە مرۆڤ چیتر ناتوانێت باسی تەنها لەژیکی ئەمنی و خۆپارێزی و بەرگری بکات، کاتێک شتێکان، گەشکردن بە کۆمپانیاکانی چەکو بازاڕەکانیان، بە دەوڵەتان دەرفەتی نوێی وبەرهەنان و بازاڕی نوێی فرۆشتنیان بە دابین دەکات، ئەوا دەبێت بوترێین کە بڕەین ئەوەی کە هەیە، شتێی کۆنکردنی سەرمایەیو هیچیتر.

هەر بە پێی سەرچاوەکەی ڕیتەرز، لە کۆتایی مانگی شوباتەوە، شتێکە بازاڕەکانی وزەی جیهانی هەژاندووە، گەرووی هورمز نزیک بووە لە وەستان، هەروەها نرخی نێوتی لە هەندێک کاتدا بە سەرووی 100 دۆلار و تەنانەت هەندێکجاریش بە 119 دۆلار بە هەر بەرمیلێک

بەرزکردووەتەوە، بەیە ئاژانسی نەودەوەتی وزە زیاتر لە 400 ملیۆن بەرمیل لە یەدەگی فریاگوزاری خستەتە بازاڕەوە .
ئەوە بە ئیمە لە ڕووی سیاسییەوە مانای چییە؟ بەو مانایەیە کە ئەو شەڕە ڕاستەوخۆ هەندراوەتە ناو ژیانی خەڵکەوە وبڕگەدراوە بە ڕەوشی ئابووریەکی کارساتبار، بە زڕینەی خەڵک ئەوە بە واتای بەرزبوونەوەی تێچووی ژیان، گرانبوونی وزەو کاڵاکان، دابینکاری و خزمەتگوزاری ونادیاری و دابەزینی دەنیایە کۆمەڵایەتیەکان، بەڵام بە هەندەک کەمپانیاو فیگورەکانی جەنگ بە واتای زیادکردنی نرخەکان، قازانجی بازرگانی نوێ و گەشەسەندنی ستراتیژی ئابوری دێت، ئەوەش ئەوەمان پێدەڵێت کە شەڕەکان هەرگیز تەنها بڵەکو هاوپەیمانێتیەکان بەرهەم ناهێنن، بەڵکو بڕاوە و دژاویش لە ئابووریدا بەرهەم دەهێنن و براوەکانیش بە دڵگەمن لە ناوچەو شارو هەرێمە وێرانبووەکاندا دەبینرێن.
بەیە کاتێک باس لە (بازرگانانی ئەو جەنگە)دەکەین، مەبەستمان تەنیا کەمپانیاکانی چەک نیین، مەبەستمان تەواوی تەڵەی نوخبە سیاسییەکان و ئامڕە ئەمنی و سەربازیەکان و بەرژەوەندییەکانی وزە و بازاڕە دارایەکان و پیشەسازییە ستراتیژییەکانە کە لە نادەنیایی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا قازانج و وبەرهێنان دەکەن، ئەو جەنگە ڕێگەوەکانی دابینکردنی لە خڕاکەوە تا گشت پێداویستیە سەرەتایی وسەرکیەکانی ژیانی پێکخستووە و متمانەپێکراویی بڕگا بازرگانییە سەرەکیەکانی خستەتە ژێر پرسیارەوە و کەمپانیاکانی لە سەرانسەری جیهاندا خستووەتە ژێر فشارەوە، لە هەمان کاتدا کەمپانیاکانی بواری سەربازی و ئەمنی خەریکی هەسەنگاندنی بەرهەمهێنان و دەرفەتەکانیانن لە ژینگەی نوێی جیۆپۆلەتیکیدا، بە واتایەکی تر شەڕ خەریکە ژیان وێران دەکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەولەویەتەکان بە سەرمایە و بەرهەمهێنانی تەکنەلۆژیای مەرگ بڕکدەخاتەوە، ئەوەش فەزیحەیەکی مەعڕەفی زەر بەرچاوە.
بەیە ئەوە کارەکی زەر قورسە بتوانین ئەو جەنگە تەنها لە ڕووی سیاسیەوە وەنا بکەین، وەک ئەوەی کە هەڵز و لایەنە بەشدراربووەکانی ئەو جەنگە لە بنەڕەتدا ئامانجەکی ئەخلاقییان هەبێت، چونکە لە بنەڕەتدا ئەو شەڕە بە پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان نییە، بەڵکو بڕکخستنەوەی پێکهاتەی دەسەڵاتی زلهێزەکانە، بەرگریکردن نییە لە مرۆڤایەتی و دیموکراسی، بەڵکو بەرگریکردنە لە بوارەکانی کاریگەری توانای سەربازی و پاراستنی کەریدەرە ستراتیژییەکان و بەرژەوەندییە ئابووریەکان. زمانی مەعڕاڤ زەرجار تەنیا خزمەت بەوە دەکات کە بەیارە سیاسییەکان مرۆڤانەتر دەرکەون لەوەی کە لە ڕاستیدا هەن، هەک ئەوە شتەکە کە کەمەگاکانی ئەمە لەو ناوچەیە

تووە وبەزار دەکات، چونکە کاتێک شتێ بە ناوی بەهاکانەوە دەکرێت، لە کاتێکدا دینامیکی ڕاستەقینەکەی بە شێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەستە بە چەککردنەوە و سیاسەتی وزە و لۆژیکی بازاڕی جیۆپۆلەتیکییەوە، کەواتە لە هیچ شوێنک لە ناو دوکێڵی خنکێنەری ئەو جەنگەدا مۆراڵ جێگای نابێتەوە، بەڵکو مۆراڵ دەگۆڕدرێت بە ئامرازسازی ودەبێت بە پەیامێکی هەڕەشەئامێز.

لەوەش زیاتر کە بە ئەمە جێگای دڵتەنگیە ، کاریگەرییە درۆژخایەنەکانی ئەو جەنگەیە لەسەر کەمەڵگاکانی ئەمە، چونکە ئەو جۆرە جەنگانە بە ئاگربڕست کۆتایی نایەت، بەڵکوو ئەوان خەیان بەردەوامی پێدەدەن لە ناو دامەزراوەکان، لە ناو کولتووری سیاسی، لە زمان و لە هەستیاری مرۆڤی بە نەوەکانی داهاتوومان، کەمەڵگایەک کە بەردەوام فێردەکرێت کە توندوتیژی دەتوانێت شتێکی (پۆیست) بێت، وردە وردە هەستیاری خەڵکی بڕامبەر بە ناداڵپەروەری کەمبایەتی لەدەست دەدات، دەستەماتوو سیستەمێکی سیاسی کە بەردەوامانکردن و وێرانکردن بە سەقامگیری دەزانێت، خەڵک ئادەهێنێت لەسەر ئەوەی کە توندئاژۆی و دەمارگیری بشیکە لە بەرهەمی عەقڵی تەندروست، ئابووریەک کە لەسەر بەڕەوەبردنی هەمیشەیی قەیرانەکان گەشە دەکات، خەڵک بە نائارامی و باری نائاسایی و کێبڕکێ لەسەر سەرچاوە کەمبەردەستەکان ئادەهێنێت.

من پێم وایە کە قووڵترین وێرانکاری ئەو شتە نیە کە لێرەدایە، نەک هەر وێرانی ژینگەخان و ئابووری بەجێدەهێڵێت، بەڵکو جینایەتکی سیاسی شەواویش بەجێدەهێڵێت، ئەو مندااڵنەی کە بە وەنەی شتەی هەمیشەیی گۆڕە دەبن، فێر دەبن کە توندوتیژی بشێکە لە دیمەنی سیاسی، ئەو گەنجانەی تەنها قەیران و سزا و مووشەک و تەقینەوە دەبینن، باوەڕیان بە بیرکەی دادپەروەری و دیالۆگ لەدەست دەدەن، ئەو خەزانانەی کە لۆگۆ سەختی باری ژیان و بەرزبوونەوەی نرخ و نائەمنی و دەندەیی کەمایەتیدا دژین، زیاترگەشە دەکەن بە دیدگای پاوانخوازی و ناسیۆنالیزم و کۆنەپەرستی ئایینی و تامەزرۆیی بە ڕەکخستنی ڕەقوکینەی سیستماتیک، بەیە شتێکی لەو شۆڕیە نەک هەر ژیانی ئەمە لەناو دەبات، بەڵکو وێرانکارییە سیاسیەکانی سبەینێش دەست پێوەدەگرێتوو بەخۆیان دەکات.

هەر بەیە بەس نیە بە ئەمە هەستەنگاندنی ئەو شتە لە ڕووی سەربازی و سیاسی و یان دیپلۆماسییەوە لەبەرچاو بگرین، بەڵکو دەبێت لە ڕووی مۆراڵیشەوە هەستەنگاندنکی ژیاریانەی بە بکەین، دەبێت ئەمە وای ببینین کە لە ڕوانگەی مۆراڵیشەوە نیشانەی شکستی قووڵی سیاسییە، نەک لەبەر ئەوەی تەنها لایەنێک تاوانبار و لایەنکەی تر بێتاوان، بەڵکو لەبەر ئەوەی تەواوی پێکهاتە

دەستاتیەکە کە ئەو جەنگە بەردەوامی پێدەدات، لەژیکەک جگیر دۆکات کە ژیانی مرۆڤ دۆکاتە کابایەک بە دانوستان. هەندێکیان ئاسایش ودیموکراسی وخۆشگوزەرانی دەفرۆشن، هەندێکی تر بەرخۆدان وبەرگری و هەندێکی تریش هاوگری و هەندێکی تر سەقامگیری، بەڵام لە کۆتاییدا یەک ڕاستی دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤکان دەمرن، کولتورەکان وێران دەکرێن و پێکهاتەی هەزەکانیش قازانج دەکەن.
ئەوەی کە بە ئەمە گرنگە نابێت باوەڕ بە ڤیتریکسی مێژووی سەرکردەکانی جەنگ بکەین، هەر کەسێک ئامانجی ئەخلاقی ئینسانی ڕاستەقینەی هەبێت، گرێبەستی بازرگانی چەک بە ملیارەها دۆلاری پەسەندو واژە ناکات، هەرکەسێک بەڕاستی ئارەزووی سەقامگیری کەمەگاو مرۆڤ لەلای سەنتەر بێت، قەیرانەکان دروست ناکات کە تێچووی تەواوی بخاتە سەر ئەستۆی کەمەگاکان و ژیانی خەڵک، هەرکەسێک بەڕاستی ئارەزووی ئاشتی و دیالۆگی هەبێت، بە شێوەیەک هەڵفتار ناکات کە بە هەمیشە چەک و نەوت و ئامرە سەربازی و ئابووریەکان ترس لە ناو دڵی کەمەگادا بهەژێنن.
بەیە ئەو شتە بە ئەمە تەنیا کارەساتێکی ناوچەیی و مرۆیی نییە، بەڵکو وێنەیەکیشمان پێدەدات لە چۆنیەتی کارکردنی سیستەم و دەستاتی سەرمایەداری مۆدێرن، کە نەک تەنها دۆکۆزێت و دەسوتێنێت، بەڵکو لە پەناشیوە قازانج و سەرمایەش کەڵکە دۆکات، وە تا ئەو کاتەی ئەمە بە ئاشکرا دان بەو پێوەندییەدا نانێین، بەردەوام دەبین لە بینینی جەنگکان وەکوو پێویستییەکی مرۆیی بە کەمەگاکانمان.

کوشتنی ژنێک بەر لە 8ی مارس.. جوتیار مەلا ڕەئوف

کە هەواڵەکە گەیشت و بەاوکرایەوە، شاری بەغدا هەشتا تاریک بوو، هەواڵی کوشتنی ژنێک بوو، تەنها ژنێک.. ئەو نە ژنەاڵ، نە سوپاسالار، نە وەزیر، نە پەرلەمانتار، نە کەسایەتیەکی ناو دەسەات بوو، ئەو تەنها ژنێک بوو لە ناو جەرگەی کۆنپەرستیدا قسەی کردبوو، ژنێک کە هەڵیکردبووەوە بەدەنگ بێت، ژنێک کە باوەڕی وابوو ئازادی نابێت ئیمتیازێک بێت، بەڵکو دەبێت بنەما بێت بۆ ژیانی

مرۆڤەکان بە یەکسانی.
ڕەنگە بەو زووانەش، یان چەند ڕۆژێتر ناوی ئەو، لە ناو میدیاو هەواڵەکاندا نەمێنێت، چونکە لە وڵاتێکدا کە بەهەی جەهل و شەڕ و تەقینەوەی ڕەکێتوو و قەیرانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە هەڵاوە، کوشتنی ژنان بە خەرایی دەبێتە تەنها ئامارێکی دیکە لە ئاماری تۆندوتیژیدا.
چەندە بە ئازارە کە کۆمەک بەر لە 8ی مارس، لە کاتێکدا ڕەکخراو و حیزبوو دامودەزگا و میدیاکان ئامادەکاری دەکەن، وتار لەسەر مافەکانی ژنان ئامادە دەکەن و سیاسەتمەداران و پیاوانی دەوڵەتوو پەرلەمانتار پەیامی ساڵانەی خەیان لە ڕووی زمانەوانی و ئەدەبیەوە بە بە هیچ گرانکارێک دادەڕژێنەوە، لە شوێنێک، لە گۆشەیەکی تاریکی شاری بەغدا ژنێک دەنێژرێت کە تاکە (تاوانەکەی) تەحەدای جەهل و کۆنەپەرستی و نەزمی پیاوسالاری و دەستەڵاتی مەزهەبگەرا بووە، چەندە خەمێکی قورس بە ئەو مرۆڤانەی کە لە خەمی کەرامەتی ئینسانی و هاوتایی دان، کە تا دێت لە ناو کۆمەڵگای عێراقیدا نەریتە پیاوسالاری و مەزهەبگەراکان بەهێزدەکرێن و وەکوو یاسا دادەڕێژرێن و بەردەوامیان پێدەدرێت، لەلایەن دەسەڵات و مەرجەعە ئایینییەکانەوە شەرعیەت وەردەگرن و لەلایەن گروپە سیاسییەکانی ناو دەستەڵاتەوە دەپارێزرێن، لە ناو ئەو پێکهاتەیەدا جێستەی مەینەوەکوو خاکێک دەبێندرێت کە دەبێت چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێت، لە ڕەگەی ئەخلاقەوە، لە ڕەگەی خێزانەوە، لە ڕەگەی ئایین و هەندەکجاریش لە ڕەگەی تۆندوتیژی ئاشکرادا.
لە ناو ڕایەڵە جیاوازەکانی کۆمەڵگای عێراقیدا ئەو جۆری کۆنترۆڵە بە تایبەتی بووەتە دیاردەیەکی زۆر دڕندانە و نا ئینسانی، دوای دەیان ساڵ لە شەڕ وماوەڕانی و هەڵوەشاندنەوەی ستراکچەری سیاسی، سیستەمێکی سیاسی دەستی بەسەردا گرتووە کە حزبە ئایینییەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵاتێکی کۆنەپەرست کاریگەرییەکی بەرچاویان لە ناویدا هەیە، زۆرێک لەو هێزانە بەناوی جیاجیای
ئایین، ئەخلاق، یان ناسنامەی نەتەوەییەوە قسە دەکەن و بەردەوام سیاسەتکانیان نوێنەرایەتی گەلانەوە بە نەرمەکانی پیاوسالاری و کۆنەپەرستیەکی پێناسەنەکراو دەکەن، ئەوەی کە ئەوان چاورەی دەکەن تەنها ئەوەیە کە ژنان هەڵگری شەرەفی کۆمەڵگا بن، چاوەڕوان دەکەن کە ژنان ئەخلاقی میللەت و نەتەوە بەرجەستە بکەن، چاوەڕوان دەکەن کاتێک پیاوان باسی سیاسەت دەکەن ژنان بەدەنگووە دەمبەستراو بن، وە ئاگەر بەدەنگیش نەبن، نرخێکی دەتوانێت ئەوەبێت کە دەیبینین.
کوشتنی چالاکوانانی ژن هەرگیز تەنیا تاوانێکی تاکەکەسی نییە، پەیامێکی هەوونە، پەیامێک بە هەموو ئەو ژنانەی کە بوێرن و دەنگیان

لە بەرامبەر ئەو جەهل و نەزمە پیاو سالاریە دینیدا بەرز دەکەنەوە.
یەکێک لەو دەنگە هەرە بەرزو گرنگانە لە ناو ئەو تیکۆشانەدا، چالاکوانی داکۆکیکاری مافی ژنان (یەنار محەمەد)بوو، ئەو سانکی زەر دژی کوشتنی شەرەف و توندوتیژی پیاوسالاری و دەسەلاتی سیاسی حزبە ئایینییە کۆنەپەرستەکان لە عیراقدا خەباتی کرد و تێکۆشا، (یەنار محمد) چەندین رێکخراوی بە پاراستنی ژنان دامەزراند، پەناگەی نهێنی بۆ ئەو ژنانە دروستکرد کە لە کوشتنی شەرەف هەڕەشەیان لێدەکرا بەرزی بۆ کەسانە بەخشی کە سانک بوو بە بەدەنگی لە سەبەردا دەمانەوە، بۆ زەرەک لەو ژنانەی کە ژیانیان لە ژێرهەڕەشەدابوو، ئەو پەناگانە وەکوو تاکە شوێنی سەلامەت بیان چانسی مانەویان بوو.
یەنار محمد چەندین جار هەڕەشەی کوشتن و ناوزاندنی لە کرابوو، بە دوژمنی ئایین و نەریتوو کەمەگا ناوزەد کرابوو، هەزە سیاسییە کۆنەپەرستەکان هەوڵی بەبەهاکردنیان بە تێکۆشان و کارەکانی دەدا، چونکە ئەو حەقیقەتێکی سادەی بیان دەکردوو قسەی لە بارەوە دەکرد، ئەویش ئەوەبوو کە چەوساندنەوەی ژنان رێکەوتوو چارەنووسکی فەرهەنگی نییە، بەڵکو سیستەمکی سیاسیی و کۆمەلایەتیی و مەزهەبییە، سیستەمک کە لایەنە سیاسیەکان بە بەهەزی بەرگری لەدەکەن و بەکاری دەهێنن، سیستەمک کە لەلایەن پەکهاتە خەزانییە پیاوسالارو مەزهەبیەکانەوە لە ناو کەمەگەی عیراقی بە خراپترین شێوە بەرهەم هێناوەتەوە.
کوشتنی یەنار محمد لە بەغدا چەند هەڕەک بەر لە 8ی مارس، ئەوە نیشان دەدات کە قسەکردن لەسەر مافی ژن لە ناو ئەو کەمەگایەو لەبەرامبەر ئەو دەستەاتە پیاوسالارو مەزهەبیەدا چەندە بە سەرپێی و بە ئاستەقینەیی دەبەت بەمەنتەوە.

دیداری ژنەڤ، فیناڵی قەناغێک لە ململانێ.. جوتیار مەلا رەئوف

سبەی٢٦.٢ نوێنەرانی ئەمریکا و ئێران لە ژنەڤ کەدەبنەوە، لە یەکەم نیگادا پەدەچەت تەنها وەکوو هەر کەبوونەوەیکی دیپلۆماسی تر کە

لە نێوان زلهێز و هاتی تردا خۆدا ببینرێت، بەڵام لە واقیعدا ئەو کێبڕوونەوەیە لە ساتەکدا بەرژەوەندیەتی کە ئێستا ناوچەکە پێی هەڵکشان و گرمبووندان، هاوپەیمانییەکان لە گۆڕان، فشارە ئابووریەکان لە زیادبوونداو و هەر جووڵەیەک کە لایەن زلهێزکانەوە بۆ تایبەتی ئەمریکاوە دەکرێت، شپەلەکی زۆر ترسو نادڵنیایی بۆ ناوچەکەمان دەنێرێت.
ئەو کێبڕوونەوەیە ساتەک نییە لە بەیەکگەیشتنەکی ئاسایی، لە پەیوەندیەکی دێژخایەنی ئەو دوو ووڵاتە، بەڵکو هاوکێشی هێشارانەیە بۆ گەیگریکردن لە پەرسەندنکی مەترسیدار، ئەو کێبڕوونەوەیەی واشنتن و تاران لەبەر ئەوە نییە کە متمانەیان بە یەکتری هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە هەردووکیان درک بەوە دەکەن کە هیچیان توانای لەدەستدانی کۆنترۆیان نییە.
ئەوەی کە جنێف وەک شوێنەکە هەڵبژێردراوە، بەڵکوت نییە، شارەکە لە ناو قوڵایی بەلایەنی و دیپلۆماسییەکی جیهانیدا جێگیرە، لەو شارەدا ڕکابەرەکان دەتوانن قسە بکەن بەبێ ئەوەی مەترسی لەدەستدانی ڕووخساریان لەسەر بێت، بێ بڕیاری هیچ لایەنێک هەست بە فشاری بەرامبەرەکەی بکات، جنێف شوێنی هەماسازی نییە، بەڵکو شوێنی قسەکردنکی کراوەیە، کە ئەوەش بە تەواوی ڕەنگدانەوەی سروشتی ئەو کێبڕوونەوەیە.
هەرچەندە ئیمە ئاگاداری وردەکارییە فەرمییەکان نین بە شێوەیەکی گشتی ، بەڵام خاڵە مشتومڕاویەکان سانایەکە وەک خۆیان ماونەتەوە لە نێوان ئەو دوو ووڵاتەدا، بەرنامەی ئەتۆمی ئێران وەک خاڵی ناوەندی ململانێکان دەمێنێتەوە، بە ئەمریکا بابەتی ئاسایشی جیهانی و سەقامگیری، ستراتیژو ئەولەویەتە، بە ئێران بابەتی سەروەری نەتەوەیی و ڕەگریکردنە لە هەژموونی ئەمریکا، لە پشت ئەو مشتومڕە تەکنیکییەوە واقیعکی قووڵتر هەیە کە هەردوو ووڵات ئاسایش بە شێوازی تەواو جیاواز لە یەکتری پێناسە دەکەن،
ئەو پێناسەیش کاریگەریی ناوچەیی ئێران لە عێراق، سوریا، لوبنان و یەمەن زیاد دەکات، کە ئەوەش بە واشنتن ئامادەبوونکە کە ناسەقامگیریەکی بەردەوام بە بەرژەوەندیەکانی واشنتن لە ناوچەکەدا دروست دەکات، لە کاتکدا تاران لە دیدگای ئاسایشی نەتەوەیی خۆیەوە وەک خەپارزی لە بەرامبەر هێرشە دەرکیەکان دەبینێت، جیاوازی نێوان ئەو دوو ڕەوانگەیە، جیاوازییەکی بچووک نییە، بەڵکو بڕیاریەکی زۆر گەورەو ستراتیژییە.
پرسی سزاکان بە هەمان شێوە فشارکی کوشندەیە بە گەلانی ئێران، مەبەستیان لەی دروستکردنی فەزایەکی سەختی ئابووری و نائەحەتیەکی

کەمایەتییە، کە بۆ ئەمریکا وەکوو باشترین ئامرازی فشار دەبیندرێن، بەڵام مەژوو ئەوە نیشان دەدات کە فشاری ئابووری بۆ دەگمەن دەتوانێت سیستەمی سیاسی بگۆڕێت؛ نمونەی ووڵاتانی وەکوو کوبا و کۆریای باکورو هەتا عراقیش لە دوای شەڕی دووەمی کەنداو، بە پێجەوانەوە زەرجار ئەو دەستەڵاتانە بەهێزتر دەکات کە زەرترین مەیلیان بە ووبەووبوونەوە هەیە.
کەواتە ئەو کەبوونەوەیە بۆ شۆڕشێکی واقیعی دەتوانێت چی بەدەستبهێنێت؟
ڕەنگە ڕەکەکۆتنکی مەژوویی بەرپا نەکات، ڕەنگە پشکۆتنکی گەورە نەبێت لە دوبارە بونیادی ئەمنیەتی سیاسی ناوچەکە، بەڵام ڕەنگە شتێکی بۆ هەمان شێوە گرنگ بێت بۆ کەمبوونەوەی گرژییەکان، بۆ بوژانەوەی کەناڵەکانی پێیوەندی و ئاماژەیەک کە ڕێگاکانی دیالۆگوو دیپلۆماسی هەشتا مومکینن.
بۆ هەرەمی کوردستان ئەو بڕیەکەکۆتنە ئەبستراکت نییە، هەر لەکنزیکبوونەوەیەک یان ووبەووبوونەوەیەک لە نێوان واشنتۆن و تاران دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی بۆ ئاسایشی ئەمە و ئابووریمان و داهاتووی سیاسیمان هەیە، کاتێک گرژییەکان کەم دەبنەوە، فشارەکانی سەر ناوچە جێناکۆکەکان لە عێراق و سوریاش کەم دەبنەوە، بۆ هەرەمی کوردستان واتا سەقامگیری و توندوتیژی کەمتر، ئازادیی زیاتر لە جۆڵەی سیاسی و و ئاسەی ئابووریەکی باشترو گەشەکردووتر.
بەڵام ئەمە بۆ ئەزموون لەوە تێگەیشتووین کە ڕەکەکۆتنە جیۆپۆلیتیکییەکان بۆ دەگمەن بەرژەوەندیی گەلانی بچووکتر دەکەنە پشینە ، بۆیارەکان لەسەر مەزە گەورەکان دەدرێن، لە کاتێکدا دەرئەنجامەکانیان لە شار و گوندو لە ناو ماڵ و سەر شەقامەکانی ئەمەدا هەست پێدەکرێت، لەو ڕوانگەیەوە هاوسەنگییەکی نوێی هەرەمایەتی دەتوانێت دەرفەتەکان لە بەردەممان بکاتەوە، یان جارێکی دیکە مەودای کارو ژیانمان قورستر و تەسکتر دەکاتەوە.
من پێم وایە گەورەترین بەربەستی نێوان ئەمریکا و ئێران، بەمتمانەیی قووڵی نێوانیانە کە بۆ جیگیری دەمێنێتەوە، واشنتۆن تاران وەک هەڕەشەیەکی ستراتیژی دەبینێت، تاران واشنتۆن وەک زلهێزێک دەبینێت کە دەیەوێت هەژموونی سیاسی خۆی فەرزو بەرفراوان بکات لە ناوچەکەدا، بۆیە ئومێدبەخشین بەو دوو دیدگایە زۆر مایەی دڵخۆشی نییە.
بەڵام ئاگاڕ ڕێگەیەک یان ئومێدێک بۆ پشێوچوون هەبێت، هەردوولا دەبێ دان بەوەدا بنێن کە ڕووبەووبوونەوەی درێژخایەن تەنیا ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە، ئەمریکا دەبێ لەوە تێبگات کە سیاسەتی زەرترین فشار نابێتە هۆی کرانەوەی سیاسی بۆ ئێران، ئێران لە

بەرامبەردا دەبێت دان بەوەدا بنێت کە پەرەسەندنی ناوچەیی گۆشەگیریی خۆی قووڵتر دەکاتەوە و هەگری لە بوژانەوەی ئابووری دەکات و گۆڕانی ئیرانیش لە کۆتایەکیدا باجەکەی بە قورسی دەدەن.
پەدەچێت کابووناوەکەی جنێف ئاشتی دروست نەکات، بەڵام لە ناوچەیەکدا کە زەرجار بە شێوە پێناسە دەکرێت، تەنانەت گفتوگۆی سنووردارێش دەتوانێت کردەوەیەکی عەقڵانی بێت.
بە ئەمە، زەربەی هێواو و پشهاتەکان هەروا چارەنووسساز بووون، کە ئەوەش فەری کردووین هەمیشە لە نەوان هەڵەکانی سیاسەتی جیهانیدا بژین، ئەمە دەزانین و باش لەوە تێگەیشتوین کە زلهێزەکان دەن و دەڵێن تا ئەمە لەرە بمێنینەوە.
هەر بۆیە من دانیشتنەکەی ژنێف نەک تەنها وەک هێوداوەکی دیپلۆماسی، بەڵکو وەک خاڵی وەرچەرخانێکی ئۆگەری، وەکوو فیناڵی ململانییەک بە هاوسەنگی هێز لە ناوچەکەماندا سەیر دەکەم، هێنگە نەبەتە هەکار بە چارەسەرو ئارامیەکی هەمیشەیی، بەڵام هێنگە هێگری لە کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە داهاتوودا بکات.

جوتیار مەلا ڕەئوف

داگیرکردنی هۆش.. جوتیار مەلا ڕەئوف

کاتێک باسی داگیرکردن(کۆلۆنیالیزەکردن) ی هۆش(زیهن) لە مێژوودا دەکەین، ناتوانین کەمپەینگای کوردی وەکوو یەکێک لە سەرکوتکراوترین و بەردەوامترین قوربانییەکانی ئەو پرۆسەیە پشتگوێ بخەین، ئۆگەر یەک کەمپەینگا هەبێت کە لە سەدەی رابردوودا بە توندترین شێوە هەست بە کاریگەرییەکانی جۆری ئەو کۆلۆنیالیزمە بکات کە لە فۆرمی فاشیزم و ئامرازکردنی سیاسی ئایینەوە، ئەوە بە دنیایەوە کەمپەینگای کوردیە.
بەوونی ئەمە لە ناوەندی ئەو ململانێیدا هێکەوت نییە، ئەمە لە سەنتەری ئەو هەژمون و روبەروبونەوەیەداین، چونکە خاوەن پێناس، زمان و بینینێکی سیاسی جیاوازین لە پێوەست بە بوون و ژیانی کۆمەڵایەتی، ئەمە نوێنەرایەتی خواستێکی جیاوازی سیاسی و ژیاری

دەکەین؛ بینینێک بۆ ژیانێکی شارستانی، بۆ سەربەخۆییەکی پڕ لە کەرامەت و خۆڕاگریەکی مرۆیی سەرپێکەتوو و هاوچەرخ، ئەو بینینەش بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دژ بەو مۆدێلەیە کە لە ناو دیدگای فاشیزمی نەتەوەیی وەهرووها لە ناو دیدگای ئیسلامی سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێت، نمونەی مۆدێلی دووەمتی (یەکپێناسەیی، یەکزمانی و یەک عەقیدەیی).
مۆژووی فاشیزمی نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسی بەرامبەر بە کورد، دیدگایەک نییە لە مۆژوودا بە یەکبوون و یەکگرتنەکی دیموکراتیک و ئازوومەندانە، بەڵکوو مۆژووی ئینکارییە بەرامبەر بە بوونی مرۆڤی کورد، سەدان ساڵە مرۆڤی کورد لە ناو ئەو دیدگایەدا دەکوژرێتوو ناسنامەکەی بە فەرمی نکۆڵی لێدەکرێتوو ڕەتدەکرێتەوە، هەموو مێتۆدێکی سەرکوتکردن و لە ناو بردنو و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی، زمانی قەدەغە کراوە، ناو و شوێن و مۆژووی گۆڕدراوە، سیاسەتی ئاسیمیلاسیون(لەناوبردن و تواندنەوەی ناسنامەی کولتووری لە ناو کولتورێکی تر) وتا ئاستی لە ناوبردنی نەژادی (جینساید) لە بەرامبەردیدا بەکارهێندراوە.
بەڵام ئەوەی ستراتیژییەکە ئاڵۆزترە، سەرکوتکردنی ئاشکرا بە ڕەگاو میتۆدی جیاواز پێیەوە دەکرێت، کە پێوەندی بە داگیرکارێکی تریەوە هەیە، پێوەندی بە دووبارە داشتنەی نەخشەی ئایدیۆلۆژیا و دینگەرایی سیاسیەوە هەیە، ئێستا داگیرکاری تەنیا خاکو جیۆگرافیا نییە، کاریگەرتر لەوە داگیرکردنی زیهن(هۆش). کۆلۆنیالیزمی فاشیزمی ئایدیۆلۆژی و عەقیدەیی ئەوەیە کە ناسنامەی نەتەوەیەک بە هەواشی بخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیکەوە.
ئەوەش جێرەکە لە کۆلۆنیالیزمی ئایدیۆلۆژی مۆدێرن، ئیسلامی سیاسی وەک ئامرازێک بە بەڵایەنکردنی چارەنوسی سیاسی کەمەڕگای کوردی وکوو میللەتێک کە بەشیکە لە مۆژووی کۆنترین نەتەوەکانی ئەو ناوچەیە پلان دادەنێتوو بەبەست تێدەکۆشێت، لێرەدا فاشیزمی نەتەوەیی و ئیسلامی سیاسی لە پێوەست بەو بابەتەوە دەبنە پرسێکی هەستیار و جێگەی بیرکردنەوە، ئەمە ئەوە هەست پێدەکەین کە زۆرێک لە خەڵک لە کەمەڕگای کوردیدا ئیسلامن وەکوو ئاین، ئەوە واقیعەکە و دەبێت وەکوو بەشێک لە ناسنامەی خوداپەرستییان ببیندرێت، بەڵام کاتێک ئایین لە ڕووی سیاسیەوە لە بەرامبەر کورددا بە ئامراز دەکرێتوو دەتوانرێت بە لاوازکردنی چارەنووسی سیاسی و نەتەوەییان بکاربهێنرێت، دەکرێت عەواقیب و باجێکی، قوربانییەکی سەرتاپاگیری زیهنی مانیپوڵکراوبێت بە هەمیشە.
فاشیزم و ئیسلامی سیاسی کە هاوتەریبن لە ناو یەک دیدگاو ئایدیۆلۆژیەتدا سەبارەت بە بوونی کورد، دین و عەقیدەگەرایی وەکوو هێزی سڕینەوەی پێناسی ئەو نەتەوە بە ئامراز دەگرن و کاری لەسەر

دەکەن.
من مەترسی ئەو هێزە عەقیدەیە لە بەکارهێنانی ئاین و خوداپەرستی بۆ کۆنیالیزەکردنی زیهنیەتی مرۆڤی کورد وەکوو فاکتۆکی کاریگەر دەبینم لە دابەزینی مۆراڵ و ئینتیما و دیدگا مرۆیەکان و داواکاریە نیشتیمانی و سیاسیەکان، کاتێک لە ناسنامەی نەتەوەیی دا بەهێزتر جڕخت لەسەر پێویستبوون بە ئایین و عەقیدەگەرایی دەکرێتەوە لە لایەن هێندێک کەس و گروپوو حیزبی ئیسلامی و تا ئاستێک لەسەر ئاستی گشتیش لە ناو گەنگادا، کاتێک ئەو دەبەتە هێندو بیرکردنەوەیەکی جگیر لایەن کەنگاو خەڵکەوە، ئەوکات مەترسیە ئاستەقینەکە دەبەتە واقیعێکی فەرزبوو کە بەوا بەوە بنیەن هەموومان یەک ناسنامەمان هەیە ئەویش موسڵمانبونە، هەموومان خاوەنی یەک دینین، ئەو کات یەکگرتوویی (ئومەت) دەبەتە ئامانج و لە خواستی راستەقینە کە مرۆقبوون و کیانی نیشتیمانیمانە لە لامان گرنگترو پیرۆزتر دەبیت.
لێرەدا ئاین بە تەنها کەشکە نیە، بەکوو بە ئامرازکردنە سیاسیەکی، بە لاوازکردنی ئەو دیدگایە کەشە گۆڕکێ، ئەو ئارگیومێنتە لە ڕووی ستراتیجییەوە دەتوانێ خزمەت بە تێکدانی بانگەشە ڕاستەقینەکەمان بکات کە دەرچونە لە ژێر داگیرکاری و چەوساندنەوە و نادادگەری کەنگایەتی.
بۆیە ئەمە دەبەت بۆ لەهەر شتێک لەوە تێبگەین کە کورد تەنیا لەژێر فشاری داگیرکردنی خاکێدا نیە، لە ژێر قرکردنی جەستەیدا نیە، بەکوو لە ناو پرسەی کۆلۆنیالیزەکردنێکی زیهنی فاشیزمی نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژی سیاسی ئیسلامیش دایە.
ئەگەر کەنگای کوردی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرژەوەندی ئەو گوتارە عەقیدەیی و فاشیستیە دینگەرایە ڕەژەیی و مینیمال بکاتەوە، ئەوا مەترسیی خەوشاندنەوەی نەتەوەبوون و کەنگاکەی بە ئاستێکی زەرەترسیدار گشدەکات.
ئەگەر ئەمە دەست بکەین بە باوەبوون بەوەی کە زمانکەمان لاوکیە، ئەگەربوا بەوە بنین و بزانین چارنووسی سەربەخۆیی و و مرۆقبونمان ململانێیەکی ناپەویستە، ئەگەر ناچار بین دەسزی بە ئاین یان دەوەتی سەردەستە لە پشینەی ناسنامەی کولتووری خەمان دابنین، کەواتە دەبەت لەوە تێبگەین کە پرسەی کۆلۆنیالیزەکردن لە ریگای فاشیزمی نەتەوەیی و ئیسلامی عەقیدەیەوە چی کاریگەریەکی لە ناخ و هەستوو هۆشماندا جیگیر کردووە و سەرکەوتوو بووە.
هەر بۆیە کەنگای ئیمە بۆ لە هەر ڕوبەوبونەوەیەک لە بەرامبەرئەو هێزە کاریگەرو ترسناکە پەویستی بە ئامادەیەکی معریفی- سیاسی هەیە، پەویستی بە هۆشیاریەکی ئینسانی هەیە ،

پیویستی بە دژگای تایبەتمەندو پێویستی بە هاتنە دەستی دژگا یاسایەکان هەیە، پێویستی بە پەروەردەیەکی تەندروستی نیشتیمانی هەیە، پێویستی بە میدیای ئازادو ڕۆخنەگرانە هەیە بە دڵرخستنی حەقیقەتی ئەو هیزە خەتەرناکە، پێویستی بە پێکهاتە بەهێزکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، ئەوەش نەک وەکوو کاردانەوەیەک بە بنیادنانی کینەو حیقدی نەتەوەپەرستی لە ناخی تاکەکانیدا، بەڵکوو بە پاراستنی ناسنامە ڕاسەقینەکەی و بە ئەوەی زیهنیەتی کۆمەڵگاکەی لە ژێر کاریگەری فاشیزمی دینگەرایی و نەتەوەیی هێزموونخواز داگیر نەکرێت، چونکە فاشیزم لە دەرەوەا هەرش دەکات، بەڵام ئیسلامی سیاسی دەتوانێت لە ناوەوەی بیرکردنەوەی مرۆڤدا بەشایی دروست بکات، کە ئەوەش هاوشێوەو هاوبەشییەکی زۆر مەترسیدارە.
ئەگەر ئەو پرسیارە (کەلەنیالیزەکردنی زیهنی) گرنگ بکاتوو بەهێز بێت لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا و ڕەگەی لەنگیرێت، ئەو کات چیتر هەست بە بوونی داگیرکاریی خاکو وەاتیش ناکەین، چونکە زیهنمان بە پلان و لە ڕەگای شێوەکی بە خوێندنەوە داگیردەکرێت.

ژاوەژاوی ستراسبۆرگ و ئاماژەکان بۆ ڕۆژئاڤا؟.. جوتیار مەلا ڕەئوف

باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا جارێکی دیکە لە ستراسبۆرگ بابەتێکی گەرمی گفتوگۆ بوو، لە هەڵی پەرلەمانی ئەوروپادا، زۆر زاراوەی بیستراوو دووبارەبووەو و ئاشنا بە گویچکەکانمان بەکارهێنران، مافی مرۆڤ، پاراستنی کەمینەکان، بەشداری سیاسی، بەرپرسیارێتی دیموکراسی لەو ووشە ودەستەواژە باوانە بوون، دەخی ناوچە زۆرینە کوردییەکان بە هەستیار پیناسە کرا و ڕەهەی کورد لە شەڕی (دەوڵەتی دەندەی ئیسلامی داعش) بە ئاشکاوی گفتوگۆکراو دانیان پێدانا، مشتومڕێک کە پێ بوو لە تەن و ڕەنگێکی ئەخلاقی ووون و لە هەمان کاتدا، مشتومڕێک بوو کە سنووری کاریگەریی دیدگای ئەوروپیەکانی تا ئاستێک ئاشکرا کرد.
چەندین پەرلەمانتار لە وتارکانیاندا بەبیریان هێنایەوە کە هێزە کوردییەکان بەشداریێکی بەرچاویان لە کۆنتڕۆکردنی هێزو و

پێکهاتەی جیهادییەکانی سوریا کردووە، ئەوان دەیانگوت ئەم بەشداریینە نەک هەر لە ڕووی ناوچەییەوە گرنگە بەڵکو ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوروپاشی بەهێزتر کردووە. لەو واقیعە مەژووییەوە، چەند پەرلەمانتارێک بە ئاستێکی بەرزی خیتابی پێشنیاری ئەویان کرد، کە ئێستا دەبێت بەرپرسیارێتییەکی نوێ سەرهەڵبدات لە ناو سیاسەتی ئەوروپا بە ئەو ناوچەیەو بە کورد بە تایبەتی، بەڵام بە داخەوە بەرپرسیارێتی نوێی سیاسی لە گوتاری پەرلەمانەوە ناگەڕێت بە کردارو بەرپرسیارێتی نوێی ستراتیژی.
پەرلەمانی ئەوروپا بەووڕی ئەوەی خستەووە کە مەترسییەکان پێشبینیکراو و دانپێدانراون، بەشایی دەسەڵات لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا دەتوانێت ناسەقامگیرییەکی نوێ دروست بکات و تونديەوی جیهادی ئیسلامی پەرەپێبدات و قەیرانە مرۆییەکان زیاتر بکات، سەرهەڵدای ئەوەش، مرۆڤ هەستی بەوە دەکرد کە مشتومڕەکە لە نێوان پەرلەمانتارەکاندا لە ئاست و لە چوارچێوەی بانگەوازە سیاسییەکاندا قەتیسماوە، هیچ دەستپێشخەرییەکی کۆنکرێتی و ئامرازێکی نوێی سیاسەتی ئەمنی لەو کۆبونەوەیەدا ڕانگەیەندرا، ستراسبەرگ چاوەڕوانییەکانی دابشت، بەڵام بە ئەمەی کوردو خەڵکی ڕۆژئاڤا هیچ میکانیزمێکی جێبەجێکردنی نەخستە ڕوو.
سیگناڵە سیاسیەکان بە خەسڕی کورد پێ بوون لە دووڤاقیەت، لە لایەک شەرعیەتی سیاسی (ئەحمد شرع) ناخرێتە ژێر پرسیارەوە و هتد و دەستەواتەکەی وەک فاکتەری سەقامگیری تەعریف دەکرێتەوو دانپێدانراوە، لە لایەکی تریش پەرلەمانی ئەوروپا دژایەتی سەرکوت دەکات و داوای پاراستنی کوردەکان و کەمینە نەتەوەیی و ئایینییەکان دەکات،ئەرێ هەر بەڕاست ئەو سیاسەتوو هەڵویستە بە چ تەرازوویەک دەپێورێت؟
لە لایەکی دیکەشەوە وا دەردەکەوێت کە پشتیوانی ڕۆژئاڤا لە ڕووی ئەمنی و پێکهاتەییەوە سنووردار دەمێنێتەوە،
چونکە پەرلەمانی ئەوروپا دەسەڵاتی جێبەجێکاری سیاسەتی دەرەوەی نییە و وەاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی نەریتی بە وریاییەوە مامەڵە دەکەن کاتێک باس لە پابەندبوونە ئەمنییەکان دەکرێت بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ لە سوریا.
بە کورد لە ڕووی فەهمی مرۆیی و مەڵاییەوە تێگەیشتنی ئەو دیدگایە قورسە، بەڵام لە ڕووی پاشخانی مەژووییەوە زۆر ئاسانە، جونکە ئەمە بە درێژایی ژیانی سیاسیمان لە ژێر ئەنوای بەیەن و پایمانە درێژخایەنکانەوە داڕێژدەرێین تا ئەو کاتەی زلهێزکان لەبەرامبەر دەسکەوتەکدا سەودامان پێدەکەن.
ژاوەژاوە سیاسیەکە لە ستراسبەرگ وەکوو فەزایەکی ڕەخنەگرانە

بەرامبەر دەستەڵاتی شەرع و دەوڵەتی عەرەبی سوریا دەرکەوتووە لەوانەیە بەمنەتەوە، بەڵام ناتوانێت ببێت بە هیوایەکی بەهێز، یان ئارگومێنتێکی دانپیدانراو و پابەندکەر، ستراسبەرگ دەیەوێت روداوەکانی سوریا وەکوو چیرۆکێکی غەمگین بگێڕێتەوە، بەڵام نایەوێت وەکوو فاکتێکی واقیعی و سیاسی بیخوێنێتەوە، هەرچەندە بە ئەوانیش زۆر ڕوشنە کە سیاسەتکانی شەرع و حکومەتوو هێزە جیهادیە چەکدارەکانی بە دندان و پاپشتی دەوڵەتی تورک وەکوو بەربەستێک بەچارەسەری سیاسی بەردەوام ببن بە گرفت لە بەردەم ئارامی ئەو ناوچەیەو ئومێدی سیاسی ڕۆژئاڤادا.
پەیامی ستراسبەرگ ئەوەمان پیدەڵێت، کە ئەوروپیەکان بە ئاشکراو ڕوون وەڵەوانی جەخت لەسەر یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکنەوە، ئەوان بە دوای چارەسەری سیاسی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکگرتووو سەقامگیردا دەگەڕێن، نەک بە ئاراستەی پارچەپارچەبوونی دەوڵەتو دابەشکردنی دەستەبات، بەو قسەیە، ئەوروپا ئاماژە بەوە دەکات کە لامەرکەزییەت شتێکە کە لە ئیستای سوریادا شوێنکی نییە بە بیرلێکردنەوە.
مشتومێو ژاوەژاوەکەی ستراسبەرگ تیشک دەخاتە سەر گرژییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئەوروپادا، لە کاتێکدا ئەوان ئامادەییان بە مەترسیە جیۆپۆلەتیکیەکان لە و ناوچەیە سنووردارە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا یەکەتی ئەوروپا سەقامگیری دەوێت، دەیەوێت ڕێگری لە شۆپڵی نوێی کۆچ بکات و دەیەوێت ڕێگە لە کاریگەریەکانی پەرەسەندنی ناوچەیی بگرێتووو لەخەی دووربخاتەوە کە ئەوەش پەیدەگوترێت سیاسەتی وریایی وهەڵەی سنوردار.
لە ڕوی کۆنتەکستی سیاسیەوە ئایا ئەم دانیشتنەی ستراسبەرگ گرنگ بوو؟
دەکرێت وەڵامەکەی لە لایەک بەڵێ بێت، چونکە ئەوە نیشان دەدات کە ئەو پرسە مەبەست پرسی ڕۆژئاڤا لە کارنامەی ئەوروپادا تا ئاستێک هەیە، وە دەکرێت نەخرێنە بێت، چونکە هاوسەنگی هێز لەسەرئەرزی واقیع ناگۆڕێت.
من پێم وایە ژاوەژاوەکەی پەرلەمانی ئەوروپا ئاماژەیەک بوو زیاتر بە هاودەنگی لە پرەنسیپ و بەها مرۆیەکان. بەڵام تەنیا لە ناو چوارچێوەیەکی مراڕیدا، نەوەکوو ڕەهەندێکی سیاسی لە داهاتووی باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا و ڕۆژئاڤادا.
هێڵ لەڕدایە بەمان دەردەکەوێت کە واقیعی سیاسەتی کوردی لە بەشایەکی زۆر گەورەدایە لە نەوان پێنسیپی سیاسی و مرۆیدا لە ناو جیهانی زلهێزو دیدگای وەاتە بەرژەوەندخوازەکاندا.

جوتیار ملا رئوف

.

دوورگەی ئێشتاین، وەک هەمایەک بەشکستی مێژووی سیستەمێک.. جوتیار ملا ڕئوف

کاتێک لەسەر دەسپێی جەفری ئیشتاین دەنووسین، تەنها لەسەر تاوانبارێکی هەوەسبازی سێکسی سزادراو قسە ناکەین. دەبێت لەسەر دەسەڵات قسە بکەین، سەبارەت بە پارە، سەبارەت بە سیستەمێک کە نایەکسانییەکی زۆر بەرهەم دەهێنێت و بەمجۆرە پارە بە وەرینی مێژووی ئینسانی دەدات، بۆیە تەنها پێویستمان بە دیدگایەک نییە، بەڵکو بە هەندێکی سیاسی قوڵ و گشتگیرتر، پێویستە بڕلە هەرشتێک پرسیاری ئەوە بکەین کە ئەم کێسە چی لە بارەی بنەما ئەخلاقییەکانمانەوە ئاشکرا دەکات، کام ڕاستییانە لە پشتییەوە سەردەردێنوو خۆیان دەردەخەن.
ناوی ئێشتاین بە شێوەیەکی دانەبڕاو پێوەستە بە دوورگەیەکەوە کە پێی دەگوترێت (سێینت جێیمسی بچووک) لە دوورگەکانی ڤێرجینی ئەمریکا، . ئەو دوورگەیە تەنها وەکوو بەشێک لە دیاردە جوانەکانی سروشت نیشانی ئەمە نەدرا، بەڵکو بوو بە هەما بە تاوانێک کە سیستەمێک لە پشتیەوە وەستاوە، لە فەزایەکی جیاواز و تایبەت، لە دەرەوەی هەموو بەها و بنەما ئەخلاقیەکان ژیان و کاتی تێدا بەسەربردراوە، ئیپشتاین سەرمایەدارو بازرگانێکی ئەمریکی بوو کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ بازنەکانی دەستەڵاتوو پارەدارو کەسە کاریگەرەکان لە بواری سیاسەت و بازرگانی و ئەکادیمیدا هەبوو، ئیپشتاین لە ساڵی ٢٠٠٨دا لە ویلایەتی فلۆریدا دانی بە تاوانێک نابوو کە داوای لە منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی کردووە بۆ تەکەڵکردنیان بۆ بازرگانی لەشفرۆشی، ئەو گرێبەستەی کە لەو کاتەدا لەگەڵ داواکاری گشتی کردبووی، لە ژێرناوی (مامەڵەی داوای لێبوردن) لە ئەنجامدا تاوانکار سزایەکی نائاسایی نەرمی بەسەردا

سەپەندراو بۆ هەیشۆو ڕەخنەیەکی زۆر و بڵاوفراوانی لە سیستەمی دادوەری ئەمریکادا لێکەوتەوە.
لە ساڵی ٢٠١٩دا جارێکی دیکە ئیپشتاین بە تەمەتی دەستدرێژی سێکسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە تەمەتبار کرا. دوای ماوەیەکی کەم لە دەستگیرکردنی، لە نیویۆرک لە زیندانداو گیانی لەدەستدا، مردنەکەی بە شێوەیەکی فەرمی بە خۆکوژی ناسێندرا، بەڵام بووە هۆی گفتوگۆیەکی جیهانی سەبارەت بە شکستی دەزگا ئەمنییەکان و بەرپرسیارەتی دامەزراوە یاساییەکان، گومانێکی زۆر و هەروەها فەزاحەتێی بنەڕەتی و زۆر جددی لە مامەڵەکردن لەگەڵ دەسەڵات و سامان و جێبەجێکردنی یاسادا ئاشکرا کرد.
لە راستیدا ئەوەی کە ئێستا ئەو تاوانە بڵاوەڕ(دورگەی سێینت جێیمسی بچووک) بەتە ڕەژەقی میدیا جیهانییەکان، تەنها وەکوو دەسیسەیەکی تاوانکاری تجرید نابێندرێت، بەڵکو پێیەتی لە نیشانە و گومانی سیاسی بەرچاو لە پێوەست بە دەستەاتوو سیستەمو کەمەگا، نموونەی نزمەک دەهێنەتەوە بەرچاومان کە دەسەاتی سەرمایەو ئابووری دەتوانێت چ کاریگەریەکی کەمەایەتی و یاسایی لە ایەکانیدا دروست بکات. من لە وانگەیەکی سیاسی جیاوازەوە سێری ئەو کێسە دەکەم، چونکە ئەو کێسە هەکانی فزیحەی مەاڵی سیستەمێک ئاشکرا دەکات کە بانگەشەی درێنەی گەرەنتیکردنی یەکسانی مرۆڤەکان لەبەردەم یاساوکەمەگادا دەکات.
ئەوەی بە تایبەتی جگەی نیگەرانی و تەامانە، تەنها خودی تاوانەکە نییە، بەڵکو هەموو ئەو زەمەنێیە کە لە ژێرسایەی ئەو سیستەمەدا ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە خرایە ژێر سایەی لێبوردێیی کەمەایەتییەوە، ئیپشتاین بە ئاشکرا لە تەی پێیوەندی دەستبژێرە سیاسیەکاندا بەرخوردو هەسوکەوتی دەکرد، پێشوازی گەرمی لەدەکراو بەشداری لە بەنە و ئاهەنگە شاهانەیەکان و بەنە سیاسیەکان دەکرد، پێیوەندی لەگەڵ کەسایەتییە دیارەکاندا دەچاند و چژووو سودەکی سایکەپاتیانەی لە ادەبەدەری لەو پێیوەندیە کەمەایەتیانە دەبینی. لەڕەدا پرسیارێک کە لە زیهنماندا دروست دەبێت، کە چۆن مرۆڤەکی سایکەپات بەم جۆرە پاشخانەوە بە ماوەی ئەوهەموو ساڵە دەتوانێت بەشێک بێت لەودەستبژێرە باڵا سیاسیە و بەو بەدەنگی و چاوپێشیەوە بمەنێتەوە؟
لەڕەوە لە شونپەنجەکانی ئەو تاوانەوە دەردەکەوێت کە سیستەمی سەرمایەداری لە فەمە ااستەقینەکەی خێیدا چ نایەکسانییەکی گەورە بەرهەم دەهێنێت، لەوە تەدەگەین کە سامان تەنها سەرمایەی ئابووری نییە، بەڵکو سەرمایەی کەمەایەتی و سیاسیش، ئەوانەی خاوەنی ملیارەها دەلارن، دەستیان بە باشترین پارەزار و پێیوەندییە

کاریگەرەکان و پەیوەندییە گشتییەکانیش دەگات، کە ئەوش دەبێتە مایەی ناهاوسەنگیەکی مەترسی لە سیستەمی دادوەریدا.
لەرەوە دەبینین سەرمایەداری پاداشتی سەرکەوتن و کەمکردنی سامان بە چ جۆرێک دەداتەوە بە خاوەن هێزە ئابوریەکان، پەمان دەڵێت کە ئەوە پرەنسیپە راستەقینەکەی ئەو سیستەمەیە. کاتێک ئەو شەرمەزارییانە کاریگەریی دەکەنە سەر کارکردنی دامەزراوە دیموکراسیەکان، بەمان دەردەکەوێت کە ئازادی رەهای ئابووری دەبێتە هۆشە بە سەر یەکسانی لە ناو کۆمەڵگاو لە بەردەم یاساو نەرمەکانیدا.
ئەوەی لە ناو بگەناوی ئەو سیستەمدا جیگای نیگەرانییە، ئاسایکردنەوەو بە کۆمەڵایەتیکردنی حەجمی سامانێ وەک نیشانەی بەرزی کوالیتی مرۆڤکان، زەرجار سامان هاوتا دەکرێت لەگەڵ پاکی، لێهاتوویی، زیرەکی، یان باڵادەستی مەعنەوی. ئەو معیارو تەرازوانینە پڕە بە دروستبوونی دیدگایەکی کوڕ دەدات لە ناو کۆمەڵگاداو کار بە بەهەزکردنی دەکات، بە هەمان شێوەش حەجمی قوربانیەکان بچووک دەکاتەوە، یان هەستی گومان لە بەرامبەر قوربانییەکان زیاد دەکات تا ئەو کاتەی تاوانکان پەردەپۆشدەکرێن و ووندەکرێن لە چاوی یاساو کۆمەڵگادا، نزیکترین نمونەش ئەو فەزاحەتە قەزاونەی دورگەکەی ئیپشتاینە.
دورگەکەی ئیپشتاین دەکرێت باشترین نمونەی تاقیکردنەوەی ئەخلاقی بێت بە بەهاکانی دیموکراسیەتی نیولیبەرالیزم، ئەو کەیسە پەمان دەڵێت کە سامان چەندە کاریگەری هەیە بەسەر کەمکردنەوەی هێزی یاسا و دادوەری و دەزگا ئەمنیەکان لە ناو ئەو سیستەمدا، ئەگەر یەکسانی لەبەردەم یاسادا بنەمایەکی سەرەکی بێت، چەن دەکرێت پشت بە باڵانسی بانکی و توانا مادیەکانی مرۆڤ ببەستێت.
ئەوەی کە بە تەنیا بەرپسیارە لەبەرامبەر ئەو هەموو تاوانە قەزاونانەی مرۆڤ، خودی سیستەمە، چونکە سیستەمێک بەوشیوەیە هەگە بە چەبووەوەی دەسەڵاتی سەرمایە بدات و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر یەکپارچەیی مرۆڤیدا ئەولەویەت پەبدات، هەلومەرجێک دروست دەکات کە چاودێریکردن لە ژێریدا شکست دەهێنێت، لە کۆمەڵگەیەکی کۆمەڵایەتی-مرۆڤیدا، کەرامەتی مرۆڤ لە پێش دەسکەوتوو سەرکەوتنە ئابوریەکانداید، بەڵام لە سیستەمی سەرمایەداری و بە تایبەت لە فەرمە نیولیبەرالەکیدا ئەدای سەرمایە لە یەکپارچەیی ئەخلاقی بەهادارتر، سەرمایەداری تەنیا بازاڕەکان لە قاڵب نادات، بەڵکو بەهاکانی مرۆڤیش لە قاڵب دەدات، کاتێک لەژیکی بازاڕ هەموو شتێک دەگرێتەوە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە ئامراز.

قسەکردن یان نوسین لەسەر ئەوتاوانە بۆ ئەوە نییە تەنها وەڵامێکی ئاسانمان دەست بکەوێت. بەڵکو دەبێت لە پێناو یەک ئامنجدا بێت، ئەویش ئەوەیە کە بەرای تاوانبار هەبێت بۆ ئاشکرا باسی دەسەڵات وهێزی پارە و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بکەین. کەیسی (دورگەکەی ئەپشتاین) بابەتێکی زۆر تاریکە. بەڵام دەرفەتێکە بۆ بەخنەگرتن و پیداچونەوە بۆ نەرمو باهاکانی سیستەمێک کە مرۆف لە وێنە ئاستەقینەکەی خۆیدا هیچ بۆهایەکی نییە. ئەگەرئەو تاوانە تەنیا وەکوو ئابووچونێک ببینین، ئەوا وانە ئاستەقینەکەی بۆها ئەخلاقی و مرۆیەکان لەدەست دەدەین. هەرلەو دیدگایشەوە پێویستە لەوە تێبگەین کە دیموکراسییەت چەندە پێویستی بە پشکنین و باڵانسگیری هەیە، بۆ تایبەت لەو شوێنانەی کە سەرمایە دەسەڵات دروستدەکاتوو بۆهای مرۆڤی لەسەر بنیاد دەنێت.

جوتیار ملا ئەحمەد

تەم بارەکی و ڕەخنەگرتنەوەی جیا پەلەتیکی سوریاو باجەکەی.. جوتیار

ڕەخنەی تەم بارەکی لە ڕەخنەگرتنەوەی ئەستای سوریادا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی وردی سیاسی بە شێوەیەکی ڕەخنەیانە هەیە، نەک وەکوو تەنها کاراکتەرێکی سیاسی کە نوێنەرایەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای سەردەمی ترامپ دەکات، بەڵکو وەک دەنگووهەڵوێستێکی کاریگەر کە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانەی جیهادی ئیسلامی- سیاسی دیاریکراوی لەو ناوچەیە شەرعیەت پێدا پێداگری لەدەکات.
لای من گرفتەکە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە کورد لە ڕۆژئاڤا تەنها وەک ئامرازێکی کاتی مامەڵەی لەگەدا کرا، یەپەگە و کوردانی ڕۆژئاڤا بە ساڵانێکی زۆر بە هاوبەشێکی جێی متمانە لە شەڕی دژ بە دەوڵەتی دەندەی ئیسلامی(داعش) دادەنران، هاوپەیمانی نەودەوڵەتی سوودەکی زۆری لە تواناو بەشداریکردنیان وەرگرت، هەزاران شەهیدانی کورد گیانیان لەدەستدا، لە هەمان کاتدا مەڵەلێکی سیاسی لە باکوری

هێزەکانی سوریا سەریهەڵدا کە لەسەر بنەمای (نا ناوەندی) و بەشداری ژنان و حوکمانی هاوبەشی نەتەوەیی دامەزرا. ئەو مەدەلە بە شیوەیەکی گشتی ستراکچەرێکی سیاسی تەواوی نەبوو، بەڵام هەوڵێک بوو بۆ دروستکردنی نەزمێکی ئالتەرناتیف لە دوای وێرانیکانی شاری ناوخۆ لە سوریادا.
کاتێک دەستەواژەی (یەکگرتن) لە چوارچێوەی ئاژاوەگێڕی سیاسیە نوکاندا لە سەردەمی ئەحمەد شەرعدا بەکاردەهێرێت، پرسیارێ چارنووسسازکە بۆ ئەمە ئاوەیە، کە مەرجەکانی ئەم یەکگرتنە دیاری دەکات؟ وە بەرژەوەندی کێ لە بۆ هێزی ناونددایە؟ (تەم باراک) چەندین جار لە لەدوانە گشتییەکاندا باسی لەوە کردووە کە ئەمەی هێزە کوردییەکان لە ڕووی مۆژوویەوە هاتۆتە دی و ئێستا لاپەڕەیەکی نوێ دەستی پێکردووە، دەربڕینو هەڵبژاردنی ئەو لەدوانانە خۆی لە خۆیدا ئاسەی کێشەکەن، بە تەواوانینی من ئەو جۆری خیتابە ئاوەڵدگۆیانەت کە خواستەکانی کورد بۆ ئیمە لە شەڕدا کارا بوون، بەڵام بۆ پیچەوانەشاوە، لە ئاشتیدا بۆ ئەمە ناکاران.
ئەو هەڵوێستە، هەڵوێستەکی ئۆپۆزیسیۆنی دووفاقی و نا مەبەئی نەرێنییە، (تەم باراک) نوێنەرایەتی هێزێکی کۆنسێرڤاتیڤانەی سیاسی دەکات کە سەقامگیری دەوڵەتێکی سێنتراڵ لە دیدگای خۆیدا پێویستی بە قوربانی چارنوسی نەتەوەیەکە، ئەو لە ڕوانگەیەکاوە قسە دەکات کە یەکێتی دەوڵەت و هێکخستنەوەی جیۆپۆلەتیکی لە پشینەی هەموو شتێکدا بێت، لە ڕوانگەی ئەوەوە هەنگاو ئاوە یەکگرتوویی بێت، بەڵام لە ڕوانگەی زەربەی زەری خێکی کورد مانای ئەوەیە دەستکەوتە سیاسییەکانی هێژاقا لە قاڵب دەدرێن ومینیماڵ دەکرێنەوە، کاتێک کارەکتەرێ سیاسیە کاریگەرەکانی ئەمریکا بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە پەژەکانی (خەسەری) پشتیوانی درێژخایەنیان نییە، ئەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وکاریگەر پەگەی دیالەگو نوێنەرایەتی دانوستانکاری لایەنی کوردی لە بەرامبەر هێزی ناوند لاواز دەکات.
ئەو بابەتە بە هەموومان جیگای پرسیارو گومانە، یاخود ئەوە چ پەیامێکی بە ئیمەی کورد تێدایە؟ ساناێک وەک هاوبەشێکی گرینگوو ستراتیژی لە شەڕی داعشدا ناسێندرابیت، کەچی ئێستا بیاربێت بە ناچاری و لە ژێر فشاری هێزە نێودەوڵەتیەکان بتخرێنە ناو مەدەلێکی دەوڵەتی ناوندییەوە کە لە ڕووی مۆژوویەوە هیچ بوارێکی بە بوونی کورد لە سوریادا فەراهەم و پشکش نەکردووە، کاتێک دەنگە ناڕازیە نێودەوڵەتیەکان بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە لەو ئاوگۆڕە خێراو کتووپڕە ناکۆنەوە، لە دەرئەنجامدا وەک پێویستیەکی پراگماتیک دەیخرێنە ڕوو، چونکە ئەوان پییان وایە ئەوە دەستکاری ئەو نەخشە سیاسیە کە ئەوان لە زیهنی خۆیاندا بنیادیان ناوە و

کاریگەری خراپو نەگەتیف دەخاتە سەر ستراتیژیکانیان.
نزیکیی (تەم باراک) لە ناوەندکانی دەسەلات لە واشنتن و لە ئەکتەرە هەرمایەتیکان، قورسایی بە لەدوان ودەربینکانی ئەو دەبەخشێت، تانانەت ئەگەر بەتەنیاش نەتوانێت بیار لەسەرئاوگەکانی سوریا بدات، بەشداری دەکات لە داشتنی پلان و ستراتیژیکی سیاسی کە رێژاقاو کورد وەک فاکتەکی کاتی سەیر دەکات نەک وەک پەکهاتەیکی هەمیشەیی نەزمکی داهاتوو بە سوریا. بە بەوای من ئەک لەرەوە ئەی نەرێنی ئەو (تەم باراک)دەردەکەوێت، نەک وەکوو نەیارەکی ئاستەوخۆ، بەڵکو وەک هاککەرەکی سیاسی هەڵکی سور بەسەر نەخشەی سیاسی خەسڕیدا دەهێنێت لە ڕێژاقا و هاکی دەکات.
من ئەوە زۆر بە مەترسیدار دەزانم کاتێک یەکگرتنەک پەیامەکەی دەبەتە بەدەسەلاتی و ناچارکردنی کورد، ئەگەر هەڵە ئەمنی و شکستهێنەکانی کورد بەبە پاراستنی تایبەتمەندیە سیاسی و کەمایەتیکان لەڕووی دامەزراوەییەوە بخرێنە ناو پەکهاتەکانی دەوڵەتی ناوەندەوە، ئەو کات خەڵکەوە بەری ناوکی راستقینەی سیاسی خەی لەدەست دەدات. ئەگەر ئەنجومەنە ناوخەییەکان ناچار بن دەستبەرداری دەسەلاتەکان بن بەبە ئەوەی گەرەنتی پابەندکەر وەربگرن، تەکەبونەکە بە خەرای و بە شێوەیکی کاریگەرئاراستەکە دەگەڕێت بە ناوەندگەرایی، هەرکەسەک بەبە داشتنی مەرجی ڕوون، بە شێوەیکی ڕیتەریکی پشتگیری لەو پرسەیە بکات، بەرپرسیارەتی لەکەوتە میژوویەکانی لە ئەستە دەگرێت، جا هەر کەس و لایەنەک بێت.
من قەناعەتم وایە کە ئاشتیەکی بەردەوام لە سوریادا تەنیا کاتەک مومکین دەبێت کە خەسڕی ناوچەیی بە جددی وەربگیرێت، خەباتەوە بەریی کورد تەنیا بنیاتنانی سەربازی نییە، بەڵکو دەربەین و هەوەستەکی سیاسی بەکەمەڵ، هەرکەسەک ئەو هەوەستە ڕێژەیی بکاتەوە لە بەرژەوەندی بەڵێنی کورتخایەنی سەقامگیری ناوەندو سوریایەکی یەکرتوودا، ئەگەری ململانێ چاوەڕوانکراوەکەی داهاتوو کە ئەگەری سەرهەڵدانی زۆر نزیکە، بە کەم دەزانێت.

لەو چوارچێوەیدا پەویستە بە شێوەیکی توندو سەرکەنکراو ڕەڵی (تەم باراک) لەو فەزا سیاسیەدا هەبسەنگەندرێت، هەڵی سیاسی ئەو، بە ونی هەمای گەڵانکاریەیە لە پشتیوانی لەسەر بنەمای هاوبەشیەوە بە عەقلیەتەکی ئامرازیی بەرامبەر بە کورد، وە هەر گەڵانکاریەکیش بەو ئاراستەیەدا دەبێتە کێشەیەکی گەورەو گرێیەکی نەکراوە بە ئایندەی ئەو هاوبەشیە.
پرسیارە چارەنووسسازەکە ئەوەیە، ئایا هەر بەڵاستی دەوڵەتی ناوەندی سوریا پێرە بە نەزمەک دەدات کە لە ڕووی دامەزراوەییەوە

دان بە فرچەشنییە جەراوجەرکاندا بنەت، کە من ئەوە بە شتێکی نزیک لە مەحال دەبینم، یان یەکێتی و یەگرتوویی لە ڕێگەی دادوەری و یەکسانکردنەوە دەسەپێنرێت؟ کە ئەوەش بە دەوڵەتێکی دینی ونەتەوەیی یاخود جیهادی عەقیدەیی هەرگیز چاوەروان ناکریت، ئەگەر ئەکتەرە نودەوڵەتییەکان بە هێونی پشتیوانی و بانگەشە بە گەرانتی پێکهاتەیی نەکەن لە سوریادا، ئەوا یەکگرتن و تێکەڵبوون بە خەرایی دەبێتە شەقامێکی یەکسەرەو لە کۆتایسدا داخراو. وە دواتر پرۆژەی سیاسی خەسڕی ڕۆژئاڤا مەترسی نەمانی نێک لەڕێگەی شەڕی ئاشکراوە، بەکو لەڕێگەی سیاسەتی پەراوێزخستنی لەسەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغەوە دەبێتە واقیعێکی فەرزکراو.

جوتیار

ئەوەی بە ئایندەی سیاسی ڕۆژئاڤا گرینگە..!.. جوتیار

ئەوەی لە ڕۆژاڤا دەگوزەرێت، بە تەنها ململانێیەکی سەربازیی دابەاو نییە، بەکو بەشەکە لە نەخشەیەکی سیاسیی گەورەتر، ئەمە باشمان لەبیرە کە ڕۆژاڤا و پڕۆژە سەربازی و سیاسیەکەی لە ساتی هەوەشانەوەی وڵاتێکدا سەریهەڵدا کە یەکێک بوو لە نمونە بەهێزکانی ناوەندگەرایی دەوڵەتوو نەتەوەپەرستی لە ناوچەکەدا، لەگەڵ هاتنە ناوی سوریا بە شێوەی ناوخۆ، کورد و گروپە ئێتنیکە جیاوازکانی تر خەیان ڕێکخست بە پێکهاتەیەکی سیاسی ئێتنەم کە دواتر بە (ئیدارەی خەسڕی باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا) ناسرا. ئەو پڕۆژەیە زیاتربوو لە تەنها ڕێکخستنەکی بەرەوبەری، بەکوو هەوڵێک بوو بە دروستکردنی مەدڵەکی جیاوازی سیاسی لەو ناوچەیەدا، کە بە برواى من ڕێک ململانێکانیش لە دواى ئەو هەنگاوەوە ڕێگەکانیان قولتربوونەوە.

خاڵی چارەنووساز بە کوردانی ڕۆژئاڤا تەنها شەڕو و روبەڕوبونەوەی سەربازی نییە، بەکو ڕوبەڕووبونەوەی دیدگاو بیرکردنەوەیەکیشە کە ئیدەولۆژیای ئیسلامی داعشییە، ئیسلامی داعشی ئەو ئایدۆلۆژیا مەترسیدارەیە کە هەوەدەدات کەمێگا بەتەواوی ملکەچ بکات بە

نەرمەکانی ئیسلام و خەلافەتی هاد. دەوڵەتی سوریای بەر لە جەنگوو لاوازبوون و روخانی ئەسەدەکان، دەوڵەتێکی مەرک ئیسلامی نەبوو ، بەڵکو نمونەی بەهێزی شۆڤێنی نەتەوەیی عەرەبی بوو، دەوڵەتێکی مەرکەزی پاوانخوازو توتالیتاری بوو ، بەتام لە ناو هاوکێشە تازەکاندا هەردوو مۆدێلی تۆتالیتاریزمی ئایینی و شۆڤێنیەتی نەتەوەیی تاکەو هاوتەریبن لە دەستەڵاتوو لە حکومەانیدا، کە هەردووکیشیان خاوەنی یەک ئامانجی هاوبەشن ئویش قەتیسکردنوو لە قاڵبدانی ئەزموونی کوردو دژئاقایە.
من دژاقا وەک ئەزمونێک دەبینم کە لە بەرامبەر چەند جەمسەرێکی ئاراستەکراوی فشاردا گیری خواردوە، ئیسلامیزم کە دیاردەیەت فرەچەشنی و بەها مرۆیەکان بنبڕ بکات، وە هەروەها دەسەڵاتێکی سەنتڕاڵی بە عەقڵێکی شۆڤێنیانەی عەرەبی، لە لایەکی تریش شۆڤێنیزمی تورک، کە هەموویان لە پێوەست بە داهاتوی دژئاقا خاوەنی یەک سیساستوو ستراتیژی هاوبەشن.
ئەوەش ئەوەمان پەدەیت کە ئایین و ناسیونالیزم وەکوو دوو ئامراز کەکتەلکراون لە خزمەت باڵادەستی و پاوانخوازی و داگیرکاری سیاسیدا.
ئەوەی پەی دەگوترێت دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دیکاترین دەرکەوتنی ئەو ئاوگۆڕە سیاسیە بوو لەو سەردەمدا کاتێک ئایینیان گۆی لە عەقیدەی تاکەو بە عەقیدەی دەوڵەتوو دەستەڵاتداری ، لەوەدا بەبەهاکردنی مرۆڤوو سەرکوتو کوشتاری بە کەمەڵ نێک تەنیا لە ڕووی سیاسییەو بەڵکو لە ڕووی ئایینیشەو ڕەوایەتی پەدراو کەمینەکان بە شەویەکی سیستماتیک جینساید دەکران، گۆشەگیری و ژێردەستەییان لەسەر فەرز کرا، ژنان و کچان کران بە کەیلە و کەمەڵگا بەپەی بنەما دەگماتیکە ئایینیەکان دووبارە داڕژرایەو.
ڕژاقاو هەڵکەوتە جیۆپۆلیتیکەکەی بە وردی لە نەوان ئەو سیستەمە ستەمکاریانەدا هەڵکەوتووە کە بە بەردەوامی لە ژێر فشاری دەستەڵاتی ئەحمد شەرع و گروپە ئیسلامیە جیهادیەکانی ناو سوپای عەرەبی سوریا و پەکهاتە خەڵکیەکانی ناوچەکەو ئەکتەرە ناوچەییەکانی دیکەدایە. ئەو هەڵکەوتە جیۆگرافیە ئاڵنگارییەکی هەمیشەیی دروست دەکات کە تێیدا ئەزموونە سیاسییەکان بەزەحمەت دەتوانن بە شەویەکی بەردەوام تێیدا گۆشە بکەن.
هەرەمەک کە هەوڵی دامەزراندنی مۆدێلێکی سیاسی فرەیی و تاادیەک مۆدێرنی دەدات، بە پەکهاتەگەلێک دەورە دراوە کە یان لە ڕووی عەقیدەیی/جیهادی ئایدیۆلۆژییەوە یان پاوانخوازانەی نەتەوەیی و فاشیستییەوە ڕەگەری لەدەکرێتوو دژایەتی دەکرێت،
لە هەردوو حاڵەتەکەشدا دەستەڵاتی ڕژاقا دەکرێت ڕەهای خەی وەک

سوبەکتەکی سیاسی لە بەرامبەر ئامانجە درێژخایەنەکەی لەدەست بدات.
بە کورد لە تایبەتی و بەوبونەوەیەکی دوو لایەنە دەخاتە ڕوو، دەبێت لە یەک کاتدا هەم بەرگری لە ئاسایش و بوونی سیاسی خۆیان لە بەرامبەر هەڕەشە سەربازییەکاندا وەڕوەها لە بەهای مەدلەل سیاسیەکیان لەسەر بنەمای بیروباوەڕەکی سەکولار و مرۆیی بکەن، هەرچەندە ئەو تەحەدیانە لە ژینگەیەکی ئاوها ئاڵۆزی کەمایەتی و تایبەتی بە دیدگا سیاسیە تاریکە جیاوازاکان ونەتەوەیی کەنسەرڤاتیڤەکان، سەرچاوەیەکی بەردەوامی ململانێ دەبێت بۆیان.
ئەگەر سوریا بیەوێت سەقامگیرییەکی درێژخایەن بەدەستبهێنێت، دەبێت ئیزن لە ئیرادەوەمجەری ئەو ستاتە سیاسیە و مەدلەل خەباتوبەریەی کوردی ڕۆژئاڤا بگرێت، ئەگەرنا هەر قەناغێکی ئارامی و بەدەنگکردنی چەکەکان تەنها وەک پشوویەک لە نێوان ململانێ نوێیەکاندا دەمێنێتەوە، سەقامگیری ئاستەقینە لە سوریا تەنها کاتێک مومکین دەبێت کە فرەچەشنی نەک وەک مەترسییەک، بەکو وەک واقیعێک بناسرێتوو قبوڵ بکرێت.
بە درێژایی چەند ساڵی ئابردودا لە ڕۆژئاڤا، لەناو شۆڕش و وێرانکاریدا، فەزایەکی سیاسی سەریهەڵدا کە جیاوازە لە بەشەکی زۆری ئەو شتانەی کە دەیان ساڵە تایبەتمەندی ناوچەکە بووە. ئەو فەزایە کە لە ژێر ئیدارەی خەسەری باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ئەکخراوە، سیستەمێکی تەواو جیگیر نییە لە ڕوبی ئاسایشی سیاسی و کەمایەتییەوە ،چونکە لەژێر فشاری زۆری سەربازیدایە، بەدەست کەشەی ئابوورییەوە دەناڕەزایەتی و گرژیی سیاسی ناوخۆیی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو لاوازیانە، ئەبازێک لەوە پڕی سەندووە کە ئومێدێک پێشکەش بە زۆر کەس دەکات.
بۆیە من پێم وایە ئەو ئومێدە بە کورد نابێت لە ئایدەلۆژیایەکی سیاسیدا قەتیس بکرێتوو بمێنێتەوە، بەکو سەرکەوتن وگەرەنتیکردنی لە ئەگەرەکدایە، ئەگەری ئەکخستنی کەمگا لە ئاستی کەمایەتی و سیاسی ناوخۆییدا، نەک تەنها لە سەرەوە بە سیستەمێکی سەربازی کەنتۆنکراوو ئاراستە کراو.
ئەزموونی حیزبی و دەوڵەتکان دەریاخستووە کە ئەو پەرەسەندنە چەندە دەتوانێت ببێتە ئالوگۆڕکی ئادیکاڵ کاتێک ئایدەلۆژیا دەبێتە ئارگومێنتێکی ڕەهاو دەسەڵاتی سیاسی تەواو بەدەستبهێنێت.
ئەوەی کە ئێمە لە ڕۆژئاڤادا دەیبینین، ژنان لە ئاستێکی باڵادا تێکۆشە بە ڕەهای سیاسی و سەربازی کراون و خراونەتە ناو پێکهاتە و یەکە ئیداریە جیاوازەکانەوە، بەڵام فرە حیزبی و ئازادی میدیایی لەویدا هەستی پێناکرێت، ئەو دیموکراسییەکی کامڵ و بەدیهاتوو نییە بە خواستی گەلێکی ژێردەستەی چەندەها ساڵی، بەڵام هەوڵێکە بە

بنیادی پەکهاتە مەدەنیەکان و کۆمەڵگایەکی تا ئاستێک دیموکراسی، بە تایبەت لە ناوچەیەکدا کە بە درێژایی مێژووی خۆی لە نێوان کۆمەڵێک ئاراستەی فاشیستی نەتەوەیی و و تونددڕەوی عەقیدەی و جیهادی ئاینیدا گیری خواردووە.
هەر لەبەر ئەوەش کە مەدلولی دەستەواتی سیاسی لە ڕۆژاڤادا گرنگیەکی سیاسی تایبەتی هەیە، نەک لەبەر ئەوەی بە کۆموکوژیە، یاخود لەبەر ئەوەی هەموو کێشەکانی چارەسەر کردووە، بەڵکو لەبەرئەوەی لە قۆناغی داهاتوودا هەوبەدات لە ڕووی دامەزراوەیی و یەکسانی سیاسی و وپارتیزیپاسیۆن (بەشداریپێکردن)ی زیاتر لە ناو هەموو کایە جیاوازو سیاسیەکاندا بە هەمووان فەراهەم بکاتوو و بەرپرسیارێتی دادوەریەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ناوخۆیی بچێسپێنێت.
من پێم وایە چەبوونەوەی دەسەڵات لە ناو هێزموونی ئایدیۆلۆژی و پێژە و یەکینە سەربازیەکان لەسەر پەکهاتە مەدەنییەکان کابکرێنەوەو پیویستە ئەو بابەتانە پشتگوێ نەخرێن. کۆمەڵگای مەدەنی تەنها کاتێک دەتوانێت بوونی هەبێت کە ڕێگە بە ڕەخنە بدات و شەفافیەت دادگەری بەهێز بکات و دەسەڵات بخاتە ژێر لێپرسینەوەو، چونکە ئایندەی ئێم پێژەیە پیویستە بەوەی کە ئایا سەرکەوتوو دەبێت لە بەهێزکردنی دامەزراوە مەدەنییەکان و ڕێگەدان بە فرەچەشنی سیاسی و بنیاتنانی سەقامگیری ئابووری و وە
بە هەمان شێوە توانای مامەڵە کردن لە نێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا بەبێ ئەوەی چاوگەو بناغە کۆمەڵایەتیە – سیاسیەکەی خۆی لەدەست بدات.

لە بازاڕی هاوپەیمانێکاندا، کورد وەکوو قوربانیەکی هەمیشەیی.. جوتیار

بە بۆای من پشهاتەکانی ئێستای سوریا بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە کورد جارێکی تر وەک ئێکتەرێکی سیاسی، بە یەکسانی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکو وەک فاکتەرێکی تێکدەر لە پەکهاتەکانی

دەسەڵاتی ناوچەییدا تەماشا و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. ململانێی ئێستا کە لە نێوان دەستەڵاتی ناوەند کە لە ژێرهەژموون و کاریگەری ئیسلامی-داعشی و دەستەڵاتی تورکیای فاشیستوو و کوردانی رۆژئاوادایە، کەشێکی کاتیی ئەمنی نییە، بەڵکو دەربڕین و نیشاندانی ئیرادەیەکی سیاسی قوڵتر و درێژخایەنترە بۆ هەڵگریکردن لە چارەنووسی کورد بۆ هەمیشە لەو جیوگرافیایەدا.
بۆ تێگەیشتنی من سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە باکور و هێزەهەڵاتی سوریا نەک وەک ستراتیژێکی ئەمنیی بەرگریکارانە، بەڵکو وەک پرۆژەیەکی بەردەوام بۆ هەژموونشاندنەوەی هەر ئیتنۆمیلیەکی کورد، بە گوێدانە ئەوەی کە چ جۆر ستراکچەرێکی سیاسی هەیە، عەلمانی، ئیسلامی، دیموکراسی، یان فرەیی، هەرجۆرێک بێت، پاپشتی میلیشیا ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی ئەحمەد شەرع لە لایەن تورکیاوە لەدژی کوردانی هەژائاقا وەک ئامرازێک تەنهاو تەنها لە پێناو ئەو ئامنجە دورمەودایە دایە.
لە هەمان کاتدا هەوەستی گروپە ئیسلامیە-داعشییە باڵادەستەکان لە سوریا کەشێکی زۆر قووڵ، قوڵتر لەوەی کە ئەمە بیری لێدەکەینەوە، ڕیتۆریکی(خطابە)ی ئەوان بە یەکێتی دەوڵەت و یەکگرتوویی و سەروەری خاک، لە پراکتیکدا، بە هیچ شێوەیەک مانای دانپێدانان نییە بە هیچ مافێک بە گەلی کورد، بەڵکو بە مانای بەدەستەاتکردن و زەلیلکردنی ستاتوی سیاسی کوردییە لە هەژائاقا.
پەیامەکە بە زمانێکی کوردی سادە، ئەوەمان بە هوون دەکاتەوە کە دامودەزگا کوردییەکان لە ناوچەی خەسار نابە هیچیتر لە پرسەی خەڵکخستن و بەهێزبوونی ئیرادەیەکی ناوخۆییدا بەردەوام بن، بەڵکو دەبێ بخرێنە ناو سیستەمێک کە دەستەاتی ناوەند بە هەژموونی ئیدئۆلۆژی ئیسلامی و سونەتالیەتی عەقلیەتی عەرەبی قەومی، هاوچەشن و چاودێری و سیستماتیک بکرێن. ئەوان ئیتنۆمی رۆژئاقا بە هیچ جۆرێک وەک مافێکی دیموکراسی تێناگەن، بەڵکو وەک هەڕەشەیەک بە سەر دەسەڵاتی ئایینی و ئیدئۆلۆژیەتی دەوڵەت دەزانن.
ئەوەی لە ئێستادا زۆر گرینگە، کە کورد سەرەڕای بەشداریی چارەنووسازێکی لە شکستی داعشدا، بەردەوام بێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو پێشهاتوو گەڵانکاریانەدا وەک ئەمری واقیع، لانی کەمی لە پێناو ریگریکردن لە کارەساتە مرۆییەکان و کەمکردنەوەی هەڕەشە ناوخۆی و هەرەماییەکان، چونکە لە کۆتاییدا ئۆکتۆرو هێزە نەبوونەتییەکان بە شێوەیەکی کاریگەر بەڕێن و پەیمانێکی سیاسی قبوڵ دەکەن کە تێیدا ئاسایش و ماف و ئاسەی داهاتووی کورد ملکەچی حیساباتی دەسەڵاتی ناوچەیی ببێت. هەر چەند کە ئەو ئاراستەیش هەر جۆرە ئیعتبارێکی قسەکردن سەبارەت بە سەقامگیری و بە

دیموکراسیکردنی پرسی سیاسی لو ناوچیدا دخاتە ژیر گومان و سەر شانی گاتجاریکی کتا نەهاتوو کە لایەن هاوپیمانان و ئەمریکاوە قسی لەدکرێت.
من پەموایە کە نزمکی پاوانخوازانی دوای ئو جنگە لە سوریادا سەرهەدەدات، کە تیدا مەدلی (کەمگای دیموکراسی) لە خسری ژئاقادا بە شویکی سیستماتیک سەرکوت دکاتوو کتایی پدنێت، کە ئوش ئومان بە دسلمنێت کە ئلترناتیقی ناسیونالیزم و ئیسلامیزم و ناوندگرایی تاکوو ئستا لو ناوچیدا بوونکی بەهزوو پشتیوانیکی نا مەالی ئامادکراوی هیە لە لایەن ئو سیستمە نایکانگیرە سیاسی و ئابوریی دنیادا، کە ئوش بە هموو کورد و نتوە ژردستکانی تریش جگای نیگرانیکی زر قوە و لدستدانی متمانیە.
ئوی بە کورتی دموت بیم، تکبووونی هسدە بە دستەاتی ناوند، ئگر ووو بدات، بە هموو پوانکان، تنها وکوو کردارکی پووچ دمنتوە، چونکە ئو ئاکسینە و سیاستکانی ئستای دوەتی بە سایو سروری سوریا ناتوانێت هیچ ئاشتیک برهم بهنێت، بکو ستمکی زیاتر لە ژر سبری هردوو فاشیزمی دینی و نتوەیی سقامگیر دکاتوو و کمگای سوریا زیاتر لە داهاتوویکی دادپرور و گشتگیر دوور دخاتوە.

رژئاقا و پارادکسیزمی مەالی زلهزکان.. جوتیار

ئوی لەژاقا (باکوری ژهاتی سوریا) ووداتە، تنها لە چوارچوی شە و هاوپیمانیکی ناهاوسنگدا نابینم. بکوو وک برهمی یکگرتنی دوو هزی نامەال لە سیاستی نودوەتیی و سیستمی سرمایداریی کە لە بنەتدا بنماکانی مرۆق و نتوە بە نرخ و سوود دهسنگێنێت.
ئارگومنتکانی دستپکی شە لە سوریا بو شیویە بوو، (لە باکووری ژهاتی سوریا(ژاقا)، نخشیک خی دووبارە دکاتوە، کارکترە کوردکان بەرپرسیارتی مزن دگرنە ئستە، پکهاتی بەشوبرایتی سقامگیر دادمزرنن و لە ژر

بارودۆخێکی توندا کردەوەی مەیدانی و مرۆیی چالاک ئەنجام دەدەن، بە هەزاران قوربانی دەدەن و گیانبازی و ململانێ لە گەڵ قورسترین هێلوەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیاندا دەکەن، تەنها بە ئاوەژی ئاو ستاتیژیە سیاسیە لاوازەکان زلهێزە گەورەکانەوە متمانەی پێبکرێت)، بەڵام دوایین پێشهات ئاوەمان پێدەڵێت، کە ستراتیژییەتی ئەمریکا کورد تەنها وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک بەکاردەهێنێت، ئاو ماملێیە لە دنیای سیاسەتی ئەمریکیدا پرسیارێکی ئەخلاقی بنەڕەتی دەوروژێنێت، چ جۆرە ئەخلاق یاساو ریسایەک ڕەوایەتی دەدات بەو جۆرە لە مامەڵەکردن ؟، ئەدی باجەکەی چییە کاتێک کە هاوپەیمانە ئازا کوردەکان بەهەی هاوپەیمانییە نوێیەکانەوە لە یارییەکی قازونی دەسەڵاتی جیۆپۆلیتیکیدا سەرگەردان دەبن؟ ئاو دەخە نوێیە کە لە سوریا هاتۆتە ئارا، قوربونەوە لاو هەوەستە نایەکانگیر و پارادەکسی ئەمریکاو هاوپەیمانان دەکاتە شتێکی پێویستوو هەوەست لە سەرگرتوو.
کورد لەڕاژاقا (باکوری ڕۆژهەڵاتی سوریا)دا کاریگەرییەکی بەرچاوی سیاسی و مرۆیی دروستکردووە، بەرەوبەرایەتیەکان، پێکهاتە و یەکە ئەمنییەکان، سیستەمی تەندروستی و پەروەردە، و فریاگوزاری کارساتەکان، ئامادەیی ئاوان بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ ئەمریکاو زلهێزەکان لەسەر بنەمای ئاو متمانەیە بوو کە سەقامگیری بۆ مافە سیاسیی و کولتوریەکانیان لە سوریای داهاتوودا گەرەنتی دەکرێت.
کاتێک هاوپەیمانان ڕوانگەی سیاسی خۆیان دەگۆڕن بۆ بەکارهێنانی کورد وەک ئامرازێکی بەسوود لە پرۆژەیەکی نوێ بۆ ناوی حکومەتی سوریا یان بۆ پشتیوانیکردنی دەسەڵاتێکی سەنتەال لاژەر سەرکردایەتی کارەکتەرێکی وەک ئەحمەد شەرع دا، گومانێکی قوڵی بۆ ئامرازسازی سەرهەڵدەدات.
دیدگاو سیاسەتی (سەقامگیری بۆ هەر نرخێک) لە سوریادا، لەسەر حیسابی دوورخستنەوەیان کەمکردنەوەی مافە سیاسییە درژخایەنەکان و کەمکردنەوەی ڕۆڵی کوردانی سوریا لە بەیاری سیاسیدا پێچەوانەی ئاوهەموو قوربانیدانەیە کە کورد (شەرڤانان) بۆ درژایی زیاتر لە دەیان ساڵ پێشکەشی کۆماگای نەودەوڵەتیان کرد لە پێناو سەلامەتی و پاراستنی کەرامەتی ئاوانداـ ئاو سیاسەتە بەرامبەر بە کوردی ڕاژاوا پێچەوانەی ئاو بەرپرسیارێتیە ئەخلاقییە کە دەبووـ هاوپەیمانان و بۆ تایبەت ئەمریکا لە بەرامبەر پاراستنی کوردانی ڕاژاوا بیگرنە ئەستۆ بۆ پاراستنیان لە پەلاماری دەوڵەتی ناوند کە بەشکۆ لە دەندەیی ئیسلامیی سیاسی لە ناوچەکەدا وەروەها پاراستنیان لە پەلاماری دەوڵەتی تورک کە نوێنەرایەتی فاشیزمێکی

وەنانەکراو دەکات لە جیهانی سیاسی ئەمڕۆدا .
ئەو جۆرە بەرخوردە لە گەڵ کوردا لە لایەن هاوپەیمانەکانیانەوە پرسیاری جددی سەبارەت بە ستراتیژیەتی درێژخایەن، شەفافیەت و بەردەوامی و وابەستەیی ئەخلاقی دەوروژێنێت، ئەو جۆرە مامەڵەیە متمانەی کوردەکان لە ڕژاڤادا بە پابەندبوونی هاوپەیمانان و ئەمریکا تا ئاستێکی زۆر قوڵ تێکدەدەن و لە ناودەبەن.
خوێندنەوەی من بۆ ئەو ئالانگاری و پێشهاتانە، جەختکردنەوەیە لەسەر دەستەاتێکی سێنتەاڵ بۆ سوریا لە سەردەمی ئەحمەد شەرع دا لە لایەن ئەمریکاوە، گەڕانکاری لە مەدێلی لامەرکەزی بۆ ناوەندگرایی ڕۆها و زیاتری دەوڵەت دەگەیەنێت، ئەو گەڕانکارییە بۆ کورد بۆ ئۆگرێکی زۆرەوە بۆ مانای لاوازبوونی سیستەمی حوکمڕانی خۆسەر کە بەدرێژایی ساڵانێک بنیات نراوە و بۆ مانای هەژموونی سیاسی نوێ لەلایەن دیمەشقەوە دێت.
هەموو ئەوانەکان وا دەردەکەون کە ئەمریکا و هاوپەیمانان بەرگەی کەمپەرسترین هەڕەشەگەرانی تەنانەت پشتگیری ڕۆژهەاڵتی دەکەن تەنها لەبەرامبەر بەهێزکردنی دەستەاڵاتی ئیسلامی سیاسی سوننەدا بۆ ئیحتیواکردنی هەژموونی شیعەگەرایی لە ناوچەکەدا، بۆ گرتنەبەری ئەو سیاسەتەش لە لایەن هاوپەیمانانەوە، دیمەنی تەناهی لە ڕژاڤا(باکوری ڕۆژهەاڵتی سوریا) گەڕانکارییەکی گەورەی بەسەردا دێت و هیچ دوریش نیە ئەنە سیاسیەکە سەدرسەد پێچەوانە ببێتەوە بۆ مانایەی ئەمریکا خۆی وەک شەریکێک لە گەڵ دەوڵەتی ناوەند دژ بە ڕژاڤا و خۆسەریەکەی کورد کار بکات و لەبری ئەوە دەستەاڵاتی ناوەند و دیمەشق وەک ئۆکتاری سەرەکی ناوچەکە بەهێز بکات.
تورکیا دەتوانێت ئێم دینامیکییە بکاربهێنێت بۆ فشارخستنە سەر یەپەگە/یەپەژە و پەرەپێدانی هەماهەنگییەکی نزیکتر لەگەڵ ئەحمد شەرع و دیمەشق دژی خۆسەری و دەستەاڵاتی کورد، ئەوەش دەبێتە هەکارێکی بەهێز بۆ تێچووی قەبارەیەکی مرۆیی گەورەتر لە قوربانیەکان و دەبێتە فاکتێک بۆ وێرانبونی ژێرخان و بارودۆخی ژیانی مەدەنی بۆ کوردانی ڕۆژئاڤا لە ڕووی جیۆپۆلەتیکییەوە، بۆ هاتنە ئارای ئۆنۆخشێ تازەیە و ئەو شەرایەتە جیۆپۆلەتیکیە، کورد ڕووبەڕووی نەرماتیف(معیار) ێکی دووانەیی دەبێتەوە، بەو مانایەی هاوپەیمانەکانیان لە کاتی قەیرانەکاندا پشتیوانی ئەتەنەمی بۆ ئەوان دەکەن و پاشان هەوڵی دروستکردنەوەی متمانە بۆ دەسەاڵاتی ناوەندی کە وەک هەڕەشەیەک لە سەر خۆیان هەستیان پێدەکرد دەدەن، ئێم شێوازە پاڵادەکسە لە مامەڵەی سیاسی دەبێتە هۆی لەدەستدانی باوەڕو متمانەی سیاسی بەو هاوبەشیەی کە ساڵانێکە کورد هیوای لەسەر هەڵچنیوە، کە بە داخەوە زەربەی زۆری کاتەکان گەیانی

هاوپەیمانییەکان بۆ ماوەی سێ دەیە بەردەوام نەتوانی کوردان لەناوچەیدا، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن و لە دەستدانی متمانە و ئاوارەبوون و دەربەدەرییەکی ترن بۆ ئێمە .
ئەوەی کە پەیوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانان بیکەن بۆ کوردی رۆژئاوا، نەخشەگایەک کە بۆ شێوەیەکی سیستماتیک ئەو مەبەستە لە بەرچاوبردن کە یەکەم جار لە ناوچەکەدا ئەزموون دەکرێت بۆ هێزەوە پشتیوانیان کردبایە، لایەنیکەم لە ئێستەدا کولتووری و بڕیاری ئابووری و حوکمڕانی ناوخۆیی لە چوارچێوەی (سەروەری دەوڵەتدا) بەو ئارگومێنتەی کە ئێستا هاوپەیمانان بانگەشەی بۆدەکەن، دەبوایە ئەمریکا وەک نەوەندگیرێکی باوەڕپێکراو مامەڵە بکات لەگەڵ کوردانی ڕۆژئاوا نەوەکوو وەک هاوپەیمانێکی درێژخایەن و هەڵبژێردراوەن.
بە داخەوە پشهاتە تازەکان هەڵگری هیچ ئاماژەیەکی پۆزەتیف نین لە پەیوەست بە ئالوگۆڕی جارنووسی کوردانی ڕۆژئاوا، هاوبەشێ تازەکەی سوریا-ئەمریکا ئەوەمان نیشان دەدات کە چەن لە چرکەیەکدا دەتوانرێت بنەما مەڕۆییەکان لە پراکتیکدا بگۆڕێن، کاتێک بڕڕوانێت بۆ ئابووریی ستراتیژییەکان زاڵ دەبن. کورد لە ڕۆژاڤادا شایەنی ئەوە بوو کە ئەمریکا هاوبەشییەکی جێی متمانە و درێژخایەنی لەگەڵ دووپات بکاتەوە کە لەسەر بنەمای سەروەری و ئەو پەیوەندیی ئیتنیکی/سیاسیی دروستکرابوو لە نێوان پێکهاتە جیاوازەکاندا نەوەکوو لە بڕیارێک هاوشاندنی و جەهشتنی ئەوان لە ناو ململانێی ئەقیانوسی پێ شەپاڵ هەڵچوونەکانی ناوچەکەدا بە تەنها.
لە لایەکی تریشەوە ئەگەر وردبینانەتر بڕوانینە هەستەنگێنین، من پێم وایە ململانێ و توندوتیژی نێوان گروپوو پێکهاتە سیاسییەکان لە سوریا، بە شێوەیەکی تەواو جیاواز لەوەی باس دەکرێت، بڕهەمی ئەو جیهانییە کە تێیدا نەتەوەکان و خاکەکان وەک بازاڕ بینراون و دەبیندرێن، لە سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی دا، گرنگ نییە کە دەمێنێت یان کە دەکوژرێت؛ گرنگ ئەوەیە کە کام ناوچە ئارامە بۆ سەرمایە خستنەگەڕو سەرمایەگوزاری، کام شوێنە سوود و قازانجی زیاتر دروست دەکات و کام هێز دەتوانرێت بە کەمترین تێچوون بەکاربهێنرێت. من لەو چوارچێوەیەدا تەنها ئەوە دەبینم کە کورد، هەمیشە وەک هێزی هەرزان و قوربانییەکی گونجاو بۆ مامەڵە سیاسییەکان لە ناو ئەو بازاڕەدا هەڵبژێردراوە.
بەدەنگی و ئەو سکوتە سەرتاپاگیرە نەسودوەتیە لە بڕامبەر هەڕەشەکان بۆ سەر ڕۆژئاوا، تەنها بەیارو مامەڵەیەکی سیاسی نییە؛ بەڵکوو بەیارو مامەڵەیەکی ئابووریشە. کاتێک شتێ بڕدەوام دەبێت، بازاڕی چێک، بازاڕی پاراستنی دەسکەوتەکان و بازاڕی قەیران و جارسەرە سیاسییەکانیش بڕدەوام دەبن. لەم بازاڕەدا، خوێنی خەڵکی

و هاووڵاتیان هیچ نرخێکی نییە. ئەم نامۆڵایی ئەو سیستەمەیە کە بە زمانی واقعی ناتوانی پێناسەیەکی تری پێبدەی.
ئەو هەڵە نەبووداتییانەی کە خەیان بە پارێزەری ماف و دیموکراسی ناسانددوو، لە ڕاستیدا بەشێکن لە جەوهەری ئەو سیستەمە و هاوپەیمانەکانی، کاتێک قسە لە ماف و ئازادی دەکەن، ئەوە تا ئەو کاتەیە کە ئەم مافانە لەگەڵ بەرژەوەندییە ئابووریەکانی ئەوان بەریەککەوتنیان نابێت. کاتێک ماف و بەرژەوەندی بەریەک دەکەون، ماف دەخورێت و بەرژەوەندی دەپارێزرێت، کە ئەوەش باڵاترین ئاستە لە نامۆڵایی سیاسی سیستەمی سەرمایەداری نوێ.
بە تێڕوانینی من ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، کوردانی ڕۆژئاڤاو و پڕۆژە سیاسیەکەیان لە کوردستانی سوریا وەک هاوڕێک دەبینن بە تێکدانی ئەم فەرمولە سیاسی و ئابوریەی خەیان ، بەڵام هەشتاش تا ئاستێک باوەڕم بەوەیە کە ڕۆژئاڤا، لە هەموو قورسیی و ڕوبەڕوبونەوەکاندا، هەشتا دەتوانێت شوێنی دروستکردنی گوتارێکی سیاسی و پێگەیەکی سەربازی بەهێز بێت بە ئەو بەشەی کوردستان، گوتارێک بێت دژی تووندڕەوی دینی و نەتەوەیی ، دژی هاوپەیمانی دڕێندە و دژی سیاسەتێک کە ژیان و بوونی مرۆڤەکان بە ژمارە هەندەسە نگێنێت.

پشتوانی بە مەرج؛ کوشتنی مرۆڤ بە زمانی گوتار.. جوتیار

لە پەراوێزی هەوڵستێکی علی قەرەداغیدا

لە ڕوانگەی منەوە ئەو هەوڵستەی عەلی قەرەداغی وەکوو ڕاگەیاندنێکی سادەی سیاسی نابیندرێت، بەڵکوو وەک نیشانەی کەشێکی قووڵتر لە بیرکردنەوەی ئەخلاقی و سیاسیی ئەودا تەماشا دەکەم. کاتێک کەسێکی عەقیدەیی- فکری ـ ئاینی بە شێوەیەکی ڕەها ڕایدەگەیەنێت کە پشتوانی بەیارەکانی ئەحمد شەرع دەکات لە دژی کوردانی ڕۆژئاڤا، لەوەدا تەنها جیاوازی ڕای سیاسی نابینم؛ بەڵکو شکاندنی ئەو سنوورە دەبینم کە دەبێت لە نێوان بیرکردنەوە لە پیرۆزی (عەقیدە)و دەستەاتی (مەڵا) هەبێت.

من سیاسەت تەنها وەکوو یاریی هەز نابینم، سیاسەت، پێش هەموو شتێک، بەیار لەسەر ژیانی مرۆڤەکانە، بۆیە کاتێک هەڵوەستەک بە شێوەیەکی تۆها نیشان دەدرێت یان پشتگیری لایەنێک دەکات کە لە کرداردا ئۆگرێی خوێقاندنی تونددوتیژی، ئاوارەبوون و شکاندنی کەرامەتووو ژیانی مرۆڤی تێدایە، ئەو پرسیارەی دێتە پێشەوە پێویستدی تەنها بە هاوسەزی نەتەوەیەوە نییە، بەڵام دکتەر قەرەداغی دەکریت لە خۆی ببپرسێت بۆو هەڵوەستەی ژیانی کام مرۆڤی پاراستووە؟

لە دیدگای منەوە، کێشەکە تەنها کێشەی کوردبوون نییە، کێشەی کۆمەڵگایەکە لە ناوچەیەکدا کە هەمیشە مرۆڤ وەک ئامراز سەیر کراوە، نەوەکوو وەک ئامانج، هەڵمەتکانی سوریای دیموکراتیک، هەرچەند وەکوو هەر پڕۆژەیەکی سیاسی ـ سەربازی دیکە، دەکرێت خاوەنی هەڵە و کەموو کوڵی و سنووردار بوون بن، بەڵام لە کاتی قەیران و شەڕو ئاڵوگۆڕکانی ئەو ناوچەیەدا بوونەتە پەناگەی هەزاران مرۆڤ؛ ژن، منداڵ و کەسانێک کە هیچ دەنگێکیان نەبیستراوە. هیچ کەسێک ناتوانێت ئەم ڕاستییە مرۆڤایەتییە پشتگوێ بخا لە پەناوی تەنها ئەوەی تەنها پارێزگاری لە هەڵوەستەکی سیاسی "هەڵە" بکات.

ئەوەی من هەستی پێدەکەم کێشەی سەرەکی لێرەدا، ئەو کولتوورەیە کە هەشتا ووشەی "بەرژەوەندی" بەسەر مەڵاڵی مرۆڤبوندا سەرکەوتووە. کاتێک دەوترێت بە بەرژەوەندیەکی گشتی، بە ئامانجێکی گەورەتر، یان بە یەکگرتنێکی فراوان، دەبێت چاو لە زیانیە تاکەکەسی و مرۆیەکان یان نەتەوەیەکان ببەستین.

هەڵوەستەکەی عەلی قەرەداغی من تۆ ناکات تەنها وەک کوردێک؛ بەڵکو لە هەرشتێک من تۆ دەکات وەک مرۆڤێک، چونکە من لەوەدا ئەو هەستە دەبینم کە ژیانی هەندێک مرۆڤ دەتوانرێت لە پەناوی گوتارێکی عەقیدەیی- پیرۆزو گشتیدا ببێتە قوربانی، بە بەوای من ئەو هەڵوەستە، نە عەقیدەگرایی پیرۆز لە پەناو خوداو نە بیرکردنەوەیەکی مەڵاڵی- مرۆیی سیاسییە.

هەڵوەستی فکری، یان عەقیدەیی- سیاسی، لە سەردەمی قەیرانەویەکانیشدا، دەبێت سنووری هەبێت؛ سنووری مرۆڤایەتی. هیچ ئایینێک، هیچ پڕۆژەیەکی سیاسی و هیچ بەرژەوەندیەکی ستراتیژی نابێت ئەو سنوورە تێپەڕێنێت، کاتێک ئەو سنوورە تێدەپەڕێندرێت، من وەکوو تاکێک، وەکوو مرۆڤێک کە مەڵاڵی ئینسانیبوون سنورەم، مافی ئەوەم هەیە ئەو هەلویستە بە تونترین شێوە ڕەخنە بکەم، نەوەکوو بە دروستکردنی دژایەتی تاکەکەسی، بەڵکو بە پاراستنی ئەو شتەی هەموومان بەیەکەوە پێویستمان پێیەتی کە ئەویش کەرامەتی مرۆڤە.

بەچوونی من لەسەر سیاسەت لەو شوێنەدا دەست پێدەکات، کە

ئەگەرهەویستوو سیاسەت لە بنچینەدا بەیارمەتی لەسەر ژیان و مردن، سەلامەتی و ناڕەحەتی و کەرامەتی مرۆڤ نەبێت، ئەوە تەنها یاری هەزەکانە، نەوەکوو بیرکردنەوەیەکی مەعقوڵی لە پشتاو ژیانەکی شایستە بە مرۆڤکان.
لە دیدگای منەوە، ئەو هەوڵستانەی کە پشتوانی بە مەرج دەدەن بە پەژرەیان لایەنەک، بە ئەوەی بپرسن ئەم پەژرەیە لەسەر ژیانی مرۆڤکان چی دەکاتوو کاریگەریەکی چی دەبێت، هەوڵست نییە؛ ئەوە هەڵهاکردنی ئەخلاقە بە شیوە ئەبستراکتەکی. من دژی ئەو لەژیکەم کە مرۆڤ دەکاتە ئامراز بە ئامانجەکی "گەورەتر"، چونکە لەو ساتەوە سیاسەت کەرامەتی خەی لەدەست دەدات.
من باوەڕم وایە هیچ بەرژەوەندیەک، هەرچەند بە زمانەکی پیرۆز، ستراتیژی، یان ئاینی قسەی لە بکرێت، ناتوانێت ئەو هەواڵتیە بدات کە ژیانی تاکە کەسەک، یان ژیانی کەمەنەک مرۆڤ، وەک قوربانییەکی "قبوڵکراو" سەیر بکرێت. ئەگەرهەوەست چی لە پشتاو خوداو دەستەواتەکەی و چ لە پشتاو دەستەواتوو سیاستەکەی بە ئەو ئاستە دابەزێت، کەواتە بوونی مرۆڤ لە ژێر بەبەهاترین بیرکردنەوەدایە.
هەوەستی دروست ئەوەیە کە مرۆڤ لە کاتی قەیرانەکانیشدا، هەزو مەعقوڵی مرۆڤایەتی خەی پارێزگاری لەبکات، نەوەکوو هەوایی دان بە هەوەستەک کە قەیرانی ماوەرانکەرو زیانەکی زەربە کەمەنگا دروست بکات. من ناتوانم هەوەستەک قبوڵ بکەم کە دەڵێت "ئەم زیانە پێویستە"، چونکە لە دیدگای منەوە، ووشەی "پێویست"ە ئەو ساتە دەستپەدەکات کە مرۆڤ لە بیردەچێت شوینەکی نەماوە لە یادوەری مەعقوڵی مرۆییدا.
سیاسەت، ئەگەر لە سنووری مرۆڤایەتی دەرچێت، ئەوە ئیتر بەیار نییە، تاوانە و من وەک تاکەکی کەمەنگای کوردی، وەک مرۆڤەکی سەرئەو زەمینە، وەک کەسەک کە باوەڕی بە کەرامەتی ژیان هەیە، مافی ئەوەم هەیە و بە بەرپرسیارێتییەکی گەورەشی دەبینم کە ئەم جەرە هەوەستانە بە تونترین شیوە شەرمەزار بکەم ، نەوەکوو لە پشتاو دیدگاو بۆچونی کەسیی خەمدا کە هەیە، بەڵکو بە ئەوەی مرۆڤ لە ناو سیاسەتدا وون نەبێت وهەوەستەکانیشمان لە مەعقوڵی مرۆیی دانەشورێن.

جوتیار

پرسی دۆسیات لە سوریا، ڕۆژاڤا لە نێوان ڕۆکۆتن و پیسکدا.. جوتیار

کێشەی کورد لە ڕۆژاڤا/کوردستانی داگیرکراوی سوریا، کێشەیەکی نوێ نییە، بەڵکو بەشێکە لە درێژەی مێژوویەکی قووڵ، کە تێیدا کورد هەمیشە لە نێوان ڕۆتکردنەوە، لەبیرکردن و بیرکارهێنانی کارتی سیاسی لە نێوان ووڵاتانی زلهێزو هەرماییتیدا، لە ماوەی دیان ساڵی ڕابردودا گەمەی پێدەکرێت. کوردی سوریا نە بە نێتوە ناسراوە، نە بە مافدار، نە بە هاوبەشێکی تەواوی وڵاتوو دەوڵەت لە سوریادا. زمان، ناسنامە، خاک و مافە سیاسییەکان، هەمووبان لە ژێر سیاسەتی ڕۆتکردنەوە و ناڕوونی سیاسیدا بوون. ئەم دۆخە، پێش ئەوەی شۆڕشی دەست پێ بکات، بنەمای بە متمانەیی قووڵی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی سوریای دانا.

کاتێک شۆڕشی سوریا هەڵگیرسا، کورد لە ڕۆژاڤا هەوڵی ئەوەیان دا خۆپاراستن و تێکەڵنەبوون بە شۆڕشێکی نێتوەیی هەبژێرن. ئەنجامی ئەم هەوڵە، دروستبوونی شێوەیەکی خۆبەڕێوەبەرایەتی بوو کە لە هەمان کاتدا هەم وڵامی بە مەترسییە سەربازییەکان پێبوو، هەم هەوڵێک بە پاراستنی ژیانی خێڵک بە کوردو نێتوەکانی تریشەوە. بە زەرەک لە کوردانی ڕۆژاڤا، ئەم ئەزموونە یەکەم جار بوو کە هەستیان بەوە کرد بتوانن لەسەر خاکی خۆیان، بە زمان و ڕۆکخستنی خۆیان، ژیانێکی ئارامتر ببینن و ئەزموون بکەن ، هەرچەندە ئەم ئارامییە هەمیشە لە ژێر سایەی مەترسیەکی دەرەکی و ناوخۆییدا لە ژێر هەڕەشەدا بوو بە ئەستاشەوە.
لەو ڕوانگەیەوە، هەر هەنگاوێکی سیاسی، کە کوردی لە سوریا وەک لایەنێکی نێتوەیی ناساندووە، بە زەرینەی کورد ماناو ڕەهەندێکی زەر گەورەی هەیە، تەنانەت ئەگەر لە ڕووی یاسایی یان ستراتیژییەوە سنووردار بێت. ڕۆکۆتنەکەی نێوان مزلوم عبدی و ئەحمەد شەرع، بە پشتگیری (بارزانی) و ئامادەیی نیردەی تایبەتی ترامپ (تەم باراک)، لەو شوێنەدا بە کوردێک، زیاتر لە یەک ڕۆکۆتنی سیاسییە؛ هەوڵێکە بە ئەوەی بڵێت کورد لە سوریا "بابەتێکی کاتی" نییە، بەڵکو خاوەن خاک، مێژوو، و مافە.
بە کوردێکی ڕۆژاڤا، گرنگی ئەم هەنگاوە لەوەدا نییە کە چی واژوو کراوە، بەڵکو لەوەدایە کە بە یەکەم جار بە شێوەیەکی ئاشکرا،

گفتوگۆ لە ناوان نوێنەرێکی کوردی و نوێنەرێکی دەوڵەتی (عەرەبی سونی) سوری دەکرێت، نە لەسەر بنەمای فەرمان و فشاری سەربازی، بەڵکو لەسەر بنەمای دانپێدانانی بوونی یەکتر. ئەمە بە نتاوێیەک کە زەرجار تەنها وەک کەشف، یان وەک مەترسی، ناسراوە، هەنگاوێکی گرنگی دەروونی و سیاسییە.
بەڵام هاوسەزی بە کێیسی کوردانی رۆژاڤا واتا کوێری نییە. کوردی هەشیار دەزانێت کە هەڵکەوتنێک لەسەر کاغەز، ئەگەر نەگەیەنرێت بە گەرەنتییەکی هوون بە مافە نتاوییەکان، دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی ناڕەزایی نوێ. ترسی گەورەی زەری کورد بە خودی بارزانی شاوە ئاوێیە، کە دووبارە، لە کاتی دابەشکردنی دەسەڵات لە سوریا، کەشێ کورد بخرێتە دواوە، یان بگەیەنرێت بە کارتێکی سیاسی بە مامەڵەکردن لە ناوان هێزە گەورەکان. مۆزوو ئاوێ فێری کورد کردووە کە هیوای بە گەرەنتی زەرجار بە ناکامی کۆتایی هاتووە، هەرچەندە نەبێتە مایەی ئازموونوو دەرسی مۆزوو بێ.
ئەگەر لە هوانگەی مرۆیی/ سیاسی دیدگایەک بخەیتە سەر ئاو ئاڵانگاریە جیوسیاسیانە، کوردی ڕۆژاڤا داوای شتێکی زەر نائاسایی ناکات، ناسینی ناسنامەو، ماف، زمان، پاراستنی خاکو بەشداریکردن لە بڕیاردانی ئایندەی وڵاتێک کە خەی پێی وایە دەبێت. ئەگەر ئەم هەڵکەوتنە بتوانێت ببێتە دەستپێکی پرۆسەیەک کە ئەم داواکاریانە لە چوارچێوەی سوریایەکی یەکگرتوو و فیدراڵ یان لانیکەم دەسەڵاتێکی دابەشکراو جێبەجێ بکات، ئەوا لە دیدی کوردانی ڕۆژاڤادا، هەنگاوێکی مۆزووییە دەبێت. ئەگەر نا، ئەوا ترسی ئاوە هەیە کە ببێتە هەمایەکی تر لە زنجیرەی هەبەستە درێژو بەمەوداکانی نادادپەروەری لە ژێر سایەی نتاوەی سەردەستوو دەوڵەتێکی دیدگا فاشیزمدا.
بە کورتی، لە هوانگەی منارە وەکوو کوردێکی هاوسەز بە بەشێ کوردستان، ئەم هەڵکەوتنە لە ناوان هیوای هەشیاری و ترسی مۆزووییدا ڕاوەستاوە. هیوای ئاوەی کورد لە سوریا جارێکی تر لە دەرەوەی مۆزوو نانرێت و ترسی ئاوەی کە دووبارە لە کاتێکی گونجاودا، کورد بە قوربانیێکی سیاسی بگەیەنرێت. لە ناوان ئەم دوو هەستەدا، کورد داوای شتێکی سادە دەکات، قسەکان لە دەمەوە بگەیەنرێن بە مافێکی نوسراو لە دەستوردا و ، و ماف بگەیەنرێت بە مومارەسەکردنی ژیانکی ئینسانیانەتر لە ژێر سایەی دەستەڵاتێکی نا سەنتراڵ و نا عەسکەرتاردا.

جوتیار

ئەریکسن و قەناغەکانی گەشەی تیۆری دەروونی-کۆمەلایەتی.. جوتیار

ئامانج لەو کورتە ووتارە نیشاندانی ئەوەیە کە چۆن ژیانی خودی ئەریکسن، بیرکەرەوەیەکی دەروونیی گەشەسەندووەکانی لە قالب داوە و چۆن دەتوانرێت تیۆرییەکانی لە بواری پەروەردە و پەروەردەی هاوڕێکاریدا بە کردەوە بەکاربهێنرێن. وتارەکە دیدگا بیۆگرافیەکان لەگەڵ هوونکردنەوەی پراکتیکییەکانی قەناغە دەروونی-کۆمەلایەتییەکان تێکەڵ دەکات و بە نموونەی هاستەقینە و پەیوەندیدار نیشانیان دەدات.

ژیانی کەسی و کاریگەری و ئەزموونەکان

ئەریک ئەریکسن لە ساڵی ١٩٠٢ لە شاری (فرانکفۆرت ئەم ماین) لەدایکبووە و لە ژینگەیەکی کولتووری هەمەچەشندا گەورە بووە، بۆچی و ناسنامەکەی هەر لە سەرەتاوە تووشی سەرکەی بوو بە ئەو، ئەو لە خاتونێکی هەڵهێندی بە بۆچی یەهودی کە خۆکی کەپنهاگن بووەو دواتر بە هەی شرایتێکی تایبەتی کۆمەلایەتی کەچی کردووە بە ئەڵمانیا هاتۆتە دونیاوە ، بەڵام ئەریکسن لە لایەن باوکێکی نەناسراوەوە بەخێو کراوە و ژیانی بە دابینکراوە و هەروەکوو منداڵی راستەقینەی خۆشی بەرخوردی کردوەو سزی پێداوە، ئەمەش پرسیارەکانی سەربەخۆیی و ڕەگ و ناسنامەی بە ئیریکسن لە سەرەتاوە هەنایە پێشەوە، ئەم خاڵە دەستپێکی ژیانی راستەقینەی، حەزو ئارەزووی ئەوی بە ناسنامە و سەربەخۆیی و ئەو ژینگە کۆمەلایەتییەی کە کاریگەری لەسەر گەشەی تاک هەیە، لە قالب دا.

تەنانەت لە تەمەنێکی بچووکیشدا ئەریکسن بەدوای وەڵامدا دەگەڕا بە ئەو پرسیارەی کە مرۆڤەکان چۆن جۆگەی خەیان لە ژینگە کۆمەلایەتیەکیاندا و چۆن سەقامگیری لەنێوان خۆیاندا دەدەزنەوە. ئەریکسن بەرژەوەندیەی سەرەتایی و توێژینەوەکانی لە هونەر و ئەتنۆلۆژیدا (زانستی بوون) دەستپێکرد؛ ئەو ئاراستە دیسیپلینییە، ڕەنگدانەوەی دیدگای گشتگیرانەی دواتری ئەریکسنی بنیاتنا.

ئەو گەشەکردن وەک پرۆسەیەک تەدەگات کە بە تۆندی کاریگەری بەها

کولتووریەکان، پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و چوارچێوەی مێژوویی لەسەر. ڕەنمایی سەرتایەکانی لە ڕێگەی چاودێریکردن لە ناو خێزانەکان، قوتابخانەکان و شوێنە بیماری و چارەسەریەکان، بناغەی تێگەیشتنێکی دەروونی گۆشەیەندووی دانا کە مرۆڤەکان لەناو گەردوونی کۆمەڵایەتی ودەروونی خۆیاندا دەڕوانن و لێکدانەوە بە شتەکانی دەوروبەر دەکەن.
ئەریکسن ئەزموونی ئەوەی کرد کە چۆن پرسیارەکانی (ئیدینتیتێت) پێناس ، سەربەخۆیی و پێکهاتنی ڕێ لە بوارە جیاوازەکانی ژیانداخێزان، قوتابخانە و شوێنی کار- چەندین جار گرژی و ڕووبەڕووبونەوەی نوێیان بە ئەوهێنایە ئاراوە. ئەو گرنگیدانەی تەواوی ژیانی لەسەر گۆشەکردن لەناو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا، تەزە سێنتەڕاڵەکەی لە قاڵب دا. ئەو پێی وایە کە گۆشەکردن مەدەلێک نیەیە بە یەک قۆناغ بچووک بکرێتەوە، بەڵکو پرسیەکی بەردەوام و کاریگەری دەروونی-کۆمەڵایەتییە کە قۆیران و دەرفەت و فەزیلەت(ئەخلاقیاتی باڵای) نوێ لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا دروست دەکات.
هەروەها ڕەخنەی لە چەسپاندنی چارەسەر تاکەکەسییەکان لە چوارچێوەی کولتووری و مێژوویدا گرت، مەدەلی ڕوونکردنەوەی تێنیا دەروونی ڕێگەزی زۆر تەسک بوو بە تێگەشتنی ئەو. بەڵکو ئەو جەختی لە گرنگی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و نەرمو بەها کولتووری و واقیعی ژیانی تایبەتی تاک کردەوە.
ئەو ڕەبازە بیۆگرافییە دواتر لە ڕەبازە ئەزموونییەکیدا ڕەنگدانەوەی هەبوو، ئەریکسن لە نزیکەوە لێگەڵ کەسانی پاشخانئاڵۆزو گروپی تەمەن جیاوازو باروودۆخی ژیانئامێزی جەراوجەردا کاری دەکرد. ئەو چاودێری ڕەوتی ژیانو گوزەرانی لە ناو خێزانەکان، قوتابخانەکان و شوێنە بیماریەکان دەکرد، ئاماژەی بەوەدا کە چۆن وابەستەیی کۆمەڵایەتی و ژیاری پێکدەهێنن، چۆن سەربەخۆیی و دەستپێشخەریی تاک پەروەردە دەکرێن یان ڕێگریان لێدەکرێت، چۆن چاوەنیەکانی کۆمەڵگا کاریگەریان لەسەر گۆشەبەندنی تاکەکەسی هەیەو دەکرێت بە بنیات و داڕوخانی کەسێتی کارلێکەر بن.
ئەریکسن ئەو ئاراستە پراکتیکییەی لە قۆناغەکانی ژیانی خێدا وێنا کردووە، کە هەریەکەیان پرسیارێکی ناوەندی و فەزیلەتێک(ئەخلاقێکی باڵا)یان لێدەکەوێتەوە. بە ئەریکسن ڕوون بوو کە سەرکەوتن یان شکست لە قۆناغێکدا نابێت بە گۆشەگیری مرۆڤ سەیر بکرێت، بەڵکو ڕەوتێکی ژیانی دواتر لە قاڵب دەدات و دەستنیشانی دەکات. ئاسایش و دڵنیایی سەرەتای تەمەنی منداڵی کاریگەری لەسەر دروستبوونی ناسنامە لە تەمەنی هەرزەکاریدا هەیە، یەکسانی لە

گەورەبوونی تەمەندا دەتوانێت یەکپارچەیی ژیانی دواتر بەهێز بکات. لە کۆتاییدا چیرۆکی ژیانی ئێریکسن بەردەوامییەک ئاشکرا دەکات، ئاوێنەیەک بۆ ئەوانەی کە بەدوای سەربەخۆیی، مەیلێک بۆ هاوبەشی و هاوکارییەکی گشتگیر بە تاک لەناو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا، نەوەکوو پاشنانی مەدلی هاونکردنەوە توژینەوەکان تەنیا لەسەر بنەمای ڕەگەزی. بەم پێیە بیرگرافیای ئێریکسن ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکە سەنتراڵە دەبێت کە گۆشەکردن پرسیارێکی تەواوی ژیانییە و لە هووی کۆمەڵایەتییەوە لە قاڵب دراوە و قۆناغەکانی نوە و دەرفەتی فێربوونی نوە و فزیلەتی(ئەخلاقیاتی باڵای) نوە لە هەموو قۆناغێکی ژیاندا دەهێنێتە ئاراوە.

تیۆری ئێریکسن و چەمکی بنەڕەتی و قۆناغەکانی ژیانی ڕاستەقینە

بیرکەی سینتراڵ لای ئێریکسن ئەوەیە کە گۆشەسەندنی مرۆڤ لە تەواوی تەمەنیدا بە قۆناغەکانی دەروونی کۆمەڵایەتی تایبەتمەند دەورەدراوە. هەر قۆناغێک پرسیارێک دەخاتە ڕوو، کە چارەسەری سەرکەوتووانەی مەڵاڵێکی باڵا دروست دەکات کە پشتگیری لە ژیانی یان لە قۆناغێکی دواتر دەکات. قۆناغەکان لەسەر یەکتر بنیات دەنرێن، بەڵام ئەزموونەکانی پێشووتر دەتوانن دەستکاری یان تەواوکەری نەخشەکانی دواتر بکەن. مەڵاڵ باڵاکان وەک خاڵی دەستپێکی ئەرێنی بە ژیانی دواتر کارلێکەرو کاریگەردەبن لە کاتێکدا هووبوونەوەکان لە ئۆگەری چارەسەرکردنی قەیرانەکان شکستیان پێبەت و زەرجاریش دەتوانن ببن بە بڕشیکی سەرەکی لە کێشە درێژخایەنەکانی مرۆڤدا.

هەشت قۆناغی گۆشەی دەروونی-کۆمەڵایەتی بە پێی ڕیزبەندی تیۆری ئیریکسۆن

١. متمانە بەرامبەر بە بەمتمانەیی (قۆناغی ٠-١ساڵ): پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا جیهان وەک جێی متمانە ئەزموون دەکرێت؟ کەرپێلە کاتێک ئەزموونی متمانە دەکات کە پێداویستییەکانی بە شێوەیەکی متمانەپێکراو دابین دەکرێن و هەست بە دڵنیایی و نزیکایەتی بکات. ئەزموونە ئەرێنییەکان وابەستەییەکی پارێزراو بەرەوپێش دەبەن؛ بەبێ بنیاتی متمانە، بەمتمانەیی بە کەسانی نامۆ و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت گۆشە بکات.

٢. ئۆتۆنۆمی(سەربەخۆیی) بەرامبەر شەرمەزاری و گومان (قۆناغی١-٣ ساڵ): ئەم قۆناغە سەرنج دەخاتە سەر پرسی سەربەخۆیی. پێداویستییە سەرەتاییەکانی وەکوو خواردن و پێشینی جل و بەرگ و لەبەرکردنی جل و بەرگ بە شێوەیەکی سەربەخۆ، یان گۆران بەدوای ژینگەدا بە تەنیا، هەزی ئیرادە بەهێز دەکات. ڕەخنە یان سزای زیادەڕەیی دەتوانێت

ببەتە هەی شەرمەزاری یان گومان و ڕەگری لە ئەتەنەمی(سەربەخۆیی) کەستی بکات.
٣. دەستپەشخەری بەرامبەر بە تاوانباری (قۆناغی٣-٥ ساڵ): منداڵان لە ڕەگەی ڕەگەزان و گۆڕانی چالاکیو ڕەگی نوێ تاقی دەکەنەوە. هاندانی دوای سەرکەوتنەکان دەستپەشخەری بەرەوپەشچوون زیاد دەکات؛ شەرمەزارکردنی زەر یان سزادان دەتوانێت تاوانباریی بنیات بکات و ڕیگری لە دەستپەشخەری بکات.
٤. توانایی بەرامبەر بە کەمتەرخەمی (قۆناغی٦-١١ ساڵ): لە قوتابخانەدا، لەهاتوو و خاوەن تواناکان دەبنە جێگەی سەرنج. بەرپەرچی ئەرێنی لەسەر ئەرکەکان و پڕۆژەکانی تاک و گروپ هەستی لەهاتوویی بەهێز دەکات؛ هەستنگاندنێ نادروستوو نێگەتیڤەکان دەتوانن هەستی کەمتەرخەمی پەروەردە بکەن ئەگەر پشتیوانی و هاندان بە تواناکان کەم بێت.
٥. سەرلێشێواوی ناسنامە بەرامبەر بە ڕەگەز (قۆناغی هەرزەکاری): هەرزەکاران بەدواداچوون بە بەهاکان، پیشە و پلانەکانی ژیان دەکەن. ناسنامەیەکی ڕوون دەتوانێت ئاسانکاری بە پەیوەندییەکان و پلاندانانی ژیان بکات. بەبێ ئاراستەیەکی ڕوون، دەکرێت سەرلێشێواوی ڕەگەز لە کەمەڕگادا سەرهەڵبدات.
٦. ئینتیما بەرامبەر بە گۆشەگیری (قۆناغی سەرەتای تەمەن): دروستکردنی هاوبەشی و هاوڕێیەتی نزیک، پێویستی بە متمانە و ئامادەیی هەیە بە کرانەوە. ترس لە ئازاردان دەتوانێت ببێتە هۆی گۆشەگیری.

٧. بنیادنان بەرامبەر چەقبەستویی (قۆناغی تەمەنی مامناوەند): دژینەوەی مانا لە ڕەگەی چاودێریکردن، هاوئەرایەتیکردن، دایک و باوکایەتی، یان دەستپەشخەریی کەمەڵەیەتییەکان. بەبێ ئەم خاڵە ئاراستەکردنە، وەستان لە بری گۆشە دەتوانێت ڕووبدات.
٨. دەستپاکی بەرامبەر بە نائومێدی (قۆناغی تەمەنی پێگەیشتوو): ئاوەدانەوە لە ژیانی مرۆڤ، قبوڵکردنی سنووردارکردن و هەستکردن بە دژینەوەی مانا. شکست یان ئامانجە بەدینهاتووکان دەتوانن بەهێوایی لەبکەوێتەوە؛ بیرکردنەوەیەکی سەرکەوتوو پەروەردەی پڕ لە حیکمەت دروست دەکات.

چۆن ئەریکسن یارمەتیدەر لە ژیانی ڕۆژانەدا
لە سیستمی پەروەردەدا دەتوانرێت سود لەو تیۆرە وەربگیرێت و مەدڵەکە بکاربهێنرێت بە داشتنی مانهەجەکان کە وابەستەیی پشوختە، سەربەخۆیی، هاوکاری و ئەزموونی یەکگرتوو لە ڕەگەدا چالاک

بکات. لە پەروەردەکردنی منداڵدا ئەم بە واتای قبوڵکردنی هەڵکانە وەک پرسیەکی فەربوون و شانسی گۆشە؛ ستایشکردن دەبێت جەخت لەسەر پرسەکە بکاتەوە نەک ئاراستەکردنی دەرئەنجامەکان بە بەهەزکردنی خۆکارایی. لە ڕاوێژکاری و کاری کۆمەڵایەتیدا، ڕێبازی ئەریکسن پشتگیری لە بونیادی ناسنامە دەکات لە کاتی هەرزەکاریدا و پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەی خێزاندا. لە ڕووی کلینیکیەوە(چارەسەریەوە)، دەتوانرێت تێوانینەکانی بە تەواوی چارەسەریەکان پشتی پێببەسترێت. ئەو، دەستوەردانەکانی دەوروبەر، ڕووی ژیانی جەراوجەر، جیاوازییە کولتووریەکان و کارلێکی سەرچاوە تاکەکەسییەکان لەگەڵ هەکارە ژینگەییەکان لەبەرچاو دەگرێتوو جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

ڕێخنە و کۆنتێکستەکان

پرسی گشتگیری کولتووری قەناغەکان و مەڵەڵە باڵاکان خاڵێکی سەرەکی گفتوگۆی ڕێخنەگرانە. ڕێزبەندی هەڵەی قەناغەکان ناتوانێت بە شێوەیەکی گونجاو نوێنەرایەتی ڕووی ژیانی مرۆڤەکان بکات، بە تایبەتی لە حاڵەتەکانی بیگرافیای پێویست بە کۆچکردن(میگراسیۆن)، چەندین ناسنامە، یان ڕووی ژیانی ناتەقلیدی. لەکۆینەوەکانی ئەم دواییە جەخت لەسەر گرنگی فرە ناسنامە و لێکدانەوەی نەرم و نیان و وابستە بە چوارچێوە بە قەیرانەکان دەکەنەوە. بۆیە بەکارهێنانی هاوچەرخ پێویستی بە هەستیاری کولتووری و گونجاندن لەگەڵ لێکدانەوە شانیەکان و ڕاچاوکردنی ڕووی ژیانی تاکەکەسی هەیە.

مەدەلی ئەریکسن گۆشەساندنی کەسیی بە نزیکییەوە بە زەمینە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە و خاڵە کەنکرێتییەکانی لەنگەر بە پەروەردە، پەروەردەکردن و ڕاوێژکاری دابین دەکات. ڕوانگەی تەواوی بە ژیانێکی تەندروست، پشتگیری لە پراکتیکێکی گشتگیر دەکات، بەڵام دەبێت زیاتر ڕاچاوی جەراوجەری کولتووری و ڕووی ژیانی تاکەکەسی بکات. توێژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن جەختێکی زیاتر لەسەر گونجانی فرە کولتوری، ئەزموونی کۆچکردن و ڕووی ژیانی گشتگیر بکەنەوە و بۆپەی ئەو ئامرازە کردارەکان زیاتر پەرەپێبدەن.

جوتیار

لێنس کلبرگ و تیۆری گەشەپەرەدانی مۆراڵ.. جوتیار

پێشەکی

توانای حوکمدانی ئەخلاقی و تێگەیشتن لە بنەما ئەخلاقییەکان تایبەتمەندییەکی سەنترالی ئیسدلالکردنی مرۆڤە. بە باشتر تێگەیشتن لە پرسەی گەشەسەندنی ئەم ئیستدلالە ئەخلاقییە، دەروونناسەکان تیۆری جۆراوجۆریان پەرەپێداوە. یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین لێبازەکان لە (لێنس کلبەرگ)ەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو تیۆرە، باس لەوە دەکات کە چۆن حوکمدانی ئەخلاقی لە قۆناغێ یەک لە دوا یەکەکاندا بە درێژایی ژیان گەشە دەکات، مۆدێلی کلبەرگ نەک هەر تەنوانینەکی قووە لە پێگەیشتنی مەعریفی مرۆڤ پشکنش دەکات بەڵکو کاریگەریی پراکتیکی لەسەر پەروەردە و نەرمە کۆمەڵایەتیەکانیش هەیە. ئەو ئەوە نیشان دەدات کە مۆراڵ دەخێکی ئیستاتیک نییە، بەڵکو پرسەیەکی دینامیکییە کە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان و گەشەسەندنی مەعریفی لێیەوە فۆرم دەگرێت.

پرسیاری چۆنیەتی حوکمدانی مۆراڵی مرۆڤەکان و پەرەپێدانی بیروباوەڕی مۆراڵی خەیان، بە چەندین سەدە، فەیلەسوف و دەروونناس و پەروەردەکارانی سەرقاڵ کردووە. لێنس کلبەرگ بەشداریەکی بەرچاوی لە دەروونناسی مۆدێرن کرد بە تیۆری گەشەسەندنی مۆراڵی بە دابەشکردنی پرسەی گەشەکردن بەسەر قۆناغ ەوون و پێکهاتەدارەکاندا. کارەکانی لەسەر تیۆریە مەعریفیەکانی(ژان پیاژێت) بنیات دەنرێت، بەڵام بە پشکنینی وردی پێکهاتنی حوکمدانی ئەخلاقی لە ماوەی ەوتی ژیانیدا فراوانیان دەکات. تێگەیشتن لەم تیۆریە نەک تەنها بە زانست بەڵکو بە داشتنی مێتۆدە پەروەردەییەکان و شێواز و نەرمە کۆمەڵایەتیەکانیش پێوەندیدارە.

پاشخان و کەسێتی

لێنس کلبەرگ (١٩٢٧-١٩٨٧) دەروونناسێکی ئەمریکی بوو کە لە زانکۆی هارڤارد توێژینەوەکانی ئەنجامدا و دواتر لە زانکۆی شیکاگۆ وکوو وانەبێژ لە ئەرکدا بوو. بەرژەوەندی و خولیای سەرەکی ئەو پێوەندی نێوان گەشەسەندنی مەعریفی و حوکمدانی مۆراڵی بوو. کلبەرگ لەسەر بنەمای کارەکانی (ژان پیاژێت)، بۆتایبەتی تیۆری گەشەکردنی مەعریفی لە منداڵاندا، تیۆری تایبەتی خۆی پەرەپێدا کە پرسەی ئیستدلالکردنی مۆراڵ (ئەخلاق) بەسەر قۆناغەکاندا دابەش

دەکات.
میتەدەلۆژیای کۆلبێرگ بریتی بوو لە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و گفتوگۆ لەگەڵ هەرزەکار و گەورەکان کە تێیدا داوایان لێکرابوو دیلەماکانی (دووبانەکانی) دووفاقیەتی بیرکردنەوەی ئەخلاقی چارەسەر بکەن، کە ناسراوترینیان ئەو نمونەیە کە پێی دەوترێت (دووبانی هاینز)* کە پێوەندی بەو پرسیارەوە هەیە کە ئایا (مرۆڤێک دەکرێت دەرمانخانەیەک بدزێت کە ژیانی کەسێک لە مەرگ ڕزگار دەکات)؟ . بە شیکردنەوەی هەڵکارو ئەو دەرئەنجامانەی کە لە ڕێگای گفتوگۆو چاوپێکەوتنەکاندا بە دەستی هێنان ، کۆلبێرگ توانی دەرئەنجامەکان سەبارەت بە قۆناغەکانی گەشەکردنی هەریەکەیان دەستبەهێنێت.

گریمانە بنەڕەتییەکانی تیۆری مۆراڵ
مەدەلی کۆلبێرگ لەسەر چەند گریمانەیەکی سەنتەراڵ دامەزراوە کە بریتین لەوانە:
بنەمای پێکهاتەی قۆناغەکان: ئیستدلالکردنی ئەخلاقی لە قۆناغە جیاوازەکاندا گەشە دەکات، هەر قۆناغێک لە ڕووی چەندایەتییەوە جیاوازە لە قۆناغی پێشووتری.
ڕەوایەتی گشتگیر: قۆناغەکان لە بنەڕەتدا هەموو مرۆڤەکان دەگرێتەوە بەبێ گوێدانە کولتوور یان پاشخانی کۆمەڵایەتی.
گەشەسەندنی پێشکەوتنخوازانە: مرۆڤەکان بە ڕێزبەندییەکی جێگیردا بە قۆناغەکاندا دەڕۆن؛ پاشکشە تێیدا دەگمەنە.
گرنگیدانی پاڵنەرەکان: پاڵنەرەکانی پشت کردەوەی ئەخلاقی لەگەڵ زیادبوونی پلەگەیشتن دەگۆڕێت، لە بەرژەوەندی خۆتەوە بە بنەما گشتگیرەکان.

ئاست و قۆناغەکانی گەشەکردنی مۆراڵ لە دیدگای کۆلبێرگەوە
ئاستی یەر لە نەریتەکان (قۆناغەکانی 1 و 2) -Pre-conventional Level .1
ئەم ئاستە تایبەتە بە منداڵان تا تەمەنی نزیکەی ٩ ساڵ، بۆیە دەتوانێت لە گەورەکانیشدا لە هەندێک بارودۆخدا ڕووبدات.
قۆناغی یەکەم: گوێڕایەڵی و سزادان
ڕەفتار لە ترسی سزادان خۆی دەنوێنێت، منداڵ دان بە هەڵسوکەوتکانیدا دەگرێت و وا بەرخورد دەکات بە ئەوەی سزا نەدرێت. حوکمدانی ئەخلاقی لەسەر بنەمای دەرئەنجامە دەستبەجێیەکان دامەزراوە.(من دزی ناکەم، چونکە دەزانم ئاکامەکەی سزادانە)
قۆناغی دووەم: بەرژەوەندی خود

لەردا بەدواداچوون یان بیرکردنەوە بۆ سوودی کەسی لە پێش هەموو شتێکەوەیە، بۆیارکان بە بەدەستهێنانی قازانجی کەسی "چی تێدایە بۆ من؟"). هەشتا تێگەیشتنێک لە ئاسا کۆمەڵایەتی و دادپەروەریی کاندا نییە.
2- Conventional Level (قۆناغی 3 و 4)
ئاستی ئاسایی ئەم ئاستە زۆرجار لە هەرزەکاراندا هەوڵدەدات بەدەستبهێنێت لە گەورەکانیشدا بەردەوام بێت.

قۆناغی سێیەم: ناساندنی کۆمەڵایەتی
هەڵسوکەوتی ئەخلاقی بەهۆی ئارەزووی حەزکردن یان هەڵگرتن لایەن کەسانی دیکەوە پابەندە ("قۆناغی کوڕی باش/کچی باش"). گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خواستی قبوڵکردن دەدرێت.

قۆناغی چوارەم: یاسا و ڕێسا
مرۆڤەکان ئاشنان بە گرنگیی نەزمە کۆمەڵایەتیەکان. هەڵسوکەوتی ئەخلاقی پەکدێت لە پابەندبوون بە یاساکان و جێبەجێکردنی ئەرکەکان. لەردا سیستەمی یاسایی وەک بناغەی دادپەروەری سەیر دەکرێت
4- Post-conventional Level (قۆناغەکانی 5 و 6)
ئاستی دوای نەریتەکان
ئەم ئاستە بە شێوە گشتیەکەی هەموو کەسێک ناتوانێت پێی بگات؛ پێویستی بە ئاستێکی بەرزی پێگەیشتنی مەعریفی هەیە.

قۆناغی پێنجەم: گرێبەستە کۆمەڵایەتییەکان
لەرەوە دەستپێدەکات کە تێگەیشتن لەوەی یاساکان بنیاتێکی کۆمەڵایەتین کە دەتوانرێت بگۆڕدرێن. ئەخلاق لەسەر بنەماکانی وەک دادپەروەری و یەکسانی دامەزراوە؛ مافەکانی تاک لە پێش یاسا تووندو دژوارەکانەوەن .

قۆناغی شەشەم: بنەما ئەخلاقییە گشتگیرەکان
هەڵسوکەوتی ئەخلاقی بە بنەما ئەبستراکتەکانی وەک کەرامەتی مرۆڤ، دادپەروەری و یەکسانی ڕەنمایی دەکرێت. ئەم بنەمایانە دەتوانن یاساکان تێپەڕێنن؛ بۆیارکان لەسەر بنەمای بیروباوەڕی ناوەوە و بەها گشتگیرەکانن.
مەدەلی کۆلبەرگو کاریگەریە دوورمەوداکانی لەسەر پەروەردەو کۆمەڵگا:
جەخت لەسەر گرنگی پێگەیشتنی مەعریفی دەکاتەوە بە فێربوونی مەڵا و ئەوە پیشان دەدات کە دەتوانرێت پەروەردەی ئەخلاقی لە ڕێگەی گفتوگۆکردن سەبارەت بە دیلەماکان (دووبیانەکان)ەوە بەرەوپێش بچێت

و کاریگەری لەسەر چەمکە پێداگۆژیەکانی وەک "فەربوونی بونیادی" لە وانەکانی مامۆستا هەبێت.
مەدەلی گۆشەسەندنی ئەخلاقی کۆلبێرگ کاریگەرییەکی دوور مەودای لەسەر پراکتیکی پەروەردەیی و تێگەیشتنی کەمتر لە مامۆستا هەیە. جەخت لەسەر ئەوەی ناوەندی پێگەیشتنی مەعریفی لە حوکمدانی مامۆستایدا دەکاتەوە و پێشنیاری ئەوە دەکات کە فەربوونی ئەخلاقی دەتوانرێت لە ڕێگەی گفتوگۆی بەمەبەست سەبارەت بە دیلەماکان (دووبەرەکان)وە بەرەوپێش بچێت. ئەم تەوانینە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەرەپێدانی وانەکانی پەیوەست بە مامۆستا هەبووە، بەتایبەتی لە ناو ڕێبازی فەربوونی بونیادگەرایەدا، کە هانی خوێندکاران دەدات لە ڕێگەی بەشداریکردنی چالاکانە لەگەڵ پرسیارە ئەخلاقییەکان پەرە بە حوکمدانەکانیان بدەن.
ئەمەش بە کردەوە بەو مانایەیە کە چەمکە پەروەردەییەکان دەبە ئامانجیان بەرەوپێشبردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕەنگدانەوەی ئەخلاقی بێت. باسکردنی دیلەماکان (دووبەرەکان) ڕێگە بە فەرخوازان دەدات فەزای دیدگای جیاواز بن و بەهاکانی خەیان بخەنە ژێر پرسیارەوە، جگە لەوەش ڕێبازی کۆلبێرگ گرنگی پەروەردەی ئەخلاقی لە دامەزراوەکانی وەک خوێندنگاو و زانکۆ و پەروەردەی گەورەساڵاندا خستەتە ڕوو.

لایەنی ڕەخنەیی و مشتومڕکان

سەرەڕای بەشداریە بەرچاوەکانی، بەڵام تیۆری کۆلبێرگ بە ڕەخنە نەبووە، ناڕەزایەتییە سەرەکییەکان پەیوەندییان بە لایەنگری کولتووری، تایبەتمەندی ڕەگەزی و پشتگوێخستنی هەکارە سەزداریەکانەوە هەیە.

لایەنگری کولتووری

ڕەخنەگران دەڵێن مەدەلی کۆلبێرگ بە پلەی یەکەم ڕەنگدانەوەی بەها ڕۆژئاواییەکان و(ئیندیڤدوالیزم) تاکگەراییە. لەسەرگریمانەیەکی گشتگیر دامەزراوە کە هەموو مرۆڤەکان لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مامەڵەیدا بە شێوەیەکی هاوشێوە پێشدەکەون. بەڵام ئەو کولتوورانەی کە بەهای بەکۆمەڵگەراییەیان هەیە، بە نموونە لە ئاسیایان ئەفریقا، ڕەنگە ڕەچاوی گەشەسەندنی جیاواز پیشان بدەن، کە تێیدا هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی کۆمەڵایەتی بەهێزتر لە بنەما تاکەکەسییەکانی دادپەروەری جەختیان لەسەر دەکرێتەوە. لەکێنیاوەکان دەریانخستووە کە لەم جۆرە کولتوورانەدا زۆرجار حوکمەکانی مامەڵە زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

و کەمتر لەسەر بنەمای ئەبستراکت دامەزراون.

تایبەتمەندی ڕەگەز
کارل گیلیان دەروونناس و پەروەردەکاری ئەمریکی بە تووندی ڕەخنەی لە مەدەلی کۆلبێرگ گرت کە لایەنگری دیدگای پیاوسالاریە. ئەو ئاماژەی بەوەدا کە ژنان مەیلیان هەیە ئاراستەیەکی زیندووی پەروەردەکردن پیشان بدەن، لە کاتێکدا گرنگیدانی کۆلبێرگ لەسەر دادپەروەریە کەچی بنەماکانی دادپەروەری لەگەڵ چەمکە ئەخلاقییەکانی مینەدا نایەکانگیرە. گیلیان جەختی لەسەر گرنگی پەروەردەکردن و پەیوەندییە کەسییەکان کردەوە وەک توخمە سەنتراڵییەکانی گۆشەسەندنی ئەخلاقی، لایەنگرلەک کە لە تیۆری قۆناغی کۆلبێرگدا بە شێوەیەکی ناتەواو باسیان لەدەکرێت.

جەختکردنەوە لەسەر لایەنە مەعریفییەکان
دیدگایەکی دیکەی ڕەخنەیی پەیوەندی بە گرنگیدانی بەهەزی پرسەی مەعریفی لە گۆشەسەندنی ئەخلاقیدا هەیە. زۆرێک لە زانایان پێیان وایە کە هەکارە سەزداریەکانی وەک هاوسەزی، بەزەیی و پەیوەندی کەمەیەتی بە هەمان شێوە ڕەکسی گرنگ دەگێڕن لە ڕەفتاری ئەخلاقیدا. ئەم پێکهاتە سەزداریانە لە مەدەلی کۆلبێرگدا بەزەحمەت لەبەرچاو دەگیرێن؛ بەکو وا گریمان دەکرێت کە حوکمدانی ئەخلاقی بە پلەی یەکەم بەهەی ڕەچاوکردنی عەقڵانییەوە لە قاڵب دەدرێت.

پاشکۆ و قۆناغە هاوکاتەکان
هەرچەندە مەدەلەکە پشکۆتووانە دەردەکەوێت، بەڵام بەگەڵ ئەزموونییەکان نیشان دەدەن کە مرۆڤەکان دەتوانن لە هەندێک بارودۆخدا پاشکۆ بکەن یان لە یەک کاتدا قۆناغی جیاواز پیشان بدەن. بە نموونە، کەسێک دەتوانێت لە ئاستێکی بەرزدا حوکم بدات بەڵام لە ئاستێکی نزمتردا لە بارودۆخە تایبەتەکاندا مامەڵە بکات، ڕەنگە لە ترسی دەرئەنجامەکان یان بەهەی کاریگەرییەکانی بارودۆخەکەوە بێت.

گۆشە و پێشهاتە درژمەوداکان
تۆژینەوە مەدەرنەکان تەواوکەری ڕەبازی کۆلبێرگن بە تەکەکردنی پرسەی سەزداری وەک هاوسەزی، هەروەها جیاوازییە کولتووریەکان و کاریگەری بارودۆخە ژینگەیی وسروشتیەکان، بە نموونە مەدەلەکانی ئەم دواییە جەخت لەسەر گرنگی هەستە کەمەیەتییەکان دەکەنەوە بە گۆشەپێدان و بەکارهێنان و هەسوکەوتی مەالی. هەروەها ململانێ فەرهەنگیەکان بە ڕوونی ئەوە نیشان دەدەن کە ئیستدلالکردنی ئەخلاقی

بە تووندی لە ژێر کاریگەری کۆنتەکستی کولتووریدایە.
هەروەها بەشێکی ئەو هەڵبازانە پەرۆیان پێدراوە بە دەستنیشانکردنی کاریگەری و هەڵسەنگاندنی بارودۆخییەکان، هەڵوەشاندنەوەی ئەخلاقی تەنیا دەرئەنجامی پرسیارێکی گۆشەسەندنی هەنگاو بەهەنگاو نییە، بەڵکو پێویستە بە بارودۆخە تایبەتەکانی وەک فشارو هەڵکاری دەرهاوێشتە جیاوازییەکانی کۆمەڵگاو نەرمە کۆمەڵایەتییەکان.

پەراکتیزەکردنی تیۆری مۆراڵ لە ناو چەمکە جیاوازەکاندا:
پەروەردەی ئەخلاقی: پێشخستنی هەڵوێستەوەی هەڵسەنگێنەر لەسەر دیلەماکان(دووڕیانەکان)ی ئەخلاقی لە پێل و خوێندنگاکاندا.
ئاگایی و تێگەیشتن: تێگەیشتن لەوەی بۆچی خەڵک بە شێوەیەکی جیاواز حوکم دەدەن، بە نموونە لە هەوشوێنی دادگادا.
کاری کۆمەڵایەتی: پشتگیریکردن لە پەرەپێدانی لێهاتوویی و توانا مەعریفییەکان لە چوارچێوەی فرە کولتوریدا.
ئەو چەمکانە بەهای تیۆرەکی کەڵبەرگ بە پرسە پراکتیکییەکانی کۆمەڵگا و سیستەمی پەروەردەیی نیشان دەدەن.
تیۆری گۆشەسەندنی ئەخلاقی کەڵبەرگ بە چەمکسازیکردنی پێشکەوتنی ئەخلاقی وەک پرسیارێکی مەعریفی هانگاو بە هانگاو، بۆگەیەکی بەرچاو لە تێگەیشتن لە ئەخلاقی مرۆڤدا دیاری دەکات. ئەو پیشان دەدات کە حوکمدانی ئەخلاقی تەنیا کاردانەوەیەکی ناهەشمەندانەی مرۆیی یان سەزداری نییە، بەڵکو دەرئەنجامی بەگەڕدارکردنەکی عەقڵانی و گۆشەسەندووە سەبارەت بە بنەما و دادپەروەری. بەم مانایە، تیۆرەکە هەنگدانەوەی وێشانکی مەدەرنە لە بەرزبوونەوەی نەریت لە "دەخی سروشت"ەوە بە "کایەی باڵاتر"ی هۆشیاری ئەخلاقی، بیرکەیەک کە هەگ و ێیشەی قووڵی لە نەریتی فەلسەفیدا هەیە.
بەڵام هەر جەختکردنەوە لەسەر عەقڵانیەت گرژییەکی فەلسەفی سەنتەڵ ئاشکرا دەکات، ئایا مۆراڵ تەنیا لە هەگەی پێگەیشتنی مەعریفیەوە بەدەست دێت؟ یان لایەنە سەزداری و پێوەندیە کەسییەکان بە شێوەیەکی یەکسان و دادگەری بنەڕەتین بە کردەی مۆراڵی مرۆڤ؟ لێرەدایە کە هەخنە لە مەدێلەکەی کەڵبەرگ دێتە پێشەوە، ئەو مەیلی ئەوەی هەیە مرۆڤەکان لە توانای حوکمدانی عەقڵانیدا بچووک بکاتەوە، گرنگی هاوسۆزی و خەمخۆری و هۆشیاری سەزداری پشتگوێ دەخات. ئەو هەخنەیە جیاوازی نێوان ئەخلاقی کانتی – لەسەر بنەمای ئیمپەراتیڤی کاتگۆری (پێویستی قەناغ) و ئەخلاقی فەزیلەتەکی زیاتر ئەرستۆیانەی بیردەخاتەوە کە کەی مرۆڤەکان لە بەرچاو دەگرێت.
لە هەوانگێیەکی فەلسەفیەوە ئەمە پرسیارێک لەبارەی سروشتی ژیانی شایستەوە دەوروژێنێت، ئایا تەنها لە هەگەی پابەندبوون بە بنەما

گشتگیرەکانەوە دەتوانرێت بەدەستبەهێنرێت یان باشتر بڵێین لە ڕێگەی پڕۆپەگەندای هەواڵەستەکی هاوسەزی بەرامبەر بە ئەوانی دیکە؟ دەتوانرێت ڕەبازی کلیشەبەرگ وەک هەواڵێک بۆ یاوەریکردنی مرۆڤەکان لە ڕێگای خۆیان بۆ ئەتەنامی مەڵاڵی سەیر بکرێت، ئەتەنامیەک (سەربەخۆیی)کە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی عەقڵانییە. بەڵام ئەم هاوکێشە شکست دەهێنێت لەوەی کە ئەخلاقی ڕاستەقینە لە پرسیەکی دیالێگیشەوە سەرهەڵدەدات کە تێیدا پەیوەندی سەزداری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە هەمان شێوە ڕێکەکی سەنتەڵ دەگۆڕن.
لە کۆمەڵگای فریی ئەمەدا ئەم باسە تەحەدامان دەکات، چۆن دەتوانین پەروەردەیەکی مەڵاڵی دابەڕێن کە هەم پێگەیشتنی مەعریفی بەرەوپێش ببات و هەم هەستیاری سەزداری بەهێزتر بکات؟ پەرسەندنی زیاتری تیۆرییە مەدەرنەکان ئەوە نیشان دەدات کە تێگەیشتنەکی گشتگیر لە مەڵاڵ تەنیا کاتێک دەکرێت کە هەردوو ڕەهەندەکە، قۆناغەتی عەقڵانی و پەیوەندی سەزداری تێکەڵ بکەین. ئەمەش ئەوە هوون دەکاتەوە کە ئەخلاق دەخێکی ئیستاتیک نییە یان تەنیا دەرئەنجامی گۆشەسەندنی مەعریفی نییە؛ بەڵکو پرسیەکی زیندووە لە فێربوون و گۆشەکردنی بەردەوام لە گفتوگۆ لەگەڵ خود و ئەوانی تردا.
لە کۆتایدا، لە کاتێکدا مەدەلەکەی کلیشەبەرگ زانیارییەکی بەنرخ بە پراکتیکی پەروەردەیی دابین دەکات و تێگەیشتنمان لە گۆشەسەندنی ئەخلاقی دەوڵەمەندتر کردووە، بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ڕەخنەگدانەوەی فەلسەفیدا پێویستە زیاتر پەڕەی پێبدرێت بە ئەوەی دادپەروەری لەگەڵ ئاڕەزییەکانی ئەخلاقی مرۆڤدا بنیاد بنێین. لە کۆتایدا ئەخلاق تەنیا بابەتی پێشکەوتن یان لێکدانەوە عەقڵانیەکان نییە؛ دەربڕینی مرۆڤایەتی ئەمێیە بە هەموو هەمەچێشنییەکیەوە، کە بەهەی عەقڵ و هەست و پەیوەندییەکانەوە لە فەڕم دراوە.

نووسینی: جوتیار

---

*(دووڕیانی هاینز) باس لە پیاوێک دەکات بە ناوی هاینز کە هەوە دەدات دەرمانێک لە پێناو ڕزگارکردنی ژیانی هاوسەرە نەخۆشەکەی بدزێت کە لەسەرە مەرگ، چونکە دەرمانەکە زۆر گرانەو توانای دارایی نییە بۆی دابین بکات. دووڕیانەکە مرۆف دەخاتە بەردەم بیرکردنەوەو دەپرسێت، ئایا لە ڕووی ئەخلاقییەوە دزینی دەرمانەکە کارێکی دروستە یان هەڵەیە؟ ئەو دووڕیانە خزمەت بە شیکردنەوەی حوکمدان و قۆناغەکانی پێگەیشتنی ئەخلاقی لە مرۆڤکاندا دەکات.

من سودم لە سەرچاوەکان بۆ زمانی ئامانی وەرگرتوە لە رێگای لێکسیۆنەکانی خوێندنەوە، بەناوبانگی ئەوانەی خوارەوە سەرچاوە ئەرجینالەکانن بۆ زمانی ئینگلیزی.
Kohlberg, L. (1981). Essays on Moral Development. Harper & – Row.
– Turiel, E. (2002). The Development of Social Knowledge: Morality. Cambridge University Press.
– Gilligan, C. (1982). In a Different Voice : Psychological Theory and Women's Development. Harvard University Press.
– Rest J.R., & Narvaez D. (1998). Moral Development in the Professions. Psychology Press.
– Crain W.C. (2011). Theories of Development: Concepts and Applications. Pearson Education.
– Walker L.J., & Frimer J.A., et al., (2012). "Moral development and education." In Handbook of Moral Behavior and .Development, Volume I

کارل ئەجەرز، تیۆر و دیدگاکانی.. جوتیار

پێشەکی..

کارل ئەجەرز کێیە:
کارل ئەجەرز (١٩٠٢-١٩٨٧) دەروونناسێکی گرنگ و چارەسەرکاری دەروونی ئەمریکی بوو. ئەو بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی (دەروونناسی مرۆیی) هیومانیستی دادەنرێت، کە بە "هێزی سێیەم" لە دەروونناسیدا ناسراوە. ئەجەرز لە شاری ئێک پارک لە ویلایەتی ئیلینۆیس لەدایکبووە و بە یەکەمجار پێش ئەوەی ئەو لە دەروونناسی بکات، کشتوکاڵی خوێندووە. ئەو چارەسەری (کڵسی- سێنتەر) بە نەخۆشکانی پەرەپێدا، کە تیایدا گرنگی بە پێوەندیی پڕزانین و هاوسۆزی نێوان چارەسەرکەرو کڵسی نەخۆش دەدرێت. کارکانی جەختیان لەسەر گرنگی خۆدیهێنان و گوێگرتنی کڵسی کردوە. تیۆرییەکانی ئەجەرز

کاریگەریەکی بەرچاویان لەسەر چارەسەری دە روونی و پەداگۆگی(پەروەردە) و ئامۆژگاری هەبووە. هەروەها مامۆستای زانکۆی شیکاگۆ و زانکۆی ویسکۆنسن بووە.
کارل ھۆجەرز یەکێک بوو لە دەروونناسە کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم و پێشەنگێکی دەروونناسی مرۆڤدۆستی بوو. کارەکانی لە بنەڕەتدا شەوازی تێگەیشتنمانی لە ھەڤتاری مرۆڤ و تەندروستی دەروونی گرتبوو. لەم بابەتەدا بەدواداچوون بەھەندێک لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆریەکانی دەکەین بە شێوەیەکی کورت و تیشک دەخەینە سەر گرنگییەکانیان بە دەروونناسی مەدەرن.

چارەسەری کەسی- سەنتەر
ھۆجەرز بە پەرەپێدانی چارەسەری (کەسی – سەنتەر) ناسراوە، کە بە چارەسەری کەسی- سەنتەر بە نەخۆشەکان ناسراوە. ئەم شەوازە چارەسەریە بە نەخۆشەکانی لە ناوەندی پرسەی چارەسەرکردندا دادەنێت. بە پێچەوانەی ئەو ھەبازە باوانەی کە چارەسەرکەر وەک شارەزایەک مامەڵە دەکات، چارەسەری (کەسی سەنتەر)ی نەخۆش وەک شارەزا لە ژیانی خۆیدا دەبینێت.

بنەما سەرەکییەکانی چارەسەری کەسی – سەنتەر
قەدرپێدانی ئەرێنی بە مەرج: چارەسەرکەر بە بێ حوکمدان یان مەرجەکان نەخۆشەکە قبووڵدەکات. ئەم قبووڵکردنە ژینگەیەکی تەندروست بنیاد دەنێت کە تێیدا کەسی نەخۆش بتوانێت بە ئازادی خۆی دەربڕێت و قسە لەسەر گرفتەکانی خۆی بکات.
ھاوسۆزی: چارەسەرکەر ھەوڵدەدات بە قووڵی لە ھەست و دیدگای کەسەکە تێبگات. ئەم ھەوڵستە ھاوسۆزییە متمانە و کراوەیی لە پرسەی چارەسەرکردندا بەرەوپێش دەبات.
یەکدەنگی / ڕاستگۆیی : ڕاستگۆیی لەلایەن چارەسەرکەرەوە زۆر گرنگە. چارەسەرکەری ھاوسەنگ لە کارلەکەکانی لەگەڵ نەخۆشەکانی ڕاستگۆ و شەفافە.

چەمکی خود و خۆبەدیھێنان
تۆخمەکی سەنتڕاڵی تیۆری ھۆجەرز چەمکی خودە. ئەو پێیوابوو کە ھەموو مرۆڤێک پێویستییەکی زگماکی ھەیە بە خۆاستکردنەوە، ئارەزووی گەیشتن بە توانا تەواوەکانی. چەمکی خود پێکدێت لە خودی ڕاستەقینە (چۆن لە ڕاستیدا خۆمان دەبینین) و خودی ئایدیاڵ (پێمان خۆش چۆن بین). ناتەبایی نێوان ئەم دووانە دەتوانێت ببێتە ھۆی ناڕازیبوون و کێشەی دەروونی.

گرنگی ئەزموونەکان

هەڵسەنگاندن جۆرێک لە گرنگی ئەزموونە کەسییەکان کردوە لە پرسەی گۆشەکردنی تاکدا. ئەو ئاماژەی بۆدا کە مرۆڤەکان دەتوانن لە ڕێگەی ئەزموونە ڕاستوخۆکانەوە فێربن و گۆشە بکەن کاتێک لە ژینگەیەکی پشتیوانیکەردان و هەڵیان بە دەرخسێندرێت.

کاریگەری لەسەر پەروەردە و بوارەکانی تر

جگە لە چارەسەری دەروونی، کارەکانی هەڵسەنگاندن کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بوارەکانی دیکەی وەک پەروەردە و چارەسەرکردنی ناکۆکی هەبووە. لە بواری پەروەردەدا داکۆکی لە ژینگەیەکی (فێرکردنی – سەنتەر) کرد کە تێیدا خوێندکاران چالاکانە بەشداری پرسەی فێربوونیان بکەن.

هەڵخنە لە تیۆرییەکانی هەڵسەنگاندن

هەرچەندە هەڵسەنگاندنی جۆرێک تاوادێکی زۆر بە شێوەیەکی ئەرێنی وەرگیراون، بەڵام هەندێک خاڵی هەڵخنەیش هەن لەسەر بۆچوونەکانی. هەندێک لە هەڵخنەگران دەڵێن کە شێوازەکانی زۆر بە پێکهاتەیان بە شێوەیەکی گونجاو چارەسەری نەخشیە دەروونییە قورسەکان ناکەن.

ئەنجامگیری

کارل هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکی درێژخایەنی بۆجەهشتووە بە هەڵسەنگاندنی مرۆڤدۆستانەکەی لە دەروونناسیدا. جەختکردنەوەکانی لەسەر هاوسۆزی و قبوڵکردن و هەستیاریەتی نێک هەر شەشێکی لە پراکتیکی چارەسەری دەروونیدا کرد بەڵکو تێگەیشتنمانی فراوانتر کرد کە مرۆڤبوون لە پێوەست بە بەرخوردکردن لەگەڵ کەسی نەخۆش یان چارەسەروگرمانای چییە.

تێبینی و دیدگاکانی کارل هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکی درێژخایەنیان لەسەر دەروونناسی وپەروەردەو دیسیپلینەکانی پێوەندیدار هەبووە. چارەسەری سەنتەری – کەس، پچڕانکی ڕیشەیی بوو لەگەڵ هەڵسەنگاندنی باوەکانی ئەوکاتە و زەرجار تاکەڕەوانەی شیکاری دەروونی و هەڵسەنگاندنی بەڵکو جەختی سەرنجی لەسەر تاک و ئەزموونەکانی و بەدواداچوونی گۆشەکردنی کەسی بوو. ئەو بەوای تەواوی بەو شتە هەبوو کە هەموو کەسێک توانای چاکبوونەوە و پەرەپێدانی خۆی هەیە، بە مەرجێک ژینگەیەکی پشتیوان و پێزان بدەزێتەوە.

جەختکردنەوەی هەڵسەنگاندنی جۆرێک لەسەر هاوسۆزی، هەڵچاوکردنی ئەرێنی بە مەرج و یەکگرتوویی نێک هەر شەشێکی لە پێوەندییە چارەسەرییەکاندا کرد بەڵکو تێگەیشتنمان لە پێوەندییە نێوان کەسییەکان بە گشتی قووڵتر کردەوە. ئەم بنەمایانە ئێستا تەنها لە چارەسەری دەروونیدا

ستاندارد نین، بەکو لە بواری پەروەردە و کاری کۆمەڵایەتی و هاوڕێکاری و تەنانەت بەرەوپێشبردنیشدا بەکاردەهێنرێن. ئەو بیرکەرەوەیەی کە(مرۆڤەکان کاتێک هەست بە قبووڵکردن و تێگەیشتن دەکەن، باشترین فێربوون و گەشەکردنە)، بووەتە بنەمایەکی سەرەکی چەمکە پەروەردەیی و سەرکردایەتییە مۆدێرنەکان.
بەشداریپێکی گرنگی دیکەی ڕەجەرز چەمکی خۆاستکردنەوەیەتی. لە سەردەمێکدا کە زەرجار تەندروستی دەروونی لە نێبوونی نەخۆشیدا کورت دەکرایەوە، جەختی لەسەر توانای هەر تاکێک دەکردەوە بە پەرەپێدانی خودێکی ئاسۆن. ئەم بەدواداچوونە بە ڕەسەنایەتی و گەشەپێدانی کەسی ئەمە لە جاران زیاتر پێویستدیارە، بە تایبەت لە ژێر ڕۆشنایی تەحەددای کۆمەڵایەتی وەک فشار بە ئەنجامدان، پرسکانی ئایدینتیتێت و گەشەگیری کۆمەڵایەتی.
بەگومان دەبێت سنووردارکردنی ڕەبازەکانیشی لەبەرچاو بگیرێت. ڕەخنەگران ناوبەناو گلەیی لە نێبوونی پێکهاتەی شێوازەکانی یان کاریگەری سنووردارکردنەکانی دەکەن لە ڕووی تێکچوونی دەروونی تونددا. سەرەڕای ئەوەش، هێشتا جێگەی مشتومڕ نییە. ڕەجەرز بە ڕەبازە مرۆڤدۆستەکەی دەستی بە گۆڕینی پارادایم کرد. ئەو نیشانی داوە کە گۆڕانکاری ڕاستەقینە لە پێوەندییەکی ڕێزدارەوە سەرچاوە دەگرێت، پێوەندییەک کە تێیدا مرۆڤەکان هەست بە پارێزراوی دەکەن بە دەربڕینی هەستی ڕاستەقینەی خۆیان.
لە کۆتاییدا، میراتی کارل ڕەجەرز بەردەوامە لە هەموو دانیشتنێکی چارەسەرییدا، لە هەموو گفتوگۆیەکی هاوسۆزیدا، و لە هەر شوێنێکدا خەڵک بە کراوەیی و پێزانینەوە یەکتر ببینن. دیدگای ئەو بە دەروونناسییەکی مرۆییتر ئەوەمان بیردەخاتەوە کە چاکبوونەوە و گەشەکردن هەمیشە لەو شوێنە دەست پێدەکات کە ڕاستگۆیی خۆمان و ئەوانی دیکە بۆیکەوە گرێمان دەدات.

جوتیار

سیاسەت ئەو کاولسازییە ئیتر

جوتیار ... !

بۆچونێک هەیە کە پێی وایە ئەوەی دەستەبات بخوازێت، دەبێت درێژنێکی لێزان بێت، چونکە دەستەبات دوا قۆناغی گەیشتنە بە ئامانجی سیاسی، ئەگەر تە درێسازێکی باش بیت لە ناو جیهانی سیاسەتدا و توانای گەمژاندنی دەوروبەرت هەبێت، ئەوا دەتوانیت خراتر نیشانەکەت بپێکی و زووتر دەستت بگات بە مەرام و خەونەکانت .

سیاسەت لە ناو ئەو قۆناغە قەیراناویەی (ئابووری سەرمایەداری)دا ئەوەندە ئاڵۆزە، کە پێ بووە لە ئەنگیزە و تەوژمی دژبەیەک، پێبووە لە پاڵادەکسیزمی فیکر و ئیدەلۆژیا، تەکنۆلۆژیاکە لەو تەوژمانەی کە توانای زیهنیی مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی لێکیان جیابکاتەوە.

هەندە جار مرۆڤ ناچار دەبێت لە ناو هەندە پێشهاتەو شرایتی جاوەڕوانەکراودا درێ بکات، بەبێ ئەوەی کەسی سیاسی و بازرگان دەبێ بردەوام درێ بەرهەم بێنن تا شرایتی ئامانج و مانەوەی خەیان مسۆگەر بکەن، لای کەسی سیاسی هەندە جار ئیدەلۆژیا، فیکر یان فەلسەفە بونیادی ئەو بەرهەمهێنانەی چەمکی درێن، لای کارەکتەری بازرگانیش ، بە بازاڕکردن و کاڵاو و سەرمایە دەبن بە بنەمای بەرهەمهێنانی ئەو چەمکە، کەسی بازرگان ئامانجی پارەو دەسکەوتی زیاترە، کەسی سیاسیش دەستەبات و پارە، ئەو دوو کاراکتەرە هەمیشەو بە بردەوامی خەریکی درێن، چونکە بوونی ئەوان وابەستەیە بە دەرکەوتنی حەقیقەت، ئەگەر ئەوان ئاڕاستەی قسەیان لەسەر حەقیقەت کرد ، ئیتر مرۆڤ دەبێت بەوا بەوە بکات کە حەقیقەتیش درێیکی مەزنە.

چەمکی درێ ئەگەر وەک (فەرمانەکی خودی) زاتی ببیندرێت کەواتە ئەوکەسەی کە بەرهەمی دەنێت دەتوانێت وەکوو (حەقیقەتەکی بابەتی) مەوزوعی کە لە (لاشعوری) خەیدا بەوای پێیەتی پێچەوانەی بکاتەوە بە ناو زیهنیەت و تەوانینی کەمەگا، ئەو کاتیش کە ئەوە بوو بە ئەقلیەتەکی سەرتاپاگەر و کەمەگا کەوتە ژەر کاریگەریەکانی ئەو چەمکە، ئیتر ئومێدەک نامێنێتەوە بە دەرکەوتنی ئەو (حەقیقەت)ەاستیەی کە مرۆڤ تێیدا تاکە ئامانجە.

لە ناو دنیابینی ئەو دوو بونەوەرەدا (سیاسی و بازرگان) هیچ روئیایەکی تر ئامادەیی نییە، جگە لە گەمژاندنی ئەقلی و کاولسازی دەرونی کەمەگا، تە سێربکە کاتێک بازرگانێک بە مالی گشتی و بە هەخەتاندنی یاساو کەمەگاو هەموو پیاوماقوڵانی دەوڵەت، نانی خەڵک دەبات و دەشیوێت بەوامان پێ بهێنێت کە ئەو (موسا)یەو لە بەرامبەر دەستەاتدا دێت و بە عەسا سیحریەکەی دەریای سورمان بە

دکات بۆ وشکایی و خۆشکی لەدەست جینۆسایدی فیرعەون ڕزگار دکات!!، چ مەزەلەیەکە ئەو دنیای سیاسەتە بۆ دەست ئەم فیگورە سیرووسەمەرانەوە، ئاخر کەسێک بۆ درێ بوونەت بۆ بازرگان چۆن دەتوانێت لە ناو ئەو هەموو ناڕاستیە حەشاردراوەی سیاسەتدا بۆوای پێبکرێت؟!، (بەرنارد شۆ) پێیوایە بۆ کەسی سیاسی زۆر کارەکی سامناکە ڕاستی بڵێت، جونکە ترسی هەیە کە خەڵکی ڕەغبەتی ئەوەیان لا دروست ببێت بۆ گوێگرتن لەگەڵ حەقیقەتدا ڕابۆن، ڕەهەندو واتا قووڵکانی ئەو قسەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە چەندە کەمەڵگاش بەو بەدنگیەی لەبەرامبەر گەمژاندنن و ئەوکاولسازیە ئەقلی و دەرونیەی خەیدا تاوانبارە.

کە نوسەر و سیمینارستکی ئەمانیە لە یەکێک لە وتارەکانیدا باس لە گفتوگۆی نێوان Robert bertz

باوک و کوڕە بچوکەکەی دکات کە لە پرسیارێکەوە دەست پێدەکات, کە منداڵەکە ئاراستەی باوکی دکات(ئەڕۆ بڵێاست باوکە سیاسەت چییە؟) ئەویش بەو جۆرە بۆ کوڕە بچوکەکەی ڕوونداکاتەوە، کوڕی خۆم ئەم بابەتە زۆر ئاسانە، تەماشابکە من پارە ئەهێنمەوە بۆ ماڵەوە، کواتە من (سەرمایەداریم)، دایکت پارەکە بەکارئەبات، کواتە ئەو (دەوڵەتە)، باپیرت سەرقاڵی ئەویە کە هەموو شتێک لە جێگای خۆی بێت و ڕێکخراو بێت، کواتە ئەو (سندیکایە)، ئەو کارگوزارە کچۆی کە لەماڵەمان ئیش دکات (چینی کرێکارە)، ئەمە هەموومان یەک شت سەرقاڵی کردوین ئەویش خۆشگوزەرانی تێیە، کە واتە تە (کەمەڵگای)، بۆرا بچکۆلەکەت کە هەشتا لە ناو حەفازەدا دەخەوێت ئەو (ئایندەیە).. ئایا هیچ تێگەیشتیت کوڕم؟، کوڕەکە بە تەماشاکردنێکی قووڵەوە داوا لە باوکی دکات کەمێک کاتی پێدات و بیر بکاتەوە..کوڕەکە لە نیو شەودا لە گەرمەی خەودا بئاگادێت؛ چونکە برا بچوکەکەی پیسایی کردوە بەخەیداو حەفازەکەی پڕکردووە و یەک بە دەنگی دەگرێت و هاوار دکات.. لەبەر ئەوەی ئەو نازانێت چۆن لەگەڵ ئەو ڕەداوە بڕخورد بکات؛ ڕووداکاتە ژوری خەوی دایک و باوکی، بەڵام کاتێک دەبینێت بەتەنها دایکی لەسەر جێگاکە ڕاکشاوەو و هەستدکات کە لە خەوکی زۆر قووڵایە و هیوای بەخەبڕهاتنی نییە، ڕووداکاتە ژوری خزمەتگوزارە کچۆکەو دەبینێت کە باوکی لەگەڵ ئەودا خەریکی ڕابواردن و کاتبەسەربردنە، دەڵوات و ئەوانیش جددێت، دەچێت بۆ ژورەکەی باپیری ، تەماشا دکات باپیریشی زۆر بە تەمامانەوە دیقەت لە نەوانی پەنجەڕەی ژورەکەی دەدات و کپ و مات دانیشتوە.. کوڕەکەش بیردکاتەوە کە دەبینێت هەمویان ئاوا سەرگەرمن بە شتکەوە؛ دەگەڕێتەوە ژوری نوستنەکەی و خەی دەخاتەوە سەر جێگاکەی و بیار دەدات دووبارە بخەوێتەوە.. بە ڕەژی دوواتر

کە هەموویان لە خۆو هەساون، باوکەکە لە کۆکەی پرسیار دەکاتەوە کە ئایا دەتوانێت ئێستا بە چەند ووشەیەک پەم بەی سیاسەت چییە؟، کۆکەکەش دەڵێت بەڵێ باوکە زۆر ئاسانە،
(سەرمایەداری) بەدکرداری بەرامبەر (چینی کرێکار) دەکات ، (سەندیکاش) تەماشا دەکات لەو کاتەدا کە (دەوڵەت) خۆی لێکەوتووە، (کەمەڵگاش) پشتگوێخراوەو هەروەها (ئایندەش) لە ناو گودا کەوتووە.. ئا ئەوە سیاسەتە باوکە گیان.

جوتیار

مەرگی خاتوو(مهابـاد) و دوو قسەی تریش! … جوتیار

مەرگ لە وێنا و بیرکردنەوەی ئەمەی مرۆڤدا بەشکە لە نەهامەتی و خەمباری، مەرگ هەمیشە وەکوو ووداوێکی فیزیکی بەشکە لە بوون و دوا دەلالاتەکانی چەمکی ژیان، بەشکە لە دوا ئاکتیڤیتەتی جەستەیی و بزاوتە ئەرگانیەکانی مرۆڤ، مەرگ ووداوێکە کە هەمیشە مرۆڤ دەخاتە ناو ئامانێکی دیالێکتیکی و تاکوو ئێستاش هیچ شتێک ناتوانێت مادییانە ئەو ووداوە ببەستێتەوە بە مەژووی ململانێکانی نێوان سروشت و ئینسانەوە وەکوو شتێکی هەستپێکراو، کە دەڵێم مادییانە، بەو واتایەی کە تاکوو ئێستا هیچ زانست و تیۆرێک ناتوانێت پەمان بێت کە ئایا مەرگ واقیعەن کۆتایی بوونە، یاخود ئەوەش هەر بەشکە لە ووجوود و وەکوو دواهەمین تراژیدیا دەچێتە ناو پێناس و بوونی کەمەایەتی مرۆڤەوە.
(سیگمەند فرۆید) زانای دەروونناسی مەزن دەڵێت ، هیچ مرۆڤێک ناتوانێت وێنای مەرگی خۆی بکات ، چونکە ئەمە هەموومان لە ناووشیاری(لاوعی) خەماندا بروامان بە ژیانی ئەبەدی(خلود) هەیە.
مەرگ لە وانگەی زانستی فیسیولۆجی، کۆتاییهاتنی ئەو ئەنرژییە کە جەستەی مرۆڤ هەدەسوێنێت و لە دەرئەنجامدا دەبێتە هەکاری وەستان و لەکارکەوتنی هەموو ئەو داینامیکەی کە جوڵەی بایۆلۆژی مرۆڤی لەسەر بونیاد دەندرێت.
هەر یەکێک لە ئەمە ئاگەر مەرگ ئازیزەکمان لەبسەنێت، دەکرێت ببێتە

هەکار بە خەمەکیەکی درێژخایەن، جا ئەگەر ئەو کەسە تەنها گیانلەبەرێک بێت و مرۆڤیش نەبێت، دەکرێت باندەیەک بێت، گوددرێژێک یان پشیلەیەک، یان سەگێک، چونکە دڕبینی هەست و خۆشویستی لە ناو پەیوەندیەکانماندا بە تەنها پەویستی بە زمانێکی بوێژ (ناطق) نییە، بەڵکو پەویستی بەو هەستە هەیە کە لە ڕگایەوە هایەڵی ئەو ئاوەزانبوونە ئینسانیەی لە بەرهەم دێت.
لە وتارەکەی پێشوترمدا باسم لە گەمەکردنی حیزبی کوردی کردبوو لە پەیوەند بە دروستکردنی جۆرێک لە ئۆقڕگرایی لە ناو زیهنی تاکی کوردیدا کە بۆتە هەکاری دژکۆتنی (بەدبینی کولتوری) و ڕاحی شەڵانگەزی و نابووتکردنی کەمەگا لە ڕگای ڕوئیاو ئیدەلۆژیە سیاسیە ناباوەکانیانەوە، بەڵام مەرگی خاتوو (مهاباد قەراداغی) بە داخێکی زەڕەوەکە زەر ناوادبوو، ڕکاوەێک جەختکردنەوە بوو لەو بەچونەی من لە پەیوەست بە چاندن و ڕگداکوتانی ئەو کولتورە دزەوە لە هەناوی داقرچاوی کەمەگای کوردیدا، لە بیرکردنەوەو تەوانینیاندا، لە هەسوکەوتوو نمایشە کەمەایەتیەکانیاندا، لە ناو کارو چالاکیەکانی ڕۆژانەیاندا، لە ماڵەکانیاندا ، لە جەنان و سەشیالمیدیایاندا، ئەو کولتوری تەکشکاندنەی مرۆڤ و شکاندنی ماهیەت و بەهاکانی، کە بەشێکە لە ستراتیژیەتی حیزبی سیاسی کوردی بە هەموو گرروپ و تایفەکانیەوە، بەڵاستی دیاردەیەکی ترسناک و ناسیقیل و دژکۆتنی تراژیدیایەکی تڕە کە دەمانخاتە بەردەم بیرکردنەوەو گومانێکی قوڵی ئینسانی.
مرۆڤی پگەیشتوو و وشیار ناتوانێت بە هیچ مەرگێک خۆشحاڵ بێت تا ئەو ئاستەی کە پەیوەستە بە مەرگی خۆشیەوە، مرۆڤی کارلێکراو بە تەوانینە ئینسانیەکان ناتوانێت بە مەرگی کەسەکیتر وەنای بەختەوەریەکانی خۆی دروستبکات، ناتوانێت هەستەکانی تەسلیم بە دوا ساتەکانی هیچ گیانسپاردنێک بکات، من هەشتاش بیرمە ئەو ساتانەی کە (سەدام) لە سەدارە درا، نەمتوانی بەسەر هەستەکانمدا زاڵبم لە بەرامبەر گیانسپاردنی ئەودا، دڵم پڕ بوو لە بەرامبەر ئەو بەدەستەاتیەدا کە مەرگ بەسەریدا سەپاندبوو لەو جرکەیدا ، خۆ هەموومان دەزانین کە ئەو وەنەی نەبوو لە دڵندەیی، ئەو هیچ کاتێک مەرگی مرۆڤی وەکوو تراژیدیا نەدەبینی، بەڵکوو لای ئەو مەرگی ملیۆنان مرۆڤ لە ڕۆژکدا تەنها بەشێک بوو لە (Statistik)سەرژمێری *.
ئەوەی کە من ناتوانم تەی بگەم لە پەیوەست بە مەرگی خاتوو (مهاباد) ئەو هەموو باهۆزە شەڵانگەزە میدیایەیە کە پەیەتی لە ناشیرینکردنی وەنەی کەسەتی ئەو خاتوونە، جا هەریەکە و بە جۆرێک، خاتوو (مهاباد) چ قسەیەک یاخود چ تاوانێکی کردووە تا ڕوداوی

مارگی ئاو خاتوونە بەو جۆرە لە لایەن کۆمەڵک مشک پووتی خوراگرەاوە و هەندێک لە نوسەری بوکرێت بە مانەڵجی ناو سۆشیالمیدیاو میدیای ئاستنزمی حیزبی کوردی، خاتوو (مهاباد) وەکوو زۆربەی نوسەرو رۆشنبیرە بوورو ئازادیخوازەکانی ئاو کۆمەڵگایە پراوپڕ بوو لە ئیرادەی ژنێتی و تا دوا هەناسەشی لە جەنگاندابوو بە هاوتاکردنی مافی ژنان وەکوو فیمینستێکی چالاک لە ناو کۆمەڵگادا لە بەرامبەر کەنەبەرستی و خورافاتدا.
مژووی ئاو بەرخوردکردنە بە ئانقەستەی بەشێک لە نوسەران و میدیای کوردی لە بەرامبەر ئاو جۆرە مرۆڤانەدا تازە نییە و بەشێکە لاو ململانێیە پێ بگەناوەی کە حیزبی سیاسی کوردی لە ناو کۆمەڵگادا خوەقاندویەتی و خەریکە دەبێتە کولتورێکی میراتیی و درژماوە، ئاوەی کە ئێستا بەسەر خاتوو (مهاباد) دا دێت ، بەشێکە لە درژکردنەوەی ئاو مژووی کەنوسەرو رۆشنبیرانی وەکوو (عبدلخالق معروف) و (هەژار موکریانی) و (فەلەکەدین کاکەیی) و(شەرکە بکەس) تیایدا بوونە قوربانی بە ئاوەی خیان هەستی پێبکەن.
ئاو کولتورە کە هەگری بونیادێکە پاو پڕ لە حیقدی سیاسی و ئیدەلۆژی، خەریکە بە شێوەیکی گشتگیر باڵدەکێشێت بە سەر دنیابینی تاک و خەزان و کۆمەڵگادا، مرۆڤ وایلێهاتوە بە هەی ئاو فەزایەوە کە ئاو کولتورەی بەرهەمهێناوە گومان بکات سبەی کە دەمرێت، دایک وباوک و براو خوشکەکانی ، هاورێ و دەست و خزمانی نێک لە پرسەکێدا بەشدار نەبن ، بەکوو بە مسجەکیش خەمباری خیان نیشان نەدەن.

لە وتێکی (ستالین) وەرگیراوە*

جوتیار

دەستەوەات و بنیادی بەدبینی کولتوری … جوتیار

تاوانکاری وەک چەمکەکی سایکۆ-سۆسیەلۆژی کاتێک دەگاتە چەپڕپە لە کۆمەڵگادا، ئاوکاتەی (Legitimation) مشروعیەتی دەستەوەات و حیزبی

سیاسی دەچێتە ناو بیرکردنەوەی تاک و لە ناو هەموو وەتەرەکانی ووشیاری و هەڵچونە فیکری و هەستیارکانماندا جێگیر دەبێت، ئەوکاتەی حیزب و دەستەڵات دەبێت بە بەشێک لە بەهاو تەکنیک بە ڕێتوانێ کۆمەڵایەتیەکانمان دەکرێت.
ژن سوتاندن، پیاوکوشتن ، تەقاندن، دەستدرێژی ، ڕفاندن و سەربڕین، تازەترینیشیان جنەودان و سوکایەتیکردن، کەوتنە سەرئەژنۆ و گریان و پاڕانەوەو خۆ بچووککردنەوە و دەرچون لە جوغزی ڕاستەقینەی مرۆڤبوون، خەریکە ببێتە خەسڵەت و دیاردەیەکی گشتگیر لە کۆمەڵگای کوردستانداا، کە دەکرێت وەک دیاردەیەکی زۆر نا کولتوری پێناسە بکرێت، ئەو شرایتە کۆمەڵایەتیە کاتێک دێتە ئارا کە دەستەڵات و هێزەکەی وە هەروەها ئەپەزیسیۆن و میدیاکەی بە ئاگایەوە سیستەمێک بە بە سێنتەالیزەکردنی دنیابینی خۆیان بنیاد دەنێن و لە ڕێگایەوە خەڵکێ تەکنە بە ئاریشەیەکی هەرزانی دیدگا سیاسی و ئیدەلۆژیکیەکانیان دەکەن و وپەکیان دەخەن لە هەر جووڵەو گۆشەیەکی سروشتی و کۆمەڵایەتی خۆیان.
فاکتەر بونیادەکانی تاکەکی ئیرادەگەرو ئینسانی ؛ پەویستە بەر لە هەر شتێک کولتورەکی ئیرادەئامێزو جیهانبینیەکی ئینسانی بە دەستەبەربکرێت، پەویستە دەوڵەت ئەگەر هەبێت، ڕایەڵەکانی (کولتوری سێنتەال) وەکوو چەمکەکی پەروەردەو بونیادی بە کۆمەڵگاو تاکەکانی بەرهەمبێنێت، (کولتوری سێنتراڵ) وەکوو جێگرەوەی ڕەوایەتی قودرەت و دەستەڵات، دەتوانێت ڕێبگەڕێت لە پێگەیاندن و سەرپەخستنی نەوەیەکی کاراو کۆمەڵگایەکی کراوەو بە توندوتیژی و دنیابین.
با ئەمە باسی کولتور لە ڕوانگە تەقلیدی و شاراوەکیەوە نەکەین ، با ئەو پرسانە ئاراستە بکەین کە کولتور وەکوو چەمکەکی زیندوو و ئامادە دەتوانێت چ ڕێگەک دروستبکات لە بونیادی مرۆڤکی هەشیار؛ ئیرادەگەر و وابەستە بە بونیادیەتی خۆی و کۆمەڵگاکیەوە.
پرسیارکردن لەسەر جۆهەری کولتور هەمیشە وایە کە ئەوەی پێوەندی بە کولتورەوە هەیە مرۆڤ ناتوانێت وەکوو خۆی نیشانی بدات، چونکە کۆمەڵگا خۆی کولتور بەرهەم دێنێت و وەکوو دیاردەیەک دەیخاتە دەرەوەی خۆی و نمایشی دەکات، ئەوەی کە ئێستا لە کوردوستان ڕوودەدات ئەوەمان بە دەستەمێنێت ئەوەی دەگوزەرێت لە پێویست بە ژیانی خەڵکەوە بریتیە لە نمایشی ڕاستەقینەی خراپترین جۆری بەها کولتوریەکان.
کولتور وەکوو میکانیزمێکی کاراو بەرجەستە، وەکوو بەشێک لە مێژوو و سەیەڵەژیای مرۆڤ لە جووڵەو گۆشەکردنداید، ئەوەش لەژێر هەژموونی بەرخوردو جووڵە ئەقلیەکانی مرۆڤ وەکوو هەر چەمکەکی تری کۆمەڵایەتی .

کولتور تەنها باسی مرۆڤ و هەڵسوکەوتکانی نییە، بەڵکوو دەرئەنجامکی نەبڕاوەی بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانی ئینسان و سروشتە بە بونیادو دروستکردنی ئیرادەی کۆمەڵگا، دکرێت ئەوانەی دەوڵەت و دەزگاکانی بنیاد دەنێن، ئەوانەی ئایدیای یاساو دەسەاکان دیکدەخێن؛ کولتورێکی هیومانیستی سەرتاپاگیر بە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پێ ئیرادەو ناتوندوتیژو ئارام فەراهەم بکەن.
بیرکردنەوە .. ئەقڵ و مەعریفە.. دین و ئیلاهیەت،.. هزرگەرایی و فەلسەفە،.. ئەوانە هەموویان بەرهەمی تێکۆشانی ئاوزگەرایی مرۆڤن، بەڵێ ناکرێت مرۆڤ وەکوو دەرهاوێشتەی کولتور سەیر بکرێت، بەڵکو تەواو پێچەوانەکەی دروستە کە کولتور بە هەموو دیاردەکانیەوە مرۆڤ بەرهەمی دەنێت و ئاوێتەی دیدگا فیکری و ئیدئۆلۆژیکیەکانی خەڵکە.
ئەو پرسیارە هەندێکجار ڕوبەڕوی خەڵکانی پەنابەرو کۆچەری دەکرێتەوە لەو کۆمەڵگایانەی کە دەبێت بە ووڵاتی دووەمیان و تێیدا نیشتەجێدەبن، نمونەی ووڵاتانی ئەروپای ڕۆژئاوا ، کاتێک لێت دەپرسن (تۆ سەر بە کام کولتوریت)!؟، بونیادی هەز و ڕەهەندی پرسیارەکە ئەوە نییە، بەڵکو ئەوان مەبەستیانە بزانن (تۆ چی کولتورێک پێشکەش دەکەی یاخود چی مەعریفێک دەبەخشیت)!!
Oliver Scott کە زانایەکی ئینسرپلۆژی بەریتانییە دەڵێت، لە سەرتاسەری جیهاندا خەڵکی بەشدارن لە بونیادی سیمبوڵێکی مەعریفی هاوبەش، کەواتە گەیشتن بە کولتورو ئیرادەیەکی دادگەرا بەچی دەبێت قوربس بێت و کەی دروست دەبێت)، تێکەڵکردنی مەعریف بە بەها کولتوریەکان، دەمانگەیەنێت بە فەهمکی باڵای مرۆیی و لەڕگایەوە دەتواندرێت ستراکچەری بوونکی مرۆیانە بە کۆمەڵگا دەستبەربکات، هەروەکوو ئەوەی کە لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو و لیبڕاڵکاندا بەدیدکرێت و بەردەوامیش هەوڵ دەدرێت لە ڕێگای دەزگا مرۆیی و مەدەنیەکانەوە ئەو چەمکە بکرێت بە بەهایەکی جیهانی و سەرتاپاگیر.
کولتوری ئیرادەو مرۆیی کە دەتوانێت هاوسەنگی لە ناو هەموو چینە جیاوازەکاندا بخوڵقێنێت، لە فەلسەفەی دووانەی (دەوڵەت و سیاسەتدا) لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە سایەی دەستەڵاتە تۆتالیتاریستەکانیدا تەنها بەشکە لە جوانکاری هەیکەلی حیزب و موقەدەساتەکانی ، کە ناتوانێت لە کولتوری تاوانکاری و ڕوخان و بە ئیرادەکردنی مرۆڤ زیاتر شتێکیتر پێشکەش و نمایش بکات کە کۆمەڵگا بە دەستیەوە کەوتۆتە قەیرانکی قوڵی کولتوری-مرۆیی گەورەوە، دەرئەنجامی ئەوەش خرێکە تاوانکاری و توندوتیژی لە ناو هەموو یەکەکانی کۆمەڵگاو پێیوندی و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەمڕدا ڕەنگدەداتەوە، پێیوندیەکانمان نەک بە جەستەو فیزیک و هەست و

تەوانین ، بەکو تانانت لە ناو سەشیال میدیاشدا هەگری شوناسکی تاوانکارانەن، لە تکشاندنی یەکتر و بەقیمەتکردنی بەهاو دیاردە کولتوری و ئینسانیەکان، من پەموایە ئەو (بەدبینی کولتوری) و دیپرەسیەن و تکشکانکی سەرتاپاگیری کەمایەتی و سیاسیە کە ئەو کەمگایە بە گورەو بچوکەوە بە هەی کولتوری دستات و حیزبگرایەوە ووبەوی بتەوە.

قوربانیەك لە ناو چژی بە کەمەدا .!! … جوتیار

ماوەیەکە لە ناو تەە کەمایەتیەکان ، بەکوو بە شەوەیەکی گشتیش لە ناو خەکی کوردستاندا دیاردەیەکی ناوازە بتە جگەی سەرنج بە کات بەسەربردن و بەشکی زری لە خەکی سەرقاە و توشی ئەنگیزە کردووە بە خەیەوە، تا ئاستك کە مرق ناتوانت لە نوان حەقیقەت و گاتەجایدا لکی جیا بکاتەوە، دیاردەیەك کە بە بەشکمان پاوپەە لە پرسیاری مالی و تا ئاستك لە حەژمەتی نا دنیابینیەکی ەش و نا ئینسانی لە بەرامبەر هەموو ئەو چەمکە خودنەفرەتیانەی کە ماهیەتی کەمگا دەخەنە ژر پرسیارەوە ، ئەویش دەرکەوتنی گەنجکی نادیدە لە ژیان و تکشکاو لە ووی دەروونی و نا تەندروست لە ووی بایلجیشەوە، چیرکی ئەو گەنجە بەندبژەی کە بە ناوی (خدر بگەاسی) ناسراوە، تا ئەو ئاستە کاریگەرە کە من ناتوانم تەنها جارك بە دیار قسەکانیشی دابنیشم و گوی لە ابگرم، چونکە مرقی تەندروست بە جارك هەست بەوە دەکات کە ئەو مرقە چەندە بتاوان لە ژر چەقی دەستی کەمگایەکی دەەقی ناتەندروستدا بتە قوربانیەکی گەورەی دەستی نا ووشیاری و بویژدانی مرقە نەخش و سەرگەردانەکانی ئەو کەمگایە.

من زر جار لە بچونەکانمدا ئەوەم باس کردووە کە کەمگای کوردی چەندە کەمگایەکی بە بونیادو کەمهنە لە ئاستی چەمکە گشتگیرە کەمایەتیەکان و فەلسەفەی مالی مرۆیی، لای ئەمە (مال) ەوشت تەنها لە جوغزە ئیرتیکیەکەیدا قەتیسکراوەو زربەی زری خەك تەنها ئەو بچونە باوە یتوایە بە بنەما وەردەگرن بە قسەکردن و

هەسەنگاندن لەسەر چەمکی مللا.

ئەمە ناتوانین دیاردەیەکی مللای بخوڕقێنین لە ناو کۆمەڵگادا و وەك نمونەیەکی بەرجەستە بیخەینە ڕوو وەك فاکت و بونیاد؛ ناتوانین تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی مرۆیشمان بۆ دیاردە مللاییەکان هەبێت، کۆمەڵگای ئەمە پێیەتی لە دیاردە و شتە ناکۆکەکان بەیەکتری، پێیەتی لە فیگور و کاراکتەری سەیرو سەرنج ڕاکێش کە تەنها لە ڕووی شێوەوە جیاوزن، بەڵام هەموو شتێکیان وەك یەکەو لەیەك دەچێت، لە سروشت و بیرکردنەوە و سەلیقەو تێڕوانیندا، لە هەسوکەوتی ڕۆژانەیاندا و لە گریان و پێکەنیندا، من بەلامەوە زۆر سەیرە کۆمەڵگایەك بتوانێت لەسەر قوربانیدان بە تاکەکانی خۆی کۆمەدیا بخوڕقێنێت و چێژو ئاسودەیی لێ وەربگرێت، بەلامەوە زۆر سەیرە لەزەت لەسەر بنەمای تێکشکان و وێرانبوونی باری دەروونی مرۆڤێکی نەخۆش و خاوەن پێداویستی تایبەت بەرهەمبێنێت و ئاسودەیی لەسەر دەستەبەر بکات، کۆمەڵگایەك بتوانێت تەنها لە پێناو پێکەنینێکدا قوربانی بە تاکەکانی خۆی بدات ، دەبێت بەڕاستی بمانخاتە بەردەم تێڕامان و هەڵوەستێکی قوڵی مرۆیانەوە.
منیش بروای زۆرم بە بەسەربردنی کات و ساتی چێژبەخش هەیە بۆ ژیانی هەرکەسێك، چونکە چێژوەرگرتن دەتوانێت بەشێك لە خۆشبەختی لە ناو کۆمەڵگادا بەرهەمبێنێت و بەشێکە لە بنما سەرەکیەکانی ئیرۆسیەت و بوونێکی بەختەوەر و تەندروست بۆ تاکەکان.

موسیك وەك هەر هونەرزێکی تری ستاتیك لە ناو کۆمەڵگادا پێویستیەکی سەرەکیە بۆ بوژاندنەوەی لایەنی ڕۆحیمان و هەندێك جاریش لە جیاتی هەموو ژەمە ناتەندروستەکانمان پێویستە لەسەر مێزەکانمان گوێچکەکانمان تێربکات و و ساڕێژی هەموو ئەو برینانەمان بکات کە دەروون و زیهنمان بەدەستیەوە دەناڵێنێت ، موسیك پێویستە لە هەموو شوێنکدا وەك بەشێك لە هۆشیاری مرۆڤەکان ببیندرێت و ببێت بە بەشێك لە بەرخوردو هەڵسوکەوت بە مەرجێك مرۆڤ بتوانێت وەك کولتورێکی ئینسانی پێشکەش بە بەرامبەرەکەی بکات،
ئەمە خەڵکی کۆمەڵگاکەی (ئیبن ڕوژد) یەن وەك کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتی، کە ئەو بەشکی زۆری ژیانی لەگەڵ میواندایکردن بە قەرجە میوسیکژەنەکانی ئەندەلوس بەسەر برد، ئەو هەردەم پێی وابوو کە میوسیك شتێکی جیاکراوە نییە لە فیکرو فەلسەفە و پێی وابوو دوو چەمکن کە بە بێ یەکتری هیچ مانایەکیان نییە.

ئەوەی کە ئەمە ناتوانینن فۆری ببین تەنها نەبینینی مرۆڤە وەك خۆی، وەك ئەوەی کە هەیە ، وەك ئەوەی کە پێویستە ڕۆژو کەرامەتی

مرۆیی پێ ببەخشرێت لە ئاستی وجودە سروشتیەکەی خۆیدا ، مرۆڤێکی ناکامێ و نا تەندروست کە پێویستە لە لایەن دام و دەزگا پەیوەندارەکان و کۆمەڵگاوە چاودێری و سەرپەرشتی بکرێت ئەمە بەین و بێ ساتە بێکەکەکانی خۆمان کۆمەڵیای لێ بەرهەم بێنین و بیکەین بە مەهزەلەی سۆشیال میدیاو واش نیشانی بدەین و بڕوا بەویش بهێنین کە ئەو نمونەی باڵای میوسیکی کوردیە، بەڕاستی من پێم وایە ئەوە جۆرێکە لەو (depression) گۆشەگیریەی کە خەڵکی بە شێوەیەکی کۆمەڵ لە ئەنجامی بێ بەرهەمی کۆمەڵگادا و نەبوونی پەروەردەیەکی سیستماتیك توشی دەبێت.

تیرۆر... مرۆڤ و کاڵا !! ... جوتیار

یەکێك پێ لە ئەنگیزەترین بابەتەکانی ئێستاو لە پانتایی میدیا و دیبلۆماسیەتی جیهانیدا بابەتی تیرۆری (جمال خاشقچی) یە، ئەو کەیسە پێویستی بە ئیستێکی ئامانگیر هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت لە شێوەی کەتواریەکەی خۆیدا خوێندنەوەیەکی دروست و فرەڕەهەندی بۆی هەبێت.!!
خاشقچی ئەگەرچی لە ئامان و تەواینیدا خۆی پەروەردەی خوێندنگەیەکی هزریی کۆنەپارێز و پانئیسلامییە کە بەشێکە لە پشتیوانی تیرۆرو پاکتاوی سیاسی، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لەبەردەم ئازادیخواز و ڕۆشنبیران کە هەوڵستە لەسەر جۆری تیرۆر و پاکتاوی جەستەدی ئەو ژۆرنامەنوسە بکەن، چونکە ئەو وەك ژۆرنامەنوسێکی ڕەخنەگر بە دەستەڵات، بوو بە قوربانی و ناچار بە ئاکردنکرا لە عەرەبستانی سعودیەوە بۆ ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکاو لە دوایشدا لە کونسوڵخانەی سعودیە لە ئیستانبوڵ پارچەپارچە کرا و بە هەمەجیترین شیوازی پاکتاوکردن تیرۆرکرا، ئەو شێوازە لە تیرۆر کە خاشقچی وەك دژبەرو ژۆرنامەنوسێك ڕووبەڕوی بویەوەو ژیانی لەسەر دانا ، دەچێتە سەر پەڕەگرافی مژووی (تیرۆری سیاسی دەوڵەتیی) بە جۆرێکی نامرۆڤانەو نا هاوتا لە دێندەیی دەستەڵات و بە پلان و بەرنامەیەکی ئامادەبۆکراو بە ئاگاداری دادپەروەرانی دیموکراسیەتی ژئاواو سیستەمی ئابوری چاوچنۆکانەی نیولیبڕالیزمی سەرمایەداری

بە ئابەرایەتی (ترامپ) و هاوشێوەکانی.
من خۆم لەو باسە نادەم کە بۆچی خاشقچی بەو شێوەیە تیرۆرکرا، چونکە خەڵکانی شارەزاتر هەن کە دەتوانن ئەم باسە بکەن بە بابەتی ئاژۆ ووتوێژو
بەدواداچوونی میدیایی.

ئەوەی کە من مەبەستمە لەو چەند کۆپلە نوسینەدا بیڵێم، گەرمبوونی ئەو هەموو ژمارەی ملیاردانەیە کە لە نێوان زلهێزەکاندا لە پەیوەست بەو کەیسەوە قسەی لێدەکرێت، بەشێکی زۆری سەرچاوە مێدیایەکان ئەوە پشتراست دەکەنەوە کە دەستەڵاتدارانی ئەرەبستانی سعودیە بەخشێکی هێجگار مەزن و قەبەی خستوەتە بەردەم (ترامپ و ئێردوگان) بۆ داپۆشین و بە لاڕێدابردنی کەیسی (خاشقچی) و هێواندنەوەی ئەو گومان و فێکەسانەی لەسەر شازادە موحەمەدە لە بابەتی ئەو تیرۆرەدا!، چونکە بۆ دەستەڵاتدارانی سعودیەش ئەوە ووناببێتەوە کە ئیتر شازادە موحەمەد ناتواندرێت لەوە پتر پەنابدرێت لە بەرامبەر ئەو دەستێوەردانە خەجاڵەتئامێزەی کۆمەڵی نێودەوڵەتیی لە پەیوەست بە کەیسی (خاشقچی)دا، ئەوەی کە زۆر جێگای سەرنجە هەریەکە لە وڵاتە لیبراڵ\دیموکراتەکانی ڕۆژئاوا بایی خۆی کێشش دەکات پشکێکی ئەگەر بچوکیش بێت لەو کێکە چەورو شیرنەی کە لە بازاری تیرۆری (خاشقچی)دا لە لایەن دەستەڵاتدارانی سعودیەوە خراوەتە سەر مێز بۆ خۆی ببات، وەك لەسەر زاری سیاسەتمەدارە ئامانیەکان ووون دەردەکەوێ و دەیانەوێ لە دوو وڵستگەی جیاوازدا لە بە بازاربوونی ئەو مژارەدا سودێکی ئابووریان پێبگا.

دەوڵەتی ئەمان، یەکێك لەو بازارە گەرمو گوڕانەیە کە هەمیشە چاوچنۆکی خۆی بە ناوی ئەفسونی دیموکراسی لە بەرامبەر وڵاتانی هەژار و جیهانی سێیەمدا لەگەڵ دەستەڵاتدارانیان فراوان کردۆتەوەو هەردەم پەیرەوی سیاسەتێکی کۆنەپارێزی و ناکۆکیان لە هەڵسوکەوتیاندا پەیڕەوکردووە ، ئەوان بۆنی چەوری و قەڵەوی ئەو کێکەی کە سعودیەکان بۆ بەدەنگکردنی کۆمەگای نێودەوڵەتی لەبەرامبەر کەیسی (خاشقچی)دا لەسەر مێزی دیموکراسیەت دایان ناوە بە باشی کردوە، وە دەزانن هەوڵستەکانیان دەتوانێت شتکیان بۆ بەدەست بخات ئەگەر فشارە سیناریۆئامێزەکانیان لە ڕوی سیاسیەوە کەمێك گەرمتر بکەن لە بەرامبەر سعودیەدا، کاتێك لە ڕاگەیاندنە فەرمیەکانیاندا داوای ڕوونکردنەوەی بڕواپێکراوی پتر و هێکاری لۆژیکیانەتر دەکەن بۆ ئەو جۆری کوشتارە کە لە دەزگەیەکی فەرمی دیبلۆماسیی دەوڵەتدا پەرپاکراوە بە جۆرێکیش کە لە دەرەوەی

دەستەڵاتی پاوانخوازی دەوڵەتە تیرۆریستەکەیە.

هەوڵستی ئەمانیەکان لە بابەتی جۆراوجۆردا جێگای سەرنجە، هەروەکو چۆن لە کەیسی ڕۆژنامەنوس(عادل یگیت) لە بەرامبەر تورکیاو ئۆردوگاندا نیشانیاندا، ئەو بەرخوردە بۆ دەوڵەتکی وەك و ئەمانیا کەڵ لە دوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بانگەشەی سەرتاپی بۆ دیموکراسیەت و ئازادی مافەکانی مرۆڤ دەکات، جێگای پرسیار و تەماناکی وردە.

ئەوەی کە جێگای سەرنجکی قوڵە لە بابەتی ئەو کەیسەی (خاشقچی) دا تاکە فشار لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە بەرامبەر بە سعودیە کە ووە بە مێدیا دەردەکەوێت تەنها گوێبیستی ئەوە دەبین کە ئیتر چەك بە سعودیە نافرۆشن، وەك ئەوەی (خاشقچی) پەاوی ئەو بەندەرییە بێت کە بۆ فرۆشتنی چەك لە نێوان وڵاتانی ڕۆژئاواو سعودیەدا واژوو کرابێت و ئێستاش دەندرابێت!!، ئەڕ بەاست هەموو هەوستە بەهۆزەکەی وڵاتانی ڕۆئاوا ئەوەیە کە هەەشە لە دەوڵەتی شازادەکان بکەن بە نەفرۆشتنی چەك؟!

چ بۆ ەوشتیەکە ئەوەی کە لەو ڕۆژگارەدا ووبەوی مرۆڤ دەبێتەوە، بەاست پێویستە چەند ڕۆژنامەنوس و نوسەر و چالاکوانی تر کەلەپاجە بکرێن بۆ ئەوەی ڕۆژئاوای باوکی دیموکراسیەت و دایکی مافەکانی مرۆڤ هەنارەکردنی ماست و پەنیر بۆ وڵاتانی دیکتاتۆر و سەرکوتگەر ابگرێ؟! ، چ گەەلاوژەیەکی بۆزەوەرە سیاسەتکردن لەو جیهانەی سەرمایەداریدا !!، لێرەوەێ درك بەوە دەکەین کە چەندە کێمەی مرۆقایەتی پێویستی بە مارکس و تەواینەکانیەتی تا چیتر ئینسان لەبەرامبەر(کاەاو شومەك)دا مامەەی پێوەنەکرێ و بێنرختر نەکرێ.

جادوگەری سیاسی … جوتیار

سیاسەتکردن ئەو جیهانە ئاەزوو بۆ مەودایەیە کە مرۆڤ هەندکجار دەخاتە ناو تەامان و ەهەندی ئاەزەوە، هەندکجار وات لێدەکات بیرکردنەوەت، تەواین و گومانەکانت، نایەکانگیربن لەگەێ پێشهات و خوێندنەوەو هەسەنگاندنەکانت، سیاسەت وەك چەمککی سیحری دەکرێت خەی بخزێنێتە ناو هەموو درزو قۆشەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤ و تا

ئەبەد بتوانێت لە ژێر کاریگەری ئێژی و ئاکتیڤیتێتی بەهاوتای خێدا یاری بە چارەنوسی مرۆڤ بکات لە نێوان دوو ئێپشنی دژان و سەرکەوتندا!!
لە کۆمەڵگای ژیاڕهەتیدا مرۆڤ لە ژێر کاریگەری تەوژمە مەعنەویەکاندا دەردەکەوێت و خێی دەنوێنێت، بێیە ناتوانێت وەك تاکێکی ئامادە و دروستکراو خێی نیشان بدات، بە پێچەوانەی کۆمەڵگە ئیندوستریاڵ و پێگەیشتوەکان کە هەمیشە مرۆڤ تێیدا بوونەورەکی ماتریالی و لە ژێر کاریگەری چەمك و توانا هزریە فەرزکراوەکاندا نیشان دەدرێت.

کۆمەڵگە کاتێك بێ بزاوت و هەنگاو دەبێت کە تاکەکانی بە خولیا مەعنەویەکان ئادەهێندرێن، کاتێك خامۆش و دەستەمۆدە بێت کە بیرکردنەوە تەنها تا سنوری نان و برسیەتی بێبکات نەك تا سنوری ئیرادەو قوربانیدان، هەر کۆمەڵگایەك کە لەسەر بنەمای پێەنسیب و مۆاڵکی تێکمەی مرۆیی بنیاد نەندرێت ئەوە ناتواندرێت پشتی پێببەسترێت و ناوبندرێت کۆمەڵگای تەندروست. کە کۆمەڵگاش تەندروست نەبێت بیرکردنەوەیەکی تەندروستیش بوونی نابێت. کە بیرکردنەوەیەکی تەندروستیش لە ناو کۆمەڵگادا نەهاتە ئارا ئیتر ناتواندرێت تاکێکی ئیرادەئامێز و ووشیار بەرهەم بێت.
ئەو باسە قسەیەکم بیر دەخاتەوە کە دەڵێت (هەر کۆمەڵگایەك بە فیکرو فەلسەفەیەکی ئینسانی ئونائك نەبوبێتەوە ئەوە بە دنیایەوە لە ژێر تاریکی جادوگەرەکاندا دادەپشرێت) نازانم ئەم قسەیە کێ کردویەتی، بەڵام لە ئێستادا پێاوپێ بە باڵای کۆمەڵگەیەکی کەنارکەوتوو و دابڕاوی وەك کۆمەڵگەی ئێمەیە، هەر حیزب و سیاسەتبازێك کە بیەوێت توانای تەلیسمەکانی خێی ببینێت، دێت لە ناو ئەو کۆمەڵگایەی ئێمە ئەزموونیدەکات، هیچ شتێك بارتەقای دەسخەڕکردنی کۆمەڵگای کوردی ئاسان نیە لە دیدی حیزب و سیاسەتبازەکانەوە، خاڵی لاوازی هەڵخەڵەتاندنی کۆمەڵگای ئێمە بریتییە لە نەبوونی پێەنسیپێکی مرۆیی و نەبوونی ڕۆحی قوربانیدان.

سیاسەت لە لای ئێمە وەك بەشێك لە مۆژووی ژیاڕهەتات هەمیشە لە دەستی جادووگەرانی سیاسیدا وەك تەلیسم بەرخوردی لەگەڵکراوە ئوو بە خەڵك تا ئەوەی وەك چەمکێکی ئەقلی پەیوەست بە کۆمەڵگا مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت. کۆمەڵگا ژیاڕهەتیەکان بە درێژایی مۆژووی خێیان گیرێدە و قوربانی دەستی کارەکتەرە سیاسیەکانیانن، ئەو سیاسیانەی کە لە جادوگەرەکانی سەردەمی سەرەتای لاهوتیەت دەچن تا ئەوەی لە پیاوی سیاسەت و دەوڵەت، من پێم وایە سیاسیەکانی سەردەمی دەوڵەتی سۆمەر

و بابل زۆر کارامەو توانادارتر بووبن لە ئەرکی سیاسەت و دەوڵەتدا بە بەراورد لەگەڵ هی ئەو سەردەمەی خۆمان. کاری سەرەکی حیزب و سیاسەتوان بە درێژایی سەد ساڵ لەو جیوگرافیایەدا تەنها برتیبووە لە وڕانکردنی زیهنیەتی تاك و داروخاندن و هەڵخەڵەتاندن و بە شێوە زاریەکەی گەمژاندنی.

زوو زوو هەر جارەو بە هۆکارێك ئەو سیاسییە دەموچاوو سواوانەی کۆمەڵگاکەی ئێمە دەبنەوە (Face)ی ئاکتوێلی بێ (book)و کۆمەڵگاش بە هەر شێوەیەك بێت ناچار دەکرێت نیگایان بکات و هەزایان بە ناچاری قبوڵبکات، هەندێك جار قورسترین بیار بێ مرۆڤ ئەوەیە بە ناچاری گوێ لە مرۆڤگەلێك بگریت کە سور بزانیت درێت بێ دەکەن و هەڵتدەخەڵەتێنن، قورستەرین کات ئەو کاتانەیە کە بە ناچاری پێبکەنیت و بە ناچاریش (بەڵێ)یەکت پێ بدرکێنن هاوشێوەی ئەو شادوومانەی کە جەلادەکانی ئیسلام بە کەسێك دەیدەن لە پێناو مەرگ و قوربانی خۆیدا.

لە ناو کۆمەڵدیای سیاسەتدا ڕ!! جوتیار …

بە درێژایی سەدان ساڵ یاری بە چارەنوسمان دەکرێت و دەکەین؛ وەك ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە مژوو ناوی لێناوین کورد، سەدان ساڵ لە ژیانی سیاسیمان تێدەپەڕێت و کەچی ئێمە نەمانتوانی شوێنێك بۆ جێپێیەکانی خۆمان وەك مرۆڤ بدۆزینەوە، سەدان ساڵ شارەکانمان داگیر دەکرێن و دەسوتێندرێن، ماڵەکانمان دەوخێندرێن، شوێنی نیشتەجێبونمان دەکرێت بە ئاسەوار و وێرانە، گەنجەکانمان دەبنە قوربانی و کچەکانمان دەکرێن بە کەنیزەك و سەبایا، دایکانمان عومریان لەگەڵ هەناسە ساردی و فرمێسکەکانیان ژێر گڵ دەنێن، سەدان ساڵە منداڵەکانمان لە خراپترین ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا پەروەردە دەبن، ژێرخانی ئابوری و سەروە مرۆیەکانمان بەتاڵان دەبردرێن، شتێك نییە بە ناوی شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگایە و شتێك نییە بە ناوی کولتور، کەچی هێشتاش دڵمان خۆشەو پێمان وایە کە مرۆڤگەلێکی زۆر سەرکەوتوو ئامانجگیرین. کە چی لە ڕاستیدا

دڕاوترین و تێکشکاوترین ئینسانی سەر ئەو زەمینەین.

هەموو ئەوانە داگیرکەرو ئیمپرزالیزم و فاشیزم و راسیزم و ئەو مەفاهیمە سیاسی و دەستەواژە باوانە بە تەنها بەرپرسیار نین بۆ ئەوەی ئێمە تێکشکانی مرۆیی/ ئەقلی خۆمانیان بخەینە ئەستۆ، بەڵکو فاکتە هەرە سەرەکیەکە بەر لە هەرشتێك نەبوونی پەیمانی یەکانگیریەکی کۆمەڵایەتی و لە بژایی و نا کاریگەربوونی فیکر و ئیدیایەکی مرۆیی؛ کە لە سەر بنەمای ئیرادەو و بەها ڕاستەقینەکانی مرۆڤ ئیندیڤدوالێك بونیاد و پەروەردە بکات.

ئێمە بە هەموو مێژووی سیاسیمانەوە نەمانتوانی وا لە بەرامبەرەکانمان بکەین کە وەك مرۆڤی ژیر و تەندروست بمانبین و هەسوکەوتمان لەگەڵ بکرێت، ئەوە قەدەر نییە و هیچ پەیوەندیشی بە هۆشی نۆچاوانەوە نییە، ئێمە نۆچاوانمان نا؛ بەڵکو زیهن و بیرکردنەوەو تێڕوانینمان هۆشە، لەوانەیە بونەوەری کورد خراپترین جۆری پێکهاتەکانی ئەو کائینەی بەرکەوتبێت کە لە سەر زەوی پێی دەڕێن مرۆڤ.

زۆر ئەستەمە لەو زەمەنەدا کورد بیتو پێتوابێت بەشکی لە مێژووی مرۆڤایەتی، پێتوابێ وەك کۆمەڵگایەکی تەندروست و وەك ژیارێکی وابەستە بە مرۆڤایەتی سەیر دەکرێیت، پێتوابێ وەك کۆلۆنیەکی مەدەرن و و خاوەن شارستانی تەماشا دەکرێیت، پێتوابێ تێ زۆر مەزنی و بوونت لە ناو ئەم هەسارەیەدا زەروورەتە، پێتوابێ تێ بەهاستی شایستەی خەڵاتکردن و ستایشکردنی، پێتوابێت تێ بونەوەرێکی غەریب و ناوازەی و قابیل بە هەموو ئەو جیاوازیانەی وەك هەبژاردەیەکی سەیر/ بیلۆژی.. چ کارەساتێکە ئەو بیرکردنەوەیە، کارەسات نا بەڵکو گەمژەیەکی زۆر مەزن و لە ڕادەبەدەرە چونکە لەوانەیە هیچ مرۆڤێك بارتەقای مرۆڤی کورد هەستی کەمایەتی تیادا نەبێت، هیچ مرۆڤێك بارتەقای مرۆڤی کورد دووڕوو نەبێت، هیچ مرۆڤێك بارتەقای مرۆڤی کورد درۆزن نەبێت، مرۆڤی کورد بە هیچ پێوانەیەکی فیکری و ئیدیلۆژی ناتواندرێت دەستنیشانی پانتایی و توانا ئەقلیەکانی بکەیت، ناتوانیت وەك کەسایەتیەك بیناسیت و بیدۆزیتەوەو فیگورێکی مێتالی و مرۆیی لێدروست بکەیت،لە وانەیە هیچ مرۆڤێك بارتەقای مرۆڤی کورد حەز بە تێکشکانی خۆی و دەستەکانی نەکات، هیچ مرۆڤێك بارتەقای مرۆڤی کورد لەوانەیە خۆپەرست و خۆسەپێن نەبێت، لەوانەیە هیچ کۆمەڵگایەکیش وەك کۆمەڵگای کوردی ئامەدەی تسلیم بوون و خۆبەدەستەوەدان نەبێت، جا بە دڵست یان بە دوژمن، هیچ ئینسانێك وەك ئەو ئینسانە لاواز و هەڵخەڵەتێندراو نییە، لەوانەیە هیچ

بونەوەرێك وەك ئەو بونەوەرەی بە ناوی کوردەوە قەدەر فەیداوەتە سەر زەوەی مەراییکەرو بێ ئاراستە نەبێت.

ئیتر بەو هەموو خەستە نامرۆیانەوە دەمانەوێت ببین بە چی و چیمان لێدروست ببێت؟! دەمانەوێت نمونەی حیزب و دەزگاو دەستەڵاتی کوردی چۆن بێت؟! دەمانەوێت سیاسەتمان چۆن و ستراتیژمان چی بێت؟! دەمانەوێت چی تێبگەین لەو کەونە ئاڵۆزو ناسەقامگیرەی کە هێشتا لە بوونی خۆشمان تێنەگەیشتووین!! ئیتر تێ هەموو ئەو شتە ناوازانەت لە ناوەوەی خۆتدا کۆکردبێتەوە دەتەوێت چی پێشانی دەرەوەت بدەیت؟!
ئێمە دەمانەوێت چی تێبگەین لەو چەمك و سیستەمە سیاسی وئابوریەی کە لەسەر کوشتنی (Agent) سیخوڕێك خەریکە شەی جیهانی سێیەم هەڵگیرسێنێت و لەسەر قۆکردنی ملیۆنان مرۆڤی بێتاوانی تریش خەریکە دونیا لە بیدەنگیدا بخنکێنێت!!..
□□

□امانێك لە مارسدا... جوتیار

دیمەنی ئەو ژنانەی کە لە چەند □□ژی رابردودا لە (هەولێر) لە ناو ئەو ماڵە تاریکەدا وێنەکانیان لە □□گای گرتەیەکەوە خرایە ناو تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان ، ئەوەندە ناخ هەژێنە کە مرۆڤ ناتوانێت پێناسەی ئازارەکەی بکات، مرۆڤ ناتوانێت بڵوا بە وە بهێنت کە ئەو کۆمەڵگایە تا ئەو ئاستە هەموو بەها ئینسانی و م□□ڵیەکانی لە خێ داماڵیبێت و □ووت بوبێتەوە، مەبەستم □وتبووونەوەی جەستەیی نیە، بەڵکو ئەو □وتبووونەوەیەی کە ئیتر هیچ مانایەك بێ مەوجودیەتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئەو □یتوا□ و □□سایانە ناهێ□□تەوە کە شارستانیەتەکان وەك ژەرخانێك بۆکولتوری مرۆڤایەتی بنیادی ناوون.

لە ناو ئەو وێنانەدا من هیچ ژنێکم تیادا نەبینی کە شەوەی لە تاوانبارێك بچێت ، من هیچ یەکێك لەو شەوە □وخسارانەم نەهاتە بەرچاو کە شایەنی ئەوە بێت خێ داپۆشێت و حەشار بدات تاکوو ئێمە نەیبینین و نەیناسینەوە.. ئێمە هەموو ئەوانە دەناسین ، دەزانین ئەوان لە کۆ ژیان دەکەن، هەموویان ناسیاو و نزیکی ئێمەن، ئەوان

کەسە هەرە وابەستەکانی ژیانکن لە ناو ئەو گەلاوژەیەدا کە نایانەوێت لەسەر ژیان و خوێنی خەڵکانی تر بنیادی بنێن، ئەوان کەسانکن کە شەرەفیان لێ دەچێت، چونکە دەیانەوێت نانك بە مانەوەی منداڵەکانیان لە ناو ئەو نا دادپەوریە کۆمەڵایەتی و ئابوریەدا بەدەست بهێنن، ئەوان لەسەر بڕشەرەفکردن و شکاندنی کەرامەتی هیچ کەسکیتر ژیان قبوڵ ناکەن تا وێنەکانیان بۆ بکرێتەوە ، ئەوان لەسەر دزین و بە تاڵانبردنی ماڵی خەڵکو سامانی هەژاران گرەو ناکەن تا وێنەکانیان بۆ بکرێتەوە، ئەوان سیاسەتمەداری بازرگان نین تا بناسرێنەوە ، ئەوان پلەدارو بەرپرپرسی خاوەن بیری نەوت و پارلەمانتاری بە ٤ ملیۆن دینار خانەنشینکراو نین بۆ وێنەکانیان بۆ بکرێتەوە؟!! ئەوان خاوەنی بانك و شوێنی گەشتیاری نین بۆچی خەڵك بیاناسێت؟!! ئەوان بەڕێوەبەری گشتی و فەرماندەی هێزی چەکدار نین و مامەڵەیان بە فرێشتنی خاك و هیچ شارو لادێیەك نەکردووە، لە پێناو چیدا بناسرێنەوە؟! ئەوان تەنها لەپێناو ئەو نانەدا کە دەستەڵاتی مافیا و چەتەکانی سیاسەت لەناو هەموو گۆشەیەکی ئەو وڵاتەدا لێی زەوتکردوون دەیانەوێت لە ناو ئەو ماڵە تاریکەدا بەدەستی بهێنن لە پێناو مانەوەیاندا لەو دنیا سەخیف و نا ئامانەدا.

من پێم وایە کۆمەگایەك بەو جۆرە حەز بە تێکشکاندنی مرۆڤبوونی تاکەکانی بکات پێویستە گومان و هەڵوەستەی لەسەر بکرێت، گومانێك کە تا ئەوپەڕی ڕێچوونمان دەبات لە پەیوەست بە بوون و کردارمان. ئیتر ٨ مارس ئەگەر بۆ گۆڕانەوەی شکۆو و هەگەڵانەوەی ئەو مێژووە نەبێت لە پێناو مرۆڤبوونی ژندا بۆچییە ؟! سیاسیەکان شەرم ناکەن لەسەر تیڤی و لە ناو سۆشیاڵ میدادا بۆ ٨ ی مارس پەخشان دەهێننەوە.. حکومەتی هەرێم دانارزێت کە بەیاننامە لە ٨ی مارسدا بۆ دەکاتەوە لە کاتێکدا ئەو ژوداوەی کە لەسەر دەستی پیاوانی ئاسایشپارێزی ئەو وڵاتەدا ڕویدا بۆ مێژووی ستەمکاری لەسەر ژن هیچی کەمتر نیە لە ژوداوی ٨ مارس .

ئەوە بەر لەوەی قسە لەو بۆنەیەدا بکەن باس بیر لە یاسایەکی ئینسانی بکەنەوە لە پەیوەست بەو هەمەجیەتەی تا ئێستا بەرامبەر بە ژنان و مێژووەکەیانتان کردووە…

لە نێوان مێژووی چە زەیتونەکەی (نوح) و (ئێردوگان)دا ... جوتیار

1
قوربانیدان وەك چەمكێكی كرداری هەمیشە هاوتەریب بووە لە گەڵ مێژووی
كارەساتەكانی مرۆڤ، هەر لە سروشت و فیزیكەوە تا ئیلاهیەت و سیاسەت، بەڵام هیچ یەكێك هاوتای كارەساتە سیاسیەكان كاریگەری نەبووە لە سەر لەناوبردن و بەقوربانیكردنی مرۆڤایەتی، وەرانی ئابوری و مێژووی جەنگ و كوشتارگەكان ، تا ئاستێك تێكچون و نابانسبوونی ژینگەو كارەساتە سروشتیەكانیش هەر پەیوەندی بەو چەمكەوە هەیە؛ سیاسەت یەكێك لە كابوساویترین ئەو دەلالاتانەیە لە یادەوەری ئێمەی مرۆڤدا بە تایبەتی مرۆڤی كورددا كە ناتواندرێت ئاسان لە دیدو زیهنماندا بسڕێتەوە.
2
پێغەمبەر نوح بە پێی گێڕانەوەی چیرۆكەكان بانگەوازی بۆ ڕزگاركردنی زەوی كرد لە دەست پیسیەتی و دڕندەیی مرۆڤ، خودا لە سەر داوای ئەو لە ڕێگای زریان و باوبۆرانەوە زەوی ژێر ئاو خست، بەڵام بێ گێڕانەوەی ژیان لە سەر زەوی داوای لە خودا نەكرد، بەڵكو چە زەیتونێك بوو كە لە دەنوكی كۆترێكەوە كەوتە سەر كەشتیەكەی و بۆای بەوە هێنا كە ئیتر مرۆڤ دەتوانێت جارێكیتر لە سەر زەوی ژیان دەستپێبكاتەوە.
پەیامەكەی حەزرەتی نوح كە ویستی لە ڕێگای چە زەیتونەكەوە بە مرۆڤایەتی بدات بۆ
دووبارە بنیادنانەوەی ژیان و جوانیەكانی بوون، ئەو چیرۆكە دەكرێت وەك بەشێك لە ستاتیكای مێژوو سەیری بكرێت.

3
ئێردوگان گووتی لە قورئاندا ناوی چە زەیتون هاتووە، هەر بۆیەش پەلاماڕەكەی سەر عەفرینی بە ناوی ئەوەوە كرد..! من هیچ تێنەگەیشتم ئەو ئەهریمەنە كە هاوشێوەی مرۆڤ هاتە سەر زەوی وێستی چیمان

پەبەت لە ڕۆگای ئەو چەە زەیتونەوە !؟ تۆ بڕۆی ئەو بیەوێ پەمان بەت کە هاوشەوەی نوح جارێکیتر زەوی لە پیسی پاك دەکاتەوە.
ئەردوگان تۆ نوح نیت.. تۆ جەنگاوەری ئیمانێکی فاشیستی پێ لە حیقدو بەوایەکی پەاوپێ لە نا ئینسانی، کەشتیەکەی تۆ دانەیەك نییە، بەێکو سەدان وهەزاران کەشتی ئاسنینن، بەام نە بێ پەنادان و ڕزگارکردن؛ بەێکو بێ مەرگ و وێرانکردن.. ئەردوگان تۆ پێغەمبەر نیت بەێکو هاوشەوەی سوتانەکانی بەر لە خت خونمژێکی ڕووتی، جانەوەرێکی ئەوەندە ترسناکی کە بەووام وایە ئەگەر لە سەردەمی لافاوەکەی نوحیشدا بوونت هەبوایە ڕۆگەیان نەدەدا پەیەکانت بخەیتە ناو کەشتیەکەوە و پیسی بکەیت.. ئەردوگان تۆ دەتەوت ببیت بە کێ؟ بە عوسمان یان بە حەمید یاخود بە شێخ محمودی گەزنەوی، یا خود بە خەلیفە هیتلەر، یا خود لە کۆتایەکەیدا دێیت و دەڕۆیت کە محەمدی مەهدیت!؟

ئەردوگان تۆ بۆ ئەو جینسایەدەت ناونا چەزەیتون!؟ تۆ بۆ ئەو یادوەریە ئومێدبەخشەی ئینسانت کرد بە چیرۆکێکی خەمبار و ناشیرین.. ناشیرین وەك خت، ناشیرین وەك کاتەکانی سوژدەبردنت بۆ خودا.. ناشیرین وەك ساتی سەینی فرمێسکە دروستکراوەکانت بۆ موسومانەکانی بۆرماو فەەستین..ناشیرین وەك ئەو چرکانەی کە تیایدا بانگ دەبژی و بە چیرۆکەکانی قورئان ختوکەی ئیمانداران دەدەی… ناشیرین وەك ئەو کاتەی کە پەنجەی شادومانەکەت ادەوەشێنی و خەریکە دەیکەیت بە قونی شەیتاندا.. تۆ دەتەوت لە ڕۆگای دەنوکی زرپێشەکانتەوە چی بهێنیتەوە بۆ ناو کەشتیەکانت، دارستانی گۆگرتووی زیتونەکان یاخود گۆستانێك پێ لە لاشەی بە خەوزکراوی منداڵ؟!!
ئەو چیرۆکەی تۆش دەکرت وەك بەشێك لە سەروەری فەتح وغەزوەکان لە مژوودا سەیر بکرت وەك هەموو سەروەریەکانیتر ئەی موجاهیدە خەمخۆر و ماندوەکەی ئیسلام ..

دیموکراسیەت.. بریندێك لە زیهنی

ڕۆژهەڵاتیەکاندا ! … جوتیار

لە ڕۆژهەڵاتی گیردەبودا بە فەرهەنگە (پریمیتیڤ)کان و ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتی و لاهوتیەکان؛ مرۆڤ پێویستی بە دیموکراسیەتکی باڵانسگیر هەیە تا ببێتە بنەما بۆ دروستبوونی تێگەیشتنکی گشتگیر لە چەمکەکانی ئازادی و مافە گشتیەکانی ئینسان، لەودیدگایەوەی کە دیموکراسی کراسێك نییە بیپۆشین، پێویستە لەو کۆمەڵگایەنەدا بارتەقای ئەو بۆچونە شیکردنەوەو ووردکردنەوەمان بۆ ئەو چەمکە گلۆبالە هەبێت کە نەیتوانیوە ئیدئۆلۆژیتێی خۆی وەك چەمکێکی فەلسەفی\ سیاسی بەسەر ئەقلیەت و دیدگای تاکی ڕۆژهەڵاتیدا بگونجێنێت.
بۆ ئەوەی دیموکراسیەت وەك ماتەریاڵ و کاڵا لە لایەن سەرمایەداریەوە بە مارکێتینگ نەکرێت، یاخود بە سەر کۆمەڵگا داخراو و گیرەدەکاندا بازرگانی سیاسی پێوەنەکرێت، پێویستە دەریچەکی ئەقلی فراوانتری بۆ بدۆزرێتەوە تا ڕۆگاکانی تێگەیشتن لەو چەمکە لە پەیوەست بەو کۆمەڵگایانە کراوەتر ببێت.

دیموکراسیەت ئەگەر بە خەسڵەتە ڕاستەقینەکەیخۆی وەك چەمکێکی زیهنی بەرخوردی لەگەڵدا نەکرێت ئەوە ناتواندرێت بکرێتە مامەڵەیەکی پراکتیکی لە دنیای واقیعدا.
قسەکردن لەسەر دیموکراسی لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکاندا تا ئاستی بنبەست تەوەرێکی قورسە، چونکە شتێك نییە بتوانێت لەو شوێنەدا دیموکراسیەت بەرهەم بهێنێت، دیموکراسیەت بەرهەمی ئەقڵکی سیاسی تەندروست و وشیاریەکی کۆمەڵایەتی پگەیشتووە، بەرهەمی تواناو پگەیشتنی سیستەمکی پەروەردەی مەعریفی و ژیرگەرایە، دیموکراسیەت لە مانا کورتکراوەکەیدا یانی بەرخوردکی یەکانگیرو تەندروست لە نێوان دەستەڵاتوو کۆمەڵگادا؛ کەواتە دیموکراسیەت تەنها دەتوانێت بەرهەمی بەیەکەوە مامەڵەکردنی ئەو دوو چەمکە بێت، ئەگەر نا نە دەستەڵات دەتوانێت ببێتە خاوەن پاڵادایمی سیستەمکی سیاسی\ ئابوری سەرکەوتوو نە کۆمەڵگاش دەتوانێت لە فەزایەکی فەراهەمکراوی دیموکراسیدا گوزەرانبکات،(فرانك ڤاڵتەر شتاینمایەر) سیاسەتوان و ڕۆشنبیری ئەلمانی لە وتارکدا باس لەوە دەکات کە (دیموکراسی تەنها گوزارشت نیە لەو شتەی کە خۆت دەیخوازی، بەکو هەندك جار سازشوو باڵانسە).
خەریکە بە هۆی ئەو هەموو مانا پدانەیەوە دیموکراسی ببێت بە خراپترین فۆرمی حوکمڕانی بە دەست مرۆڤەوە، بە دەست ئەو هەموو

دەلالات و هەهندە جیاوازەنەوە، لەو پەی دینگەرا تا ئەوپەری مولحید قسە لەسەر دیموکراسی دەکات و هەر یەکێك دەیەوێت لەدیدگای خۆیەوە پێناسەیەکی جیاوازی پێبدات.

ئەمەی ژاژهەڵاتی کۆشەمان لەگەڵ دیموکراسی تەنها ئەوەیە کە پێمان وایە ئەو چەمکە تەنها دەبێت دەستەبات و ئۆپۆزیسیۆن بەرخوردی لەگەڵدا بکات، پێمان وانییە کە تاك بە تاکی کەمەگا دەتوانێت بەشداربێت لە داشتن و بونیادی ئەو سیستەمەدا؛ خەڵکی کە نەتواندرێت فڕبکرێت بە وەی وەك هاوڵاتیەك ئەرك و مافەکانی بناسێت لە ناو کەمەگادا ئیتر دیموکراسی دەتوانێت لە ناو ئەو هەموو مەدلولاتانەدا چیبکات؟!، دەتوانێت چی کاریگەریەکی هەبێت لە یەکانگیرکردنی پەیوەندیە سیاسی و کەمەایەتیەکاندا، ئەمە تاکو ئێستا تێگەیشتنمان بۆ ئەو چەمکە لە (هەڵبژاردن) تێپەی نەکردووە، ئەویش زۆر بە ناتەندروستی و جیاواز لە هەموو بونیادو یاسا نۆونەتەوەیەکان کە بۆ ئەو پرسەیە دەستنیشان یان فۆرمۆلەکراوە، لەوەشدا نازانین کۆ لە کۆتایەکەیدا بۆیار دەدات (باشەکان) یان(زۆرینەکان)!؟، کۆشە گەورەکەی دیموکراسی لای ئەمە ئەوەیە کە دەبێت زۆرینە لە کۆتایەکەیدا قسە بکات نەوەك ئەقڵکی پگەیشتوو و تەندروست، وشیاری دەتوانێت لێرەدا ژاژ و کاریگەری خۆی بسەپێنێت کاتێك زۆرینەیەکی سیاسی گەمژە دەبێت بە خاوەن ماڵی دەستەبات و لە وڵوە دێت پێناسەی دیموکراسیەتکی مەزاجیمان بۆدەکات، لە کەمەگا ڕژهەڵاتیەکاندا ئەو چەمکە واتە دیموکراسی بە شێوە ئەقلانی و ماتریالیستیەکەی پێناسەی بۆ نەکراوە ئەوەی کە هەیە لە بیرکردنەوەی تاکی ژاژهەڵاتیدا تەنها (دیموکراسیەتی زۆرینە)یە کە ئەوەش ناتوانێت تێسقاڵێك ئەو چەمکە وەك خۆی ببینێت و بیناسێنێت، زۆر جارخواستی زۆرینە ئەگەر هەگری تێزو ئاوەزکی سیاسی کامڵ نەبێت دەتوانێت ژاژهکارەکانی دیموکراسی بەو ئاراستانەدا ببات کە بیرکردنەوەی خۆی دەیخوازێت نەوەك و کەمەگاو بنەماکانی سیستەمکی تەندروستی سیاسی، هەروەك و ئەوەی نمونەمان زۆرە لە مژووی سیاسی کەمەگاکاندا.

ئەمەی ژاژهەڵاتی کە نەتوانین ماچی ئازادانەی کچ و کوڕێك لە سەرشەقام قبوڵ بکەین، کە نەتوانین دەستگرتنی دوو گەنج لە ناو باخەکاندا بە ئاسایی وەربگرین ئیتر بۆ ئەوەندە درزنانە ژاژماتیسیەت لەگەڵ دیموکراسیدا دەکەین، چۆن دەکرێت لە ژێر سێبەری ئەو هەموو قەهرو پەنگخواردویەدا کە بە درژایی مژوو تیایدا دەژین ئێستا بژێین ئەمە دەمانەوێت دیموکراسی بین!!، ڕاستیەکەی

دیموکراسیەت ناتوانێت ببێتە سارێژی هەموو ئەو بریندە هەلاهەلایانەی ناو دەروون و وجدانیمان، دیموکراسیەت ناتوانێت کەلاوە وێرانەکانی ناو زیهن و ئەقڵمان بنیاد بنێتەوە ئەوەی کە بە درێژایی بوونمان لێمان دەوخێندرێن .
ئیتر وا باشترە سەرمایەداری ئەو چەمکە لە بازارەکانی خۆیدا بکۆشتەوە و لە بەرامبەردا قەرەبوی قوربانیەکانی کاڵای دیموکراسی بکاتەوە کە بۆ ئازادی مرۆڤ لە بەرامبەر گەلانی دژهەژاتدا جەنگێکی وێرانکەر و بێئامانی بەرپاکردووە .

دیموکراسیەتێك بە هەوای ئیمام جوتیار ... !!

ئەوەی کە مرۆڤ ناتوانێت بڕوای پێبکات ئەو چیرۆکە خەمبارەیە کە ئەمریکا و دژئاوایەکان لە دوای ڕوخانی دەسەتەاتی سەدامەوە بە ناوی دیموکراسی و ئازادی تەوژمە نوێکانی بنیادنانەوەی سیاسی بە کۆمەگای عێراقیان هێنا؛ ئەو چیرۆکە کەمێك بە چیرۆکە خەیاڵیەکەی (ساندەرڵا) دەچێت کاتێك ژنە دەوڵەمەندەکە دەیەویست پڕاوەکەی (ساندەرڵا) بە زەری زەرداری بە پێی کچەکەی خۆیدا بکات و بە شازادە بیسەلێنێت کە کچەکەی ئەو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو پڕاوە سیحریەیە.. دیموکراسیەتیش بۆ کۆمەگای ئێراقی لە سایەی ئەو حوکمە هەزەلیەدا لە ئەقلی پاکتاوکراوی سیاسی و کۆمەاڵیەتی ئێستای کۆمەگای عێراقیدا لە وانەیە بۆ ئەمریکیەکان و خودی خۆکی عێراقیش لە خەونێك بچێت تا ئەوەی لە ئەلتەرناتیڤکی واقیع و جێگیر، کۆشە گەورەکە بۆ خۆکی عێراق لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بە درێژایی هەبوونیان لەسەر ئەو بەشە جیۆگرافیایەی زەویدا هیچ کات وەکوو ئێستا غەرقی ئەو وێرانیە کۆمەاڵیەتی و جەهلە سیاسییە نەبونەتەوە؛ من پێم وایە ئەو کۆمەگایە لە ئێستادا لە سایەی ئەو کەشە سیۆکراسی و ناچارکراوە بە سونەت و دەلالاتە مەزهەبیەکان خراپترین و تاریکترین دژەکانی مێژوو و بوونی خۆی تێدەپەڕێنێت و بە بەرچاوی هەموو دنیاوە لە ژێر سێبەری یاسا مرۆیی و نێونەتەوەیەکانەوە لاقە دەکرێت.

ئەو هەوشە دراماتیکییە و ناسەقامگیرەی سەپندراوە بەسەر خەڵکی عێراق دا لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ووڵاتانی ئاوەدە بە نەوتی هەش؛ دیدگایەکی بێ ئەوە نەهێشتەوە کە مرۆڤ بتوانێت لێیەوە لە نزیکەوە دادا چاوەڕوانی هیوایەك بێت، ئەوەی کە ئێستا بە ناوی دیموکراسیەتی ڕۆژئاوا لە هەناوی دەستەڵاتی سیاسی ئێراقیدا خۆی دەنوێنێت پڕسیارە ئەو لە گەمەکردنکی نایەکانگیری سیاسی ناهەوا زیاتر مەدلولاتکی تری نییە.

ئایدیکالیزمی ئیسلامی گەیشتە ئاستێك خەریکە هەموو لە بوون و ناسنامەی مرۆڤبوونی خەڵکی عراق دەکات، خەریکە دەستکەوتە جوان و پێ بەهاکانی شارستانیەتی ئەو کۆمەڵگایە لە بنەڕەتدا دەسڕێتەوە، ڕۆژك بە ناوی خوداو ڕۆژك بە ناوی پێغەمبەر؛ ڕۆژك بە ناوی محمدو ڕۆژك بە ناوی علی، ڕۆژك بەغدادی و ڕۆژك سیستانی، تازەترینیشیان یاساو بنەماکانی جەعفری کە لە ئێگایەوە ئەوەندەیتر ژن دەخرێتە ناو بازنەی دەستدرێژیە بە یاساکراوەکان و ئەوەندەیتر سوك و هەزیل دەکرێت ، کە لە فەرزکردنی واقیعێکی لەو جۆرەدا لە لایەن نوێنەرانی حەوزەو حوسەینیەکانەوە لە ناو پەرلەمانی ئێراقدا ئیتر هیچ کەسك لە تەماشاکارك زیاتر ناتوانێت دەورکیتر ببینێت و با هیچ ژنکیش لەوە زیاتر تێنەگات کە ئیسلام لەو یاسایە زیاتر شتکیتر نییە بێ ئەو.

یاساکانی خوداو پێغەمبەری ئیسلام (قورئان و شریعە) لە ژێمە ئیسلامیەکاندا یاسای جێگیرن، ئێمە کاتك دەڵین قورئان و شریعە واتا کەلامی خودا، کەواتە ئیتر ئەوە بڕاوەتەوە کە تێ بیر لە گۆڕین و هەموارکردنی بکەیتەوە، کەلامی خودا ناتواندرێت دەستکاری بکرێت چونکە ئەوان لە سیستەمدا دەبن بە یاسا ، بنەماکانی قورئان ناتواندرێن بگۆڕدرێن و بەسەردەم بکرێن چونکە ئەوان دەبن بە بنەمای پەیوەندیەکانی کۆمەڵگا بە تایبەتیش لە ژێر سایەی سیستەمی فیقهی ئیسلامی و شیعەگەرادا ، ئەوەی باس لە ئیفڕم و ئینتگراسیۆنی ئیسلام و سەوابتەکانی بکات لەگەڵ سەردەم و ژیانی مۆدێرن ئەوە درێیەکی زۆرگەورە لەگەڵ بەها ئینسانیەکان دەکات، دەستەڵاتك چۆن دەتوانێت بەو هەموو یاسا ڕەهاو بێوباوەڕو ئیدلۆژیا شمولیەوە کە دەیەوێت تێکەڵ بە سەرتاپای ژیانی ئینسان ببێت لە گەڵ بنەما دیموکراسیەکانی لیبڕالیزمی ڕۆژئاوایی هاوتەریب بکرێت و بگونجێندرێت ؛ مەگەر مۆدێلکی لەو جۆرەی دیموکراسی تەنها لە ستراتیژ و سەوابتەکانی دنیای سەرمایەداری و سیاسەتی پێناگاندا جێکەوتە ببن.

ئەوەی کە لە ئێستادا جێگای تێڕامان و ئیست لەسەرکردنە؛ ئایا تەوژمی چەپ و ئازادیخوازی لەو کەمەگایەدا دەتوانێت چی بکات؟! دەتوانێت ئیرادەی ئەلتەرناتیڤکی ڕاستەقینەو ئینسانی بکاتە ڕۆژەڤ ، ئایا ئەوە بەراستی بێ چەپ و ئازادیخوازەکانی ئەو کەمەگایە تاکو ئێستا بۆتە ئەو پرسیارە واقیعی و ڕیشەیەیەی کە لە نێوان سەرکەوتن و دۆڕانکی سیاسی درژخایەندا دەتوانن چی هەبژێرن؟! ، من ئەو پرسیارە جێ دەهێڵم بۆ ئەو مەودایەی کە شانسێك بۆ گشت لایەك دەخوڕقێنێت تا ئیرادەی خۆی تێدا تاقیبکاتەوە بەر لە ڕودانی ئەو ئاوگۆڕە ترسناکەی کە هیچ کەسێك نازانێ کێ تیایدا بە دۆڕاو و کێ تیایدا بە براوە دێتە دەرەوە.

میدیایەکی سەیرە گوڕم...!!! ... جوتیار

بەچونێك هەیە پێی وایە کە نەوەی پێش دەیەی نەوەدەکان دەبوایە خۆی لە گەڵ میدیاو هەژموونەکەیدا بگونجاندبایە، بەڵام لە زەمەنی ئێستاماندا هێڵك پێچەوانەکەی ڕاستە؛ پێویستە میدیا خۆی لەگەڵ هەژموونی گۆڕانکاریەکانی (IT) هونەری زانیاری و نەوەی نوێدا بگونجێنێت ، هەرچەندە لە کوردستاندا ئاستی پێگەیشتنی ئاراستەی میدیایی و فەزای سەربەخۆبوون و گەشەکردنی؛ پەیوەستە بە خۆ دابڕاندن لە هێڵە سیاسیەکان و ئاراستەی دەستەڵاتی باو ، بەڵام ئەوەی کە میدیا و ڕۆشنبیری کوردی ناتوانێت لێی دەرباز بێت ئەو ئاستە دژگماو بەجۆماوەیە کە لە پانتایی هێڵەکانی ئیدۆلۆژیا و کاریگەری ئەودیو تێوانینە سیاسیەکاندا جێدەگرێت، ئەو بونیادەی کە ڕۆژ دەدات بە میدیا و ڕۆشنبیر بۆ ئەوەی ببێت بە ئالیەتی دروستکەری ڕایگشتی و باوەڕکراو لە ناو کەمەگادا تەنها پرۆفیشناڵبوون لە ڕوی تەکنیکەوە نییە یاخود گووتار نوسین و قسەکردن نییە، بەکو خۆ ساخکردنەوەو دەربازبوونە لەناو هەموو ئەو پارادۆکسیزمە ئاڵۆزە (پۆلیسیاڵ)ەدا

1. ئەو ڕەوشە سیاسی و لەناکاوەی کوردستانی باشور لە دوای 16.10 وە دەرخەری ناواخنی ڕاستەقینەی تێگەیشتن و توانای ئەقلی

میدیاکارو ڕۆشنبیرانە کە نەیانتوانی تێگەیشتنیان بێ ئەو قەیرانە سەرتاپاگیرە کە کۆمەڵگای کوردستان ڕووبەڕوی بۆتەوە بسەلمێنن، بە پێچەوانەوە ڕۆشنبیران و میدیاکاران بە دیاریکراوی دوای ئەو پێشهاتە ئاڕاستەزە وەك هەر تاکێکی تۆەو بێزار لە ناکامبوونی ئەو قۆناخە؛ هاتنە ناو ڕۆژنامەو بەردەم مایکەکان و ناو تۆڕەکانی سۆشیالمیدیا بێ خۆ خاڵیکردنەوەو دامرکانەوەی ڕقە هەڵاوساو و پەنگخواردوەکەیان بەرامبەر نەیارە سیاسی و ڕکبەرەکانیان و خراپترین جۆری خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنیان بێ دڵخەکە هەبوو، کە بە ڕای من کاریگەریەکی زۆر نێگاتیڤیان خستە سەر قەیرانەکە و تا ئاستی داخستن و بێهەناسەییان برد ، من ناچمە سەر ئەوەی کە بەشێکی ڕۆژنامەو کەناڵ و پەیجە ئینتەرنێتیەکان تا ژۆرزەوی توشی هەرەس و داڕمانی دەروونی هاتن و لە بێ پلانی و بێ ڕەهەندی خۆیاندا بوون بە بەشێك لەو ململانێیە تازەیە کە لە هەناوی شکست و خیانەتێکی سیاسی کوشندەدا لە دایك بوو و وەکوو هەر قۆناخێکی تری تێکشکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی فەرزکرا بەسەر کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستاندا .

ئەرکی ڕۆشنبیر یاخود میدیای ئازاد دەبێت بەر لەهەر شتێك ئەرکێکی ویژدانی و ڕاستگۆیانە بێت؛ هەڵگری پەیام و ڕەهەندێکی ڕۆشنبێت کە ئەویش بونیادنانی ئیرادەو دروستکردنی ووشیاری سیاسی و ڕووبەڕوبونەوەی دەستەڵاتی ستەمکار و گەندەڵ ؛ هەروەها خوێندنەوەو هەڵسەنگاندن بێ ڕەوشە ئاوارتەو قەیراناویەکان بەبێ مەیلگەرایی سیاسی نەوەکوو ئەوەی کە دەیبینین قوڵکردنەوەو شڕواندن و بە هەستیاریکردنی پەیوەندیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان چینە جیاوازەکاندا ، میدیاکانی لای ئێمە تا ئەو ئاستە سەرلشێواو و بێ ئامانجن کە ئامادەن بێ گەرمکردنی بازاڕی بەناو پڕۆفێشینالبوون و بەناو سەربەخۆبونیان دەستی هەموو کەسێك بگرن، پەنا بێ هەر جیهەتێك ببەن کە لە بەرامبەر دژەکەیدا خیتابی حەماسی و هەجوی ئیستیفزازکەر بدات.

ئەگەر تەماشای فەلسەفەی جەدەلیەتی میدیای کوردی بکەیت زۆر ئاسان دەبینی چەندە بێ بونیادو بێ مەعریفەی ململانێ باکانی کولتورین ؛چەندە هەموارن بە عەقلیەتی یەکترشکاندن و ڕکاوڕێك نمونەیەکی ڕاستەقینەی بزوتنەوە سیاسیەکەی ناسیۆنالیزمی کوردین.
لەو ڕەوشە بۆئامانە سیاسیەدا بەشێکیان باسی پلانە نوودەوڵەتی و هەرێمایەتیەکان دەکەن کە چۆن دیسان کورد خەنجەری خیانەتی لێدرا ودەیانەوێت پاکانەو ئەستۆپاکی بێ بزوتنەوەی کوردایەتی بکەن ؛

بەشکیشی وەك ئەوەی هیچ ئاوگۆڕك نەبوبێت و ڕوینەدابێت بەمان باسی هاوردەکردنی خەیارو تەماتەی ئینجانەسی دەکەن؛ باسی بەرهەمی ماسی و سودەکانی دەکەن؛ یاخود باسی ڕێنالدۆ و یاریەکانی بەرشەلۆنا؛ ئاخر ئەوە چ پەرتبووون و چ وڕانەیەکە کە میدیاو ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانی کوردستان تیایدا گوزەر دەکەن؛ میدیا و ڕۆشنبیران ئەوەی کە ناتوانن درکی پێبکەن تەنها حەقیقەتەو هیچیتر؛ تەنها خوێندنەوەیەکی دروستوو لەژیکیانەیە بۆ ڕوداوەکان؛ ئەرکی هەستکردن بە حەقیقەت تەنها لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە مرۆڤ قسە بکات، بەڵکو دەبێت مرۆڤ ڕاستیەکان بە قسە بێنێ ؛ قسەی نوسەرێکی ئەمانی هەیە دەڵێت(هەندێك کەس خۆر تەنها لەو کاتەدا دەبینن کە لە ژێر سێبەرێکدا دادەنیشن و پشووودەدەن) ئەوە ئەو وێنە ڕاستەقینەیە کە کوردستان نیشانمان دەدات لەسەر دەستی پلاتفۆرم و پارادایمە شکاوەکەی میدیای کوردی ؛ ئەو وێنەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕاحیەت و دیدگای میدیایی لە کوردستان پێیەتی لە دەمارگیری سیاسی و دەرنەچوون لە لۆکاڵیزمی حیزبی و ئیرادەیەك کە ناتوانێت بگات بە سێبەری قەیدە جیهانیەکانیش نەوەکوو ئەوەی بتوانێت تێیانبپەڕێنێت.

2 . سێشیال میدیاش کە دەتوانم وەکو گروپی هەرشبەری میدیایی لە کەمپەگای کوردستاندا پناسەی بکەم، لە ئێستادا دەتوانین بڵێین یەکێك لە کاریگەرترین و خۆراترین هێکارە خاسەپێنەکانی تەکنەلۆژیای میدیاییە بە سەر زیهنیەتی تاك و تا ئاستێك کێ گشتی خەڵکدا؛ خەریکە بە شێوەیەك لە شێوەکان چێگایەك بۆ میدیا بیستراو و بیندراوەکان لەو پانتایەدا ناهێڵێتەوە، بەڵام ئەویش بە شێوە هەرە سکانداڵ و شواوەکەی لە ناو ئەو فەزا ئانارخیست و ناجێگیرەی کە حیزب و سیاسی و ڕۆشنبیرەکان خوڵقاندویانە .

کراوەیی و بەرفراوانی ئەو تەڕە جاڵجاڵوکەیانە تا ئاستێك وای لە خەڵك کردوە پێویستیان بە میدیا ئاراستەکراوەکان کەمتر ببێت و وەك سەرچاوەی سەرەکی زانیاریش پشت ببەستن پێی ئەویش بە هۆکاری ئەوەی کە خۆراو بەردەست و فراوان و کراوەترە ،
هەرچەندە ئەو بەشەش لە میدیا بە شوەیەکی گشتی وای لە مرۆڤ کردوە بە بەهانەی ئازادی و کراوەیی سنورەکەی خێی گۆشەگیرو زیندانیبکات، وای کردوە کە مرۆڤ هەست بکات لە نێو پەیوەندیەکی بەرفراوان و بە هێزی کەمپایەتی و کولتوری دایە کەچی لە ڕاستیدا تەنهایەو لە ناو فەزایەکی دابراو و دەستبەسەرکراودایە، ئەو تەوژمە کە نەیتوانی بەشێك لە مرۆڤەکان بە شێوە ڕاستەقینەکەی لەگەڵ خۆیدا ڕابێنێت؛ بە

قورسایی خۆی و بە هەژمونێکی شارەوە توانی مرۆڤ لە گروپە کۆمەڵایەتیە وابەستەکانەوە بگەیەنێت بە تاکێکی خودگەرایی(indivdual) کە کوشندە بە بۆ ئەوەی خۆندنەوەیەکی دروست و تەندروستی بۆ ئەو ئامرازەی تەکنەلۆژیا هەبێت ، کۆمەڵگای ئەمەش بەشێکی هەرە ناوازەی ئەو پارادۆکسیەتەیە لە تێکنەلۆژیای میدیایی کە لەژێر هەژمونی سیستەمی بە جیهانیکردن ووبەوی کراوەتەوە، بەڵام بە ستایلە هەرە خراپەکەی و بە لیبڕاڵیزمێکی پاشقەڵ و دڕنکیشتانە؛ کە بە کەمترین تێچوو لە ڕێگایەوە دەستی بەسەر سەرتاپای بیرکردنەوەو ئاکتیڤیتێتی تاکەکانیدا گرتووە.

لەو ڕۆژگارەدا مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بوونی کۆیلەیەك پێناسە بکات پێویستی بەوە نییە خاوەندارێتیە بیرۆکراتی و جەستەیەکەی ببینێت ؛ بۆ ناسینەوەی کۆیلەیەك لە ئێستادا پێویستیمان بەوە نیە بگەڕێنەوە بۆ یادەوەری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی سیستەم و قۆناخی کۆیلایەتی ، چونکە لە ئێستادا سەرمایەداری سیستەم و تێکنەلۆژیایەکی پەیوەندی وەها گیرۆدەی بۆ بەرهەم هێناوین کە هەموومان لە ژێر کاریگەریەکەیدا بووین بە پێشکەووتوترین و گوڕایەترین کۆیلە تا ئەو ئاستەی هەست بە بوونی کەسوکارو هاوڕێکانیشمان نەکەین لە دەورمان و دنیای واقیعدا.

مژوو شتێکی زۆر مەزنە ئەگەر تەنها ڕاستی بێت..* … جوتیار

ڕایەکی کورت…

بە شێوەیەکی گشتی باسی مژوو باسێکی هەمیشەیی و نەپچڕاوی نێوان مرۆڤ و ڕابردوەکەیەتی یاخود بڕچونێکی دروست لە سەر مژوو کە هەبێت تەنها مژوو خۆیەتی، چونکە ئەو لەکردارەدا نییە.

دەکرێت هەرکەس پێناسەیەکی جیاوز بدات بە مژوو، هەرکەسەو لە تێگەیشتنی خۆیەوە بۆ بونیادی (بوون)، یاخود لەسەر بونیادی پاشخانە فەرهەنگی و سیاسیەکانی ئینسان، بەڵام هەموو ئەوانەش تەنها بەشێکن لە ئەبستارکتیزمی زیهنیەتی مرۆڤ، مەبەستم ئەوەیە

بەم ئەمەی مرۆڤ هەمیشە لە بەهودەیدا مژوو دروست دەکەین، دەمانەوێت خۆمان ببین بە کردار، بۆیە پەنا دەبەینەوە بەر ئەو فاکتانەی کە ئێستامان بۆ بسەلمێنێت.. ئێستامان نیشان بدات، من پێم وایە مرۆڤ بەدوا یادەوەریەکانی خۆیدا سەرگەردان نییە ، بەڵکو مرۆڤ سەرگەردانی ئەوەیە کە نازانێت ئێستای چییە .. خۆ ئەگەر مەاڵیترین بڕچونیش لەسەر مژوو بێوا پێبکەین ئەوە لەوە زیاتر نییە کە پێی وایە شەی چینە جیاوازە کۆمەاڵیەتیەکانە بۆ بەدەستهێنانی شکۆمەندی لە بەرامبەر یەکتریدا.

خراپترین جۆری مژژوو ئەوەیە کە هەمیشە دوبارە ببێتەوە، بۆ ؟ چونکە ئەو جۆرە دەرهاویشتەی خەڵەڵە فیکری و ئەقلیەکانە، ئەمە قسەی من نییە بەڵکو (جۆرج لۆکاش) وا پێناسەی کردووە؛ ئەو جۆرە لە مژژو هەمیشە گیردەی جۆەیەکی لە دەست دەرچووی دەرەوەی کاریگەری ئەقڵە کە ناتوانێت لە ناو بازنەی خانە جۆگیرو بە سیستەمکراوەکانی زیهندا پێناسەو شێوەیەك بە خۆی بدات؛ ئەگەر بمانەوێت باشتر لەو شیکردنەوەیەۆ تێبگەین پێویستمان بەوەیە پزیشکێك بهێنین و باس و ئەنالیزە لەسەر خانە شڕپەنجەیەکانی لەشی مرۆڤ بکات؛ تاکو لە ێیەوە بزانین خانە شڕپەنجەیەکان کاتێك لە ژڕ کاریگەری ئەنزیمەیی دەردەچن چی ڕێك دەگێن لە ناو جەستەی کەسکی بارگاوی بەو ئافاتە.

هەر لە زادەی ئەو ۆئیایەوە پێویستە بەر لەوەی بگەڕینەوە بۆ ەگە سەسیەڵژیەکانی کۆمەگای کوردی بە واتا مژوویەکەی پێویستە بگەێینەوە بۆ پێکهاتەی جەستەیی(anatomic)ی سیاسی مژژووی بزوتنەوەی کوردایەتی و ەهەندو ئیدەڵژیا نەخۆش و تکشکاوەکەی؛ ئەوسا بە باشترین شێوە ئەو جەستە و ئەقڵە هەلا هەلایە دەبینی کە بە درۆژایی سەدان ساۆ وڕانترین و بۆ ئیرادەترین بونەوەری کۆمەایەتی بەرهەم دەهێنێت بە سیاسی و ێشنبیرو تاجیر و سەرکردە و جەنگاوەرتەوە.
ئەمە دەبۆ ئێستا باش ئەوە درك بکەین کە هەخەەتاوترین کۆمەگای ناو ئەو تێزەین کە پێی دەێن مژوو..

* تێستێی